WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (376) دووشەممە 2015/9/21 30ی گەلاوێژی 2715 (750) دینار

58 ملیۆن دیناری تێچووە

## کتێبی بیرکاریی یەکی بنەڕەتی بۆ پۆلی سێ چاپکراوە

**ڕووداو- هەولێر**

گەورەترین "هەڵە" لە پەرتووکەکانی پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتی ڕوویداوە و وەزیری پەروەردەش دەڵێت "دەستمان بە لێکۆڵینەوە کردووە و توندترین ئیجرائات دەگرینەبەر بەرامبەر ئەو کەسەی هەڵەکەی کردووە".

بەهۆی هەڵەیەکەوە لەکاتی چاپ، پەرتووکی بیرکاریی هەردوو پۆلی یەکەم و سێیەمی بنەڕەتی تەنیا لە بەرگدا جیاوازن و ناوەڕۆکەکەیان هەمان شتە. ئەوەش لەکاتێکدایە کە پەرتووکەکە بەسەر قوتابییاندا دابەش کراوە.

ئەو پەرتووکە 110 هەزار دانەی لێ چاپکراوە و تێچووی هەر دانەیەکیش 529 دینار بووە کە کۆی تێچووەکەی دەکاتە 58 ملیۆن دینار.

سەبارەت بەوەی کێ بەرپرسە لە ڕوودانی ئەو هەڵەیە؟ وەزیری پەروەردە بە (ڕووداو)ی گوت "لێژنەی لێکۆڵینەوەمان پێکهێناوە. لێژنەکەم ئاگادار کردووەتەوە توندترین ئیجرائات بگرنەبەر بەرامبەر ئەو کەسەی هەڵەکەی کردووە، تەنانەت ئەگەر پێویست کرا دووریشی دەخەینەوە".

« 3



لێژنە لەسەر بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیری شەهیدان پێکدەهێنرێ

2

شڤان پەروەر:

متمانەم بە پرۆسەی چارەسەری نەماوە

5

هەدەپە چاوی لە 110 کورسییە

6

ڕۆژانە نزیکەی 20 هەزار بەرمیل نەوت دەفرۆشێ

# پەیەدە مانگانە 10 ملیۆن دۆلار داهاتی نەوتی لەڕێی هەرێمی کوردستانەوە دەستدەکەوێ

« 3





قاچاخچییەکان تاوانبارن یان فریادڕەس؟

17

دوو ئاوارەی ئەڤیندار خۆیان دەکوژن

14



40 هەزار ئاژەڵ دەکرێنە قوربانی

8

رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (376) دووشەممە 2015/9/21

## لە هەولێر 9 سەنتەری مەساج دادەخرێن




**رووداو- هەولێر**

بەپێی راگەیێندراوێکی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەشاری هەولێر 9 شوێنی مەساجکردن داخراون. لە راگەیەندراوەکەی وەزارەتدا هاتووە ئەو شوێنانە بەهۆی پابەندنەبوونیان بە رێنماییە تەندروستییەکان داخراون. راگەیەندراوەکە دەڵێت تەنیا هوتێلە چوار ئەستێرە و پێنج ئەستێرەکان بۆیان هەیە شوێنی مەساجیان هەبێت لەژێر چاودێری توندوتۆڵی تەندروستیدا. لە راپۆرتێکی رووداو سەبارەت بە بەربڵاویی هەوکردنی جگەر، نێوەندەکانی مەساجکردن بە هۆکارێکی گواستنەوەی ئەو نەخۆشییە دانرابوو.

# لێژنە لەسەر بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیری شەهیدان پێکدەهێنرێ





**ساڵح قادر**
**رووداو- هەولێر**

دوای لێکۆڵینەوە لـە بڕوانامەی بەڕێوەبەری نووسـینگەی وەزیـری کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفالکراوانـی کوردسـتان، دەردەکەوێـت ئەو بڕوانامەیـەی پێـی دامەزراوە، لە دۆسـیەکەیدا نییە. بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی وەزارەتیش داوا دەکات لە پۆستەکەی لابدرێ.

(ه.ه.ع) کە بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیری کاروباری شـەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتانە، بە بڕوانامـەی ئامادەیی پیشەسـازی، بـە فەرمانـی وزاریـی وەزارەتی تەندروستی، ژمارە 4880 لە رۆژی 2006/8/30 دامـەزراوە و دواتر راژەکەی گواسـتراوەتەوە بۆ سـەر میلاکی وەزارەتی شـەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان.

### چۆن ئاشکرا بوو؟

دەسـتەی نەزاهـەی هەرێمـی کوردسـتان داوای لـە سـەرجەم وەزارەتـەکان کـردووە کە پێداچوونەوە بە راسـتی و دروسـتیی دۆسیەی فەرمانبەرەکانیاندا بکەن، لە کاتی پێداچوونەوە بە دۆسیەی فەرمانبەرانی وەزارەت دەرکەوتووە (ه.ه.ع) ئـەو بڕوانامەیـەی نییـە کـە پێـی دامەزراوە و مووچە بنەڕەتیەکەی لەسەر بنەمای ئەو بڕوانامەیە دانراوە.

وەزارەتـی شـەهیدان بە نووسـراوی 2799 لـە رۆژی 2015/7/7 لێژنەیەکـی پێکهێنـاوە بـۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسـیەی ئـەو فەرمانبەرە. لێژنەکە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا گەیشتووەتە ئەو خاڵانە.

1- دوای پێداچوونـەوە بە دۆسـیەکە، ئەو بڕوانامەیە لە دۆسـیەکەیدا نەبـوو، وەکو لێژنە داوامـان لێکرد بڕوانامەکـەی بهێنێ، بەڵام ئەو گوتی "ئەو بڕوانامەیەم نییە".

2- ئەو فەرمانبەرە لەسەر بنەمای بڕوانامەی ئامادەیـی پیشەسـازی (کـە نیەتـی) مووچە بنەڕەتییەکەی دیاری کراوە و سەر مووچە و پلە بەرزکردنەوە و پێشخستن و هەژمارکردنی راژەی لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کراوە.

3- فۆرمـی داواکـراوی دەسـتەی نەزاهـە لـە هەرێمی کوردسـتان لـە بەشـی میلاکاتی وەزارەتمـان پڕکراوەتـەوە و ئامـاژە بـەوە کـراوە، بڕوانامـەی ناوبراو کە پێـی دامەزراوە لـە دۆسـیەکەیدا نییـە، بـەڵام کاتێک بەشـی میلاکات بەرزی کردووەتەوە بۆ جەنابی وەزیر بە مەبەستی واژووکردنی نووسراو و ئاراستەکردنی بۆ دەستەی نەزاهە، لەدوای واژووکردنی نووسراو لە لایەن بەڕێزیانەوە، فۆرمی هاوپێچ دەستکاری کراوە و ئاماژە بەوە دراوە کە ناوبراو بڕوانامەی ئامادەیی هەیە.

4- لەبـەر رۆشـنایی ئـەو روونکردنەوانەی سـەرەوە و بوونی بەڵگەی یاسـایی، پێشـنیاز دەکەین کە رێکاری یاسایی بەرامبەر فەرمانبەر (ه.ه.ع) بگیرێتەبەر.

دوای راپۆرتی لێژنە، وەزیری شەهیدان داوای لە بەشی کاروباری یاسایی وەزارەت کردووە رای خۆیان لەسەر راپۆرتی لێژنەکە بدەن.

بەشـی یاسـایی رای خۆیان بە نووسـراو بۆ وەزیر بەرزکردووەتەوە و دەڵێن "پێویسـتە ئەو فەرمانبـەرە لە پۆسـتەکەی لابدرێـت، چونکە بەپێی یاسـای وەزارەتی کاروباری شـەهیدان و ئەنفالکراوان، ماددەی سـێیەم، بڕگەی سـێیەم ئـەو فەرمانبەرەی سـەرۆکایەتی نووسـینگەی وەزیر دەکات، دەبێت بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت، بەڵام ئەو فەرمانبەرە خۆی دانی بەوەدا ناوە کـە بڕوانامـەی ئامادەیی پیشەسازیشـی نییە".

هەروەها بەشـی کاروباری یاسـایی وەزارەت دەڵێت "پێویسـتە هەموو پلە و مەرتەبە و ئەو دەرماڵانـەی وەریگرتووە، لێـی وەربگیرێتەوە. ئەگەر پێویستیشـی کرد بـۆ لێکۆڵینەوە، ئەوا دەکرێـت بـۆ ماوەیەک کـە لـە 60 رۆژ کەمتر نەبێـت، دەسـتی پـێ لـەکار بکێشـرێتەوە". هەروەها دەڵێت "پێویسـتە لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەموو فەرمانبەرانی پەیوەندیدار لە کارگێڕی و خۆیەتی بکرێ".

(ه.ه.ع) لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) پشتڕاستی کردەوە کە کێشە لە دۆسیەکەیدا هەیە و گوتی "ئەوە راسـت نییە کە مـن بڕوانامەم نییە، من بڕوانامـەی ئامادەیی وێژەییم هەیە، کاتی خۆی هەڵەیەک روویداوە، لە جیاتی ئامادەیی وێژەیی، نووسراوە ئامادەیی پیشەسازی".

# بەڕێوەبەری گومرگێکی کوردستان لێژنەی لەسەر پێکدەهێنرێ

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

لەسـەر یاداشـتی ئەندامێکـی ئەنجوومەنـی پارێزگای سـلێمانی، لیژنەیەک بـۆ بەدواداچوون لەسـەر چەنـد کارێکـی بەڕێوەبـەری گومرگی گەرمیـان پێکهێنـراوە و ئـەو بەڕێوەبـەرەش زانیارییـەکان رەتدەکاتەوە و دەڵێت "سـەرجەم کارەکانمان یاساییین".

ئـەو لیژنەیـەی لەلایـەن ئەنجوومەنـی پارێـزگاوە پێکهێنراوە، سـەباح شـەهید فەتاح سەرۆکایەتی دەکات و لە 2015/8/10 سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی گەرمیانیان کردووە.

سەباح شەهید فەتاح بە (رووداو)ی راگەیاند، یاداشتەکە چەند خاڵێکی لەخۆگرتووە، یەکێکیان ئەوەیە لە ساڵانی 2009 تا 2012، بڕی 917 ملیۆن دینار کە بە ئەماناتی سندوقی ئیدخال ناودەبرێ، پاداشتی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیەکەیە، بەڵام پێیان نەدراوە لە کاتێکدا لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیکە خەرجکراوە.

بەڵام حوسێن ئەحمەد، بەڕێوەبەری گومرگی گەرمیـان رەتیکـردەوە و گوتی "ئەو پاداشـتە بەرکەوتـەی کارمەندان بووە و لە 2013/8/27دا خەرجکراوە و هیچ گرفتێکی تێدا نییە".

یەکێکی دیکە لەو تۆمەتانەی لە یاداشتەکەدا هاتووە و وەک سـەباح شەهید فەتاح باسیکرد، خورما لەو مەرزەوە هاوردە کراوە کە لە پشکنین دەرنەچووە، بەڵام رێگە بە هاتنە ناوەوەی دراوە.

حوسـێن ئەحمەد دەڵێت "کاتێک بازرگانێک کەلوپـەل هاوردە دەکات بەڵێننامە پڕ دەکاتەوە کە هەتا کەلوپەلەکەی لە پشـکنین دەرنەچێت، گومرگی بۆ ناکرێت و ناشـبێت بیفرۆشـێت. ئەو حاڵەتـە روویـداوە، بازرگانەکـە خورماکەی بە بازرگانانی نەجەف و کەربەلا فرۆشتووە، پاشان هاتووەتـە لامـان و گوتوویەتـی نەمزانیـوە لە پشـکنین دەرناچێت، بەڵام ئامـادەی ئیجرائاتی یاساییم، بۆیە ئێمەش ئیجرائاتمان کردووە".

تۆمەتێکـی دیکە کە لەو یاداشـتەدا خراوەتە پـاڵ ئـەو بەڕێوەبەرە، ئەوەیە کە مینی پاسـی بـۆ هاتوچۆی فەرمانبەرەکانی بۆ پاسـی گەورە گۆڕیوە، لە کاتێکدا پاسـی گەورە "نایاسـاییە"، بەڵام حسـێن ئەحمەد ئاماژەی بەوەدا کە بەهیچ شێوەیەک قسـەی لەو گۆڕانکارییەدا نەکردووە، بەڵکـو فەرمانبـەرەکان لەبەر گەرمـای هاوینی ئەمسـاڵ خۆیان داوایان کردووە لە بری پاسـی بچـووک، پاسـی گەورەیـان بۆ بهێنـن، بۆ ئەو مەبەسـتەش رەزامەندی بەڕێوبەرایەتی گشـتی گومرگیان وەرگرتووە.

بەپێـی یاسـای گومرگـی بۆ ئاشـکراکردنی هاوردەکردنی کەلوپەلی گوماناوی و مەترسـیدار "هەواڵـدەر" هەیـە کـە 25% لـە پـارەی ئـەو هاوردەکردنە پاداشت وەردەگرێت، بەپێی خاڵێکی نێو یاداشتەکە، بۆ ئاشـکراکردنی هاوردەکردنی جگـەرە، بەڕێوەبەر خۆی بووەتـە هەواڵدەر بۆ ئەوەی پاداشتەکە بۆ خۆی بێت.

بەڵام حوسێن ئەحمەد ئەو زانیارییەی بەلاوە سـەیرە و گوتی "بەپێی یاسای گومرگ و بەپێی رێنماییش، لەبەرئەوەی بەڕێوەبەرم ئەسڵەن نابمە هەواڵدەر، بۆیە ئەوە دوورە لەڕاستییەوە".

بە قسەی ئەو بەڕێوەبەرە، بەهۆی "ململانێی شەخسـی" ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگا و بەرپرسـێکی گومرگ لە دەروازەی نێودەوڵەتیی پەروێزخـان، ئەو بابەتانەیـان وروژاندووە. ئەو گوتی "سەرجەم کارەکانمان یاسایین، بۆ هەمان زانیـاری و لەسـەر داوای وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری، بەڕێوەبەرایەتـی گشـتیی گومرگیش لیژنەیـان دروسـتکردووە و کۆنووسیشـیان بۆ وەزارەت بەرز کردووەتەوە".

هەروەها سـەباح شـەهید فەتاح بۆ (رووداو)ی روونکـردەوە، دوای سـەردانیان بـۆ لای ئەو بەڕێوەبەرە، نووسـراویان بۆ کردووە تا بەڵگە و ئەولیاتەکانیان لەسەر ئەو بابەتانە بۆ بنێرێت و ئەگەر لە هەر خاڵێکدا قابیلی گفتوگۆ بوو، ئەوا بانگهێشتی ئەنجوومەنی پارێزگای دەکەن.

لـە چەنـد رۆژی رابـردوودا، لەسـەر هاتنـە نـاوەوەی شـەش تەنکەر بەنزین لـەو مەرزەوە، وەزیـری دارایـی و ئابووری بڕیاری دا بە لابردنی حوسێن ئەحمەد، بەڵام ئەو هێشتا لە شوێنەکەی خۆیەتی. ناوبراو گوتی "کارەسـات ئەوەیە پێش گەیشـتنی بڕیارەکـە بە مـن، لە فەیسـبووکدا بڵاوبووەتـەوە، بۆیـە تائێسـتا بڕیـاری لابردنم بەدەست نەگەیشتووە. داوام لە ئیدارەی گەرمیان و ئەنجوومەنـی وەزیـران و وەزارەتـی داراییش کردووە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست بکەن".

# کوردێک ئاڵای کوردستان دەباتە مەترسیدارترین شوێنی جیهان



**عوبەید رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

کوردێکی باشووری کوردستان ئاڵای وڵاتەکەی دەباتە مەترسیدارترین شوێنی گەشتیاریی جیهان کە دەکەوێتە رۆژئاوای نەرویج. ئەو کەسە دەڵێت "11 کاژێر بەپێ رۆیشـتم تاوەکو گەیشـتمە ئەو شوێنە".

ئـەم شـوێنە پێـی دەڵێـن ترولتونـگا (Trolltunga) و بە یەکێک لە 10 شوێنە جوان و سەرنجڕاکێشەکان و مەترسیدارەکان لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێت، کەسێک باری تەندروستیی تەواو نەبێت، ئەستەمە بگاتە ئەو شوێنە.

بەپێـی ماڵپـەری (TOUREXPERIENCE.COM)، ئەم شـوێنە یەکێکـە لە زەحمەتترین شـوێنە گەشـتیارییەکانی جیهـان. دوو بۆچوون لەسـەر ناوی شـوێنەکە هەیە. یەکـەم: بەبڕوای نەرویجییـەکان جۆرێکە لە مرۆڤی خەیاڵی کە لە ئەشکەوتەکاندا ژیاون و لە چیرۆکە میللییەکانیشدا زۆر ناویـان هاتـووە. دووەم: بـە مانـای زمـان دێت، چونکە تاشـە بەردەکە کە دەکەوێتە سـەر رووبارێک، وەکو زمانی مرۆڤ دێتە بەرچاو.

ئـاراس سـوبحی، گەنجێکی دهۆکـە، ماوەی 15 سـاڵە لە شارۆچکەیەکی سـەر بە پارێزگای بیرگن لە نەرویج دەژیت. ئەو بێجگە لەوەی کاری رۆژنامەوانـی دەکات، بەشـی گەشتوگوزاریشـی خوێندووە.

سـەبارەت بـە چوونـی بۆ ئـەو شـوێنە، بە (رووداو)ی گـوت "زۆر حـەزم دەکرد بچم بۆ ئەو شـوێنە، چەندینجار بە هـاوڕێ کوردەکانم گوت، کەس لەگەڵم نەدەهات، ناچار بە تەنیا رۆیشـتم، بـەڵام تا بڵێی رێگایەکی ناخۆش و پڕ مەترسـی بوو، لە ناوەڕاستی رێگا ویستم پەشیمان ببمەوە و بگەڕێمەوە".

### 11 کاژێر بەپێ رۆیشت

ئاراس دەمێکە تامەزرۆی سـەردانیکردنی ئەو شـوێنەیە، هـەر ئەو حـەزەش وایکرد بـەردەوام بـێ "حەزی من بۆئەوەی ئاڵای کوردسـتان لەوێ دابنێم، هانیـدام 11 کاژێر بەپیادە بڕۆم و بگەمە ئەو ناوچەیە".

ئـاراس کاتێک چووەتە ئەو شـوێنە، نزیکەی 100 سـەربازی نەرویجیی بینیوە کە سـەرقاڵی مەشـقکردن بوون و بەرپرسـەکەیان دەیویست سەربازەکان بۆ ئەو شوێنە سەربخات.

ئاراس دەڵێت "یەکێک لەو سـەربازانە سەیری منی کرد و گوتی تۆ ئاڵایەکت بەدەستەوە گرتووە و خۆت پێوە سەرقاڵ کردووە، کەچی گەشتیارانی دیکە بە شتی دیکەوە خەریکن. منیش پێمگوت: لەبەر ئەوەی کوردم. سـەربازەکە یەکسەر گوتی: تێگەیشـتم. زانـی کـە ئاڵایەکـی بـێ دەوڵەتم هەڵگرتووە".

ئـاراس رۆژی 11ی ئەیلـوول بـە ئاڵایەکـی کوردسـتانەوە لەسـەر زمانی نەرویج راوەسـتا و چەند وێنەیەکیشی بۆ یادگاری گرت. ئاراس دەڵێت "بەمەبەست ئەو رۆژەم هەڵبژارد کە هاوکاتە لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، ویستم لەو رۆژەدا یـادی ئەو پێشـمەرگانە بکەمەوە کـە بـە دەیـان سـاڵ لـە چیـا و شاخەکانی کوردستان خەباتیان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی کرد".

میدیاکانی جیهانی بڵاویان کردەوە کـە رۆژی 2015/9/5 گەشـتیارێکی ئوسـترالی لەو شوێنە کەوتە خوارەوە، بەڵام ئەوە ئاراسی لە گەشتەکەی بۆ ئەو شوێنە مەترسیدارە سارد نەکردەوە.

ئاراس باسـی شتێکی سـەرنجڕاکێش دەکات و دەڵێـت: لـەو رێـگا دوورە کـە 1110 مەتـر لـە ئاسـتی دەریـاوە بەرزە، هیچ پاشـماوەیەکی گەشتیاران لە رێگاکەدا نابینـی. گوتیشـی "لـە سـەرەتای رێگەدا نووسـراوە تکایە پاشـماوە زیادەکەتان فڕێ مـەدەن و بیهێننـەوە بناری چیاکـە، هەموو گەشـتیارەکان پابەنـد دەبـن بـەو رێنماییە. بەڕاستی تاوەکو بە چاوی خۆت نەیبینی نازانی شوێنێکی چەند پاکە".

# گەنجێکی کورد 6 پێشمەرگە دەباتە بەریتانیا

**کارزان حەیدەر**
**رووداو – هەولێر**

گەنجێکـی کـورد رایدەگەیەنـێ کـە رەزامەندیی سوپای بەریتانیای وەرگرتووە بۆئەوەی 6 پێشمەرگە بچنە بەریتانیا و لەسەر حیسابی سوپای ئەو وڵاتە مەشق و راهێنانیان پێ بکرێ.

فـەلاح حەسـەن، جێگـری سـەرۆکی لاوانـی دیموکراتـی جیهان کە نیشـتەجێی بەریتانیایە، بە (رووداو)ی راگەیاند، لەو ماوەیەدا سـەردانی بەشـی راهێنان و تۆماری بەشـی ناوەڕاسـتی سوپای بەریتانی کردووە و باسی پێشمەرگەی بۆ کردوون. فەلاح گوتی "لەگەڵ دەیڤد سمیس، بەرپرسی بەشەکە باسمان لە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشـمەرگە و قارەمانێتی پێشـمەرگە کرد لە شەڕی دژ بە داعش، لەگەڵ پێویستیی ئەو هێزە بە پشتیوانیی زیاتر".

فەلاح حەسەن رایگەیاند "بە فەرمی داوامان لە بەشی راهێنان و تۆماری بەشـی ناوەڕاستی سوپای بەریتانی کـرد کە بـە راهێنان پشـتیوانی لە هێزی پێشـمەرگە بکەن، لە بەرامبەر ئەوەدا بەرپرسـی بەشـی راهێنان و تۆماری بەشـی ناوەڕاستی سوپای بەریتانیا پشتیوانی خـۆی بـۆ پێشـمەرگە دووپـات کـردەوەو رەزامەندی نیشـاندا کە لەنێو سـەربازگەکانی خۆیان لەنێو وڵاتدا، مەشـق و راهێنانی سـەربازی بە شـەش پێشمەرگەی گەنج بکەن لەسەر خەرجی و ئەستۆی خۆیان".

فەلاح حەسـەن کە ئێسـتا بەسـەردان لـە هەرێمی کوردسـتانە، گوتـی بڕیـارە لە چەنـد رۆژی داهاتوودا سـەردانی وەزارەتـی پێشـمەرگە بکات و ئـەو بابەتە لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە باس بکات.



## پارتی تێبینی هەیە

**ڕووداو- هەولێر**

فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتیی کوردستان لەبارەی ئەو پرۆژەیەی کە (یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) پێشکەشــی پارتییان کردووە دەڵێت "ئێمە تێبینیمان لەســەر ئەو پرۆژەیە هەیە". فازڵ میرانی لە وەڵامی پرســیاری ڕۆژنامەنووســاندا دوای بەشداریکردن لە پێشانگایەکی دیکۆمێنتاری لە شاری هەولێر رایگەیاند لەگەڵ ئەوەی ئەوان بەشێک لە پرۆژەکەیان بە ئیجابی وەرگرتووە بەڵام تێبینیشــیان لەســەری هەیە. میرانی گوتی "ناکرێت لە دەســتووردا باسی دوو شێوە لە پێکهێنانی حکومەت لەلایەن گەورەترین فراکسیۆن و گەورەترین هاوپەیمانی نێو پەرلەمانیدا بکرێت".



### ڕۆژانە نزیکەی 20 هەزار بەرمیل نەوت لەڕێی هەرێمی کوردستانەوە دەفرۆشێ

# پەیەدە مانگانە 10 ملیۆن دۆلار داهاتی نەوتی لە ڕێی هەرێمی کوردستانەوە دەستدەکەوێ

### پەرلەمانتارێکی پارتی: هاوکاریی ڕۆژئاوا ئەرکێکی ئەخلاقی و نەتەوەییە

**عوبەید رەشافایی**
**ڕووداو- دهۆک- هەولێر**

مــاوەی ســاڵێکە ڕۆژئــاوای کوردســتان لە کێڵگــەی ڕمێلانــەوە نەوتــی خۆی بــە ڕێگای بۆڕییەک کە پێشتر حکومەتی بەعس دروستی کردبــوو، ڕەوانــەی کێڵگــەی عەلیــوکا دەکات لە ناوچەی زوممار و لەوێشــەوە بۆ پێشــابوور و پاشــان بەنــدەری جەیهــان لــە تورکیــا، سەرچاوەیەکی ئاگادار دەڵێت "داهاتی ئەو نەوتە مانگانە زیاترە لە 10 ملیۆن دۆلار".

#### سەرەتای گرێبەستەکە

کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەی زوممار و ڕەبیعە کە دەکەونە سەر سنووری ڕۆژئاوای کوردستان لەلایــەن هێزەکانی پێشــمەرگەوە، دەرگایەکی گەورەی بۆ پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە)ی دەسەڵاتداری ڕۆژئاوای کوردستان کردەوە کە نەوتی بندەستی خۆی ڕەوانەی دەرەوە بکات.

بەرپرســێکی ئــاگادار لــە ناوچەکــە کــە ئــاگاداری مەلەفی فرۆشــتنی نەوتــی ڕۆژئاوای کوردســتانە، زانیــاری ورد لەوبــارەوە دەخاتە ڕوو: "ســاڵی ڕابــردوو هەندێ کەســی شــارەزا لــە بواری نەوت لەگەڵ دەســەڵاتدارانی پەیەدە لــە ڕۆژئاوا کۆبوونەوە کــە چۆن نەوتی ڕمێلان لــە ڕێی کێڵگەکانــی عەلیۆکای نزیــک گوندی مەحموودییــەی ســەر بــە قــەزای ڕەبیعــە لە باشووری کوردستان بفرۆشن".

ئــەو بەرپرســە کــە داوای کــرد نــاوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێت "دوای ئەوەی ئەو ناوچانە کەوتنە ژێر دەســەڵاتی پەیەدە، نەوتەکەیان بە تانکەر دەفرۆشــت و بڕێکی لــە ڕێگەی قاچاخ بە هەدەر دەچوو، داهاتێکی کەمی دەگەیشــتە دەست پەیەدە، بۆیە ناچار بوون بیر لە ڕێگەی دیکە بکەنــەوە و لەگەڵ ئەمبەری کوردســتان (باشــووری کوردســتان) بگەنــە ڕێککەوتن". گوتیشی "ئێستا زیاتر لە 500 بیری نەوت لەو کێڵگەیــەدا هەن کە ڕووبەرەکــەی نزیکەی 10 کیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێ".

#### چۆن دەگوازرێتەوە

لــە کێڵگەی ڕمێلان لە ڕۆژئــاوا بۆ کێڵگەی ســوفەیە (عەلیوکا) لە باشــووری کوردستان، بۆڕییەکی 10 ئینجیی نــەوت هەیە بە درێژایی 9 کیلۆمەتر.

ســەرچاوەیەک لــە وەزارەتــی ســامانە سروشــتییەکانی هەرێمــی کوردســتان دەڵێت تــا ســاڵی 2003 حکومەتی عێــراق لە ڕێگەی ئــەو بۆڕییــەوە ڕۆژانــە حەڤدە هــەزار بەرمیل نەوتــی هەناردەی ســووریا دەکرد لــە هەردوو کێڵگــەی ســوفەیە و عەیــن زالــە بــۆ ئەوەی حکومەتی سووریا کارەبا بۆ ئەو ناوچانەی سەر ســنوور دابیــن بکات. بەڵام لــە 2003 بەدواوە هەناردەکردنی نەوت لەو کێڵگانە ڕاگیران.

#### گرێبەستەکە لە نێوان کێ و کێیە؟

ئەو بەرپرســەی زانیاری لەســەر فرۆشتنی نەوتی ڕۆژئاوا دەدرکێنێ، دەڵێت "دەسەڵاتدارانی پەیــەدە لەســەر نــاوی خۆیــان ڕێککەوتنیان نەکردووە، بەڵکو لــە ڕێگەی وەبەرهێنەرەکانی بواری نەوت کردوویانە، بەڵام هەموو شتێک بە سەرپەرشتی و ئاگاداریی ڕاستەوخۆی ئەوانە و لەلایەن دەسەڵاتدارانی باشووریشەوە، حکومەتی هەرێم ئیمزای نەکــردووە، بەڵکو کۆمپانیایەک کارەکــە جێبەجــێ دەکات و مانگانــەش پارەیەکەیان بە کاش ڕادەست دەکات".

لەبارەی بڕ و قەبارەی نەوتی هەناردەکراوی ڕۆژئاواش گوتی "ڕۆژانــە دەوروبەری 20 هەزار بەرمیــل نــەوت ڕەوانــەی کێڵگــەی ســوفەیە دەکرێت و لەوێشەوە بە تانکەر دەگوازرێتەوە بۆ پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان".

گوتیشــی "لەبەر ئــەوەی هیــچ بەدیلێکی دیکەیــان نییــە بۆ فرۆشــتنی نەوتــی ڕۆژئاوا، نەوتەکــە بــە نرخێکی هەرزانتر لــە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێ، بەشــێوەیەک نرخی یەک بەرمیلی لەنێوان 15 بۆ 20 دۆلاری ئەمریکی دەبێ".

#### "واجبێکی ئەخلاقییە"

عەلی هالۆ، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردســتان کــە ئەندامی لێژنەی وزە و ســامانە سروشــتییەکانە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە ئاگاداری وردەکاریی فرۆشــتنی نەوتــی ڕۆژئــاوا نیــن، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەین هاوکاریی ڕۆژئاوا بکرێ، ئینجا چ بە ماددی بێ یان مەعنەوی".

دەربــارەی ئــەوەی کــە ئاخــۆ فرۆشــتنی نەوتی ڕۆژئاوا لەلایەن باشــووری کوردستانەوە کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و تورکیــا نابێ؟ عەلی هالــۆ دەڵێت "بەهەموو شــێوەیەک موراعاتی ئــەو دەوڵەتانە دەکەین، بــەڵام هاوکاریکردنی کــوردی ڕۆژئاوا ئەرکێکی ئەخلاقی و نەتەوەیی و مرۆڤایەتیشە".

مانگێــک لەمەوبــەر، نێچیرڤــان بارزانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە باشــووری کوردســتان گوتی "ئێمە گەورەترین هاوکاریی ئابووری و دارایی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەین، بەپێچەوانەی ئــەوەی لە میدیاکانەوە دەگوترێ، پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ڕۆژئاوا خراپ نییە".

پەرلەمانتارێک لە پەرلەمانی کوردســتان کە داوای کرد نــاوی بڵاونەکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "مەبەســتی کاک نێچیرڤان هەر فرۆشتنی نەوتی ڕۆژئاوا بوو کە مانگانە بە ملیۆنان دۆلار لەو ڕێیەوە قازانج دەکەن".



#### داهاتەکەی چەندە؟

بەپێی شارەزایەکی بواری نەوت "پەیەدە مانگانــە بەهــۆی فرۆشــتنی ئــەو نەوتەوە، نزیکەی 10 ملیۆن دۆلار لە ڕێگەی پارتی و کۆمپانیاکانــی نزیک لــە پارتی کە لە بواری نەوتدا کار دەکەن، قازانج دەکات و ئەمەش گەورەتریــن هاوکاریی ماددییە بۆ پەیەدە و بۆ ڕۆژئاوای کوردستان".

ســەبارەت بە جــۆر و کواڵێتی نەوتەکە، د.بێــوار خنســی شــارەزای بــواری نــەوت گوتــی: "هەمــان چڕیــی نەوتــی کێڵگــەی سوفەیەیە کە ( ATI ) یەکەی (24)ە، واتە نــە نەوتێکی باشــە و نە خراپــە، بە نەوتی مامناوەند هەژمار دەکرێ".

گوتیشــی "نەوتــی باش دەبــێ ( ATI ) یەکــەی ســەرووی 30 بێــت کــە پێیدەڵێن نەوتی ســووک و لە بازاڕەکانیشدا گرانترین جۆری نەوتە".

بێــوار خنســی زانیــاری زیاتــر لەبارەی نەوتــی ڕۆژئــاوای کوردســتان دەخاتــەڕوو "نەوتی ڕۆژئاوا لەگەڵ باشــووری کوردستان نەوتی هاوبەشــە و 30%ی لای باشــوورە و 70%ی لای ڕۆژئاوایــە". بــەڵام هۆشــداری دەدات کــە ڕەنگــە لەســەر ئــەو نەوتــە هاوبەشــە لــە ئاینــدەدا ناکۆکــی ڕوودەدات "ئەگــەر ئیدارەیەکــی هاوبــەش بــۆ کێڵگە هاوبەشــەکان دروســت نەکرێــت، دوور نییە ناکۆکی سەرهەڵبدات و لە هەموو جیهانیشدا وایە، بۆ بیرە هاوبەشەکان ئیدارەی هاوبەش دروستدەکرێ".

#### هەولێر و دیمەشق ئاگادارن

سەرچاوەکەی (ڕووداو) ئاشکرای کرد کە ئەو کارە بەبێ ڕەزامەندی "وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ناکرێت و لەلای دەسەڵاتدارانی پەیەدەشــەوە حکومەتی ســووریا ئاگاداری ئەوەیە". گوتیشی "بەڵام هەموو نەوتی خۆی هەناردەی باشوور ناکات، بەڵکو هەندێک بۆ پاڵاوگــە بچووکەکانــی ڕۆژئــاوا بــۆ گازوایل و بەنزیــن و کارەبــا بەکاردێنــن و هەندێکی دیکــەش بــە حکومەتــی ســووریا دەدرێ، دووریــش نییە پــارە نەقدەکــەش هەندێکی بدرێتە حکومەتی سووریا".

---

# کتێبی بیرکاریی پۆلی یەکی بنەڕەتی بۆ سێی بنەڕەتی چاپکراوە

### وەزیری پــەروەردە: توندترین ئیجرائات بەرامبەر ئەو هەڵەیە دەکەین

### بەڕێوەبەری گشتیی پرۆگرامەکانی خوێندن: شــتی زۆر ســەیر و ســەمەرە لــە وەزارەتــی پەروەردە ڕوودەدات

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

گەورەترین "هەڵە" لە پەرتووکەکانی پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتی ڕوویداوە، بەڕێوەبەری گشتیی پرۆگرامــەکان لــە وەزارەتــی پــەروەردە دەڵێت "خەتای ئێمەی تێدا نییە". وەزیری پەروەردەش دەڵێــت "دەســتمان بــە لێکۆڵینەوە کــردووە و توندتریــن ئیجرائات دەگرینەبەر تاوەکو ئاســتی دوورخســتنەوە، بەرامبەر ئەو کەسەی هەڵەکەی کردووە".

ڕۆژی 2015/9/15 وەرزی خوێندنــی 2015-2016 لە هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد، هەر لە ڕۆژی یەکەم و دووەمی دەوامی قوتابخانەکاندا، لە زۆربــەی خوێندنگاکانــدا پەرتووکی خوێندن بەسەر قوتابییاندا دابەش کرا، بەڵام دەرکەوت کە پەرتووکێکــی پۆلی یەکەم و ســێیەمی بنەڕەتی هەڵەی زۆر گەورە و زەقی تێدایە.

بەرگیان جیایە و ناوەڕۆکیان یەکە

مامۆستایەکی قۆناغی بنەڕەتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کاتێک پەرتووکی بیرکاری بۆ هەمووان (کتێبی ڕاهێنان)ی پۆلی یەکەم و سێیەم بەسەر قوتابییانــدا دابەش کرا، دەرکــەوت تەنیا بەرگی پەرتووکــەکان جیــاوازە و ناوەڕۆکەکەیان وەکو یەکە".

ئــەو مامۆســتایە کــە داوای کــرد نــاوی بڵاونەکرێتــەوە، دەڵێــت "هەمــان ناوەڕۆکــی پەرتووکــی بیرکاریی پۆلی یەکــەم بە بەرگێکی جیاواز بۆ پۆلی ســێیەمیش دانراوە". گوتیشــی "پەرتووکــەکان بەســەر قوتابییەکانیشــدا دابەشکراون".

ئــاراس نەجمەدیــن، بەڕێوەبــەری گشــتیی پرۆگرامەکان لە وەزارەتی پەروەردە لەوبارەیەوە بــە (ڕووداو)ی گــوت "ڕاســتە ئێمــە پرۆگرامی وەزارەتــی خوێندن دادەنێیــن، بەڵام ئەو هەڵەیە لای ئێمــە نەبــووە، چونکە ســیدیی چاپکردنی کتێبەکان لەلای ئێمە هەیە و پێداچوونەوەشمان بۆ کردووە، بۆیە هەڵەکە لەلای ئێمە نەبووە".

ئــاراس نەجمەدیــن هــۆکاری ئــەو هەڵەیــە دەخاتە ئەســتۆی بەشــەکانی دیکــەی وەزارەت "کێ گرێبەستی کردووە، ئەو بەرپرسیارە و ئەمە پەیوەندی بە دیوانی وەزارەتەوە هەیە".

پەرتووکــی بیــرکاری بۆ هەمــوان (کتێبی ڕاهێنــان) بــۆ پۆلی ســێیەمی بنەڕەتــی، 110 هــەزار و 76 دانەی لێ چاپکراوە و تێچووی هەر دانەیەکیش 529 دینار بووە کە کۆی تێچووەکەی دەکاتە 58 ملیۆن و 203 هەزار دینار.

ئــاراس نەجمەدین ئاماژەی بــۆ ئەوە کرد کە شــێوازی دابەشکردنی کتێب بەســەر قوتابیاندا بــە چەند فیلتەرێکــدا تێدەپــەڕێ "کە کتێبەکە چاپکرا، چەند لێژنەیەک هەن، لێژنەی پشکنینی کتێب، لێژنــەی وەرگرتن، لێژنەی دابەشــکردن، ئەمە بەسەر هەموویاندا تێپەڕیوە و گەیشتووەتە دەستی قوتابی".

بەڕێوەبەری گشــتیی پرۆگرامەکانی وەزارەتی پــەروەردە هەروەها دەڵێت، ئەوە یەکەمین هەڵە نییە ڕوودەدات "هەموو ساڵێک هەڵە ڕوودەدات و شتی زۆر ســەیر و سەمەرە ڕوودەدات، بەڵام من هەر ئەوەندە دەڵێم، ساڵانە هەڵە دەکرێ، ئەگەر هەڵەکە لەلای ئێمە بووایە یەکسەر لێژنەی لەسەر پێکدەهێنرا".

لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی 2015-2016، زیاتر لە 180 هەزار قوتابی نوێ لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتــی وەرگیراون. ژمــارەی تەواوی قوتابیانــی ســەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لە قوتابخانە و پەیمانگاکانی ســەر بە وەزارەتی پەروەردە ملیۆنێک و 700 هەزار قوتابییە.

پشتیوان سادق، وەزیری پەروەردە لەسەر ئەو هەڵەیە بــە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زیاتر لە 1140 ناونیشــانی کتێب لە وەزارەتی پەروەردە هەن و ئەوەی ڕوویداوە یەک ناونیشانە".

وەزیــری پــەروەردە دەڵێــت "هەڵەکە لەلای خــودی چاپخانەکە بووە و بەڵێنی داوە هەمووی لەســەر حیســابی خۆی دووبارە و بە دروســتی چاپ بکاتــەوە". هــەردوو پەرتووکەکە ئەمساڵ لەلایەن کۆمپانیای هاتن چاپکراون.




پشتیوان سادق گوتی کە بە زووترین کات قەرەبووی ئەو هەڵەیە دەکەنەوە "ئێمە ســوود لــە پشــووی جەژنــی قوربانیش وەردەگریــن بــۆ چاپکردنــەوەی پەرتووکەکــە بــۆ ئــەوەی بەزووترین کات بخرێتە بەردەســتی قوتابیان".

ســەبارەت بەوەی کێ بەرپرســە لــە ڕوودانی ئــەو هەڵەیە؟ وەزیری پەروەردە ڕایگەیاند "دوای ئــەوەی بە هەڵەکەمــان زانی، یەکســەر لێژنەی لێکۆڵینەوەمان پێکهێنا. لێژنەکەم ئاگادار کردووەتەوە توندترین ئیجرائات بگرنەبــەر بەرامبــەر ئــەو کەســەی هەڵەکــەی کردووە، تەنانەت ئەگەر پێویســت کرا دووریشی دەخەینەوە".

ســەبارەت بــە تێچــووی پەرتووکەکــەش، پشــتیوان ســادق گوتی "چاپخانە بڕی تێچووی دووبــارە چاپکردنەوەی پەرتووکەکە لە ئەســتۆ دەگرێ". گوتیشــی "بۆ زانیاریتان پێشتر ساڵانە 45 ملیۆن دۆلار تەنیا بۆ چاپکردنی کتێب خەرج دەکرا، ئێستا وەزارەتی پەروەردە تەنیا 10 ملیۆن دۆلاری خەرج کردووە".

## "کۆچی کوردان مەترسییە بۆ بەرژەوەندییەکانمان"



**ڕووداو- دهۆک**

ماتیاس میتمان، کونسولی گشتی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەمریکا زۆر بەجدی لە مەسەلەی کۆچکردنی خەڵکی و عێراق و سووریا دەڕوانێت. ئێستا لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر خەتین بۆ بەرگرتن لە کۆچی خەڵکی عێراق و سووریا. ئێستا خەڵکی کوردستانیش بە هەموو نەتەوە و ئاینەکان کۆچ دەکەن، ئەمەش مەترسییە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا". گوتیشی "پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ژیانێکی ئارام بۆ خەڵکەکە دابین بکات، بۆ ئەوەی بیر لە کۆچکردن نەکەنەوە".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (376) دووشەممە 2015/9/21

# دۆسیەی لێکۆڵینەوە لە کەوتنی شنگال زیندوو دەکرێتەوە

### بەرپرسی لقی پارتی لە شنگال:
## پێش دروستبوونی لیژنەی لێکۆڵینەوە منیان لابرد

### پەرلەمانتارێک:
## پێویستە فەرماندە کەمتەرخەمەکان سزا بدرێن

**مەحمووود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

وەزیری پێشمەرگە ئاشکرای دەکات لیژنەی لیکۆڵینەوە لە فەرماندە کەمتەرخەمەکانی شنگال بەردەوامە و بەرپرسی پێشووی لقی پارتیش لە شنگال دەڵێ "پێش دەستبەکاربوونی لیژنەکە منیان لابرد".

ڕۆژی 9ی ئەیلولی 2015 لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ مستەفا سەید قادر، وەزیری پێشمەرگە و شاندێکی باڵای وەزارەت کۆبوونەوە.

قادر ڕەزگەیی، پەرلەمانتاری کوردستان لە فراکسیۆنی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەو کۆبوونەوەیەدا پرسیارمان لە جەنابی وەزیر کرد کە چارەنووسی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە شکستەکانی شنگال بە کوێ گەیشتووە و ئەنجامەکانی چی بوون؟ ئەویش گوتی لیژنەکە لە کارەکانی خۆی بەردەوامە و لە ئەنجامەکانی ئاگادارتان دەکەینەوە".

بەڵام جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە بێ ئاگایی خۆی لە بەردەوامبوونی کاری لیژنەکە دەربڕی و گوتی "ئەو لیژنەیە سەر بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە و لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دروستکراوە، تەنیا نوێنەری فەرمانگەی یاسایی وەزارەتی پێشمەرگە لەو لیژنەیەدایە".

ڕۆژی سێی ئابی 2014 چەکدارانی داعش پەلاماری قەزای شنگالیان دا، بەو هۆیەشەوە پتر لە 200 هەزار هاووڵاتی کوردی ئێزدی ئاوارەی چیای شنگال بوون، ژمارەیەکی زۆریشیان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە کوژران یان ڕفێندران.

پاشەکشەی بێ بڕیار و بەرگری نەکردن و ڕوودانی کارەساتێکی گەورەی مرۆیی بەسەر کوردی ئێزدی، پاڵی بە بەرپرسانی باشووری کوردستانەوە نا کە لەو بابەتە بکۆڵنەوە. دوای تێپەڕینی 17 ڕۆژ بەسەر گرتنی شنگالدا، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە هەمانکاتدا فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستانە، لیژنەیەکی لێکۆڵینەی پێکهێنا بۆ بەدواداچوونی هۆکارەکانی کەوتنی شنگال، چونکە ئەوکات وا بڵاوکرایەوە کە ئەو پێشمەرگە و پۆلیسانەی لە نێو شنگالدا بوون، بەرگرییەکی ئەوتۆیان نەکردووە پێشڕەویی چەکدارانی داعش ڕابگرێ. وەزارەتی پێشمەرگەش ڕایگەیاند کە فەرماندە کەمتەرخەمەکان دەدرێنە دادگای سەربازی.

سەربەست بابیری، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی کە ئەوکات بەرپرسی لقی پارتی بوو لە شنگال، بە (ڕووداو)ی گوت "من لە بەرپرسیارێتی لقی 17ی شنگال پێش دروستکردنی ئەو لیژنەیەی جەنابی سەرۆک لابرام، کاتێک لیژنەکە بۆ لێپرسینەوە بانگهێشتیان کردین، هیچ قسە و شتێکیان بەرامبەر نەکردین، لە کاتێکدا من فەرماندەی سەربازی نەبووم، تەنیا بەرپرسیارێتی حیزبیم هەبوو، نە بەرپرسی میحوەر بووم، نە بەپرسی هێزی پێشمەرگە بووم، تا کاژێر 9:15 شەویش بە خۆم و 15 پاسەوانم شەڕم کردووە و بەرگریم لە شنگال کردووە".

سەربەست بابیری هەروەها دەڵێت "لەو کاتەوەی چوومەتەوە ماڵەوە کەس باسی هیچی نەکردووە، من ئامادەم بچمە دادگاش، تەنانەت دادگای سەربازیش، ئەگەرچی من سەربازی نەبووم، بەڵکو پلەی حیزبیم هەبوو".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی بێ ئاگایی خۆی لە ئەنجامی کارەکانی لیژنەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە فەرماندە کەمتەرخەمەکانی شنگال دەربڕی و گوتی "تەنیا ئەز و کاک شەکەوت، بەرپرسی ئاسایش و سەعید کێستەیی، بەرپرسی فەرماندەیی سەربازی لە شنگال لەسەر کارلابراین. ئێمە ئەرکی خۆمان جێبەجێ کردووە. خۆم 35 ساڵە پێشمەرگەم و حەوت جار بریندار بوومە، بەڵام پەلاماری داعش بەم هەموو چەکە قورسانەی سوپای عێراقەوە بۆ سەر شنگال زۆر لە تواناکانی ئێمە زیاتر بوو".

قادر ڕەزگەیی، ڕەخنە لە نەبوونی ئەنجامێکی ڕۆشن لە کارەکانی ئەو لیژنەیە دەگرێت و پێیوایە ئەوەی لە شنگال و میحوەرەکانی دیکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕوویدا پێویستی بە هەڵوەستە و ڕێوشوێنی ئیداری و سەربازیی توند هەیە، بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە.




(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

# پەیەدە یەکگرتووی ئیسلامی لەبیر کرد

**مەحمووود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

پارتی یەکێتی دیموکرات (PYD) شەشەمین کۆنگرەی خۆی بەست و زیاتر لە 16 حیزبی لە پارچەکانی کوردستان بانگهێشتی ڕمیلان لە ڕۆژئاوای کوردستان کردبوو، بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانی داوەت نەکردبوو. لەسەر بانگهێشتنەکردنی یەکگرتووش، پەیەدە داوای لێبوردن دەکات.

ڕۆژی یەکشەممە 20ی ئەیلوولی 2015 پارتی یەکێتی دیموکراتی لە شارۆچکەی ڕمێلانی ڕۆژئاوای کوردستان بە بەشداریی 16 پارتی پارچەکانی دیکەی کوردستان شەشەمین کۆنگرەی خۆی بەست، بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی کە لەسەر ئاستی باشووری کوردستان چوارەم هێزە و خاوەنی 10 کورسی پەرلەمانی کوردستانە لە نێو ئەو حیزبانەدا نەبوو کە لە باشووری کوردستانەوە بۆ کۆنگرەکەی پەیەدە بانگهێشت کرابوون.



### یەکگرتوو: بانگهێشتنەکردنمان موفاجەئە بوو

سەرچاوەیەک لە مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "داوەتنەکردنی ئێمە بۆ کۆنگرەی پەیەدە موفاجەئە بوو، چونکە ئێمە پەیوەندییەکی توندوتۆڵمان لەگەڵ سەرجەم هێز و لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەتی پەیەدە هەیە، حیزب و دەزگا خێرخوازی و میدیاکانی خۆمان لە خزمەتی دۆزی گەلەکەمان لە ڕۆژئاوا خستووەتەگەڕ، تەنانەت دیدار و دەستپێشخەریمان لە نێوان هێزە ئیسلامییەکانی سووریا و برادەرانی پەیەدە ڕێکخستووە".

### پەیەدە داوای لێبوردن دەکات

سەرچاوەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی "ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە، برادەرانی پەیەدە پەیوەندییان پێوە کردین و داوای لێبوردنیان کرد و پۆزشیان هێنایەوە کە بانگهێشت نەکردنی ئێمە پەیوەندی بە هیچ بابەتێکی سیاسییەوە نییە، بەڵکو بە هۆی هەڵە و لە بیرچوونەوە بووە".

پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) بە سەرۆکایەتی ساڵح موسلیم، سێ ساڵ جارێک کۆنگرە دەبەستێ. ئەمەش شەشەم کۆنگرەی ئەو حیزبەیە لە دوای دامەزراندنی لە ساڵی 2003 وەکو باڵێکی سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ڕۆژئاوای کوردستان. پێشبینی دەکرێ ساڵح موسلیم جارێکی دیکە بەسەرۆکی پەیەدە هەڵبژێردرێتەوە.

# داوای ڕوونکردنەوەی خەرجی ساڵێکی حەیدەر عەبادی دەکرێت

### پەرلەمانتارێکی کورد: عەبادی دەیەوێ بەناوی چاکسازییەوە چارەی گەندەڵییەکانی بکات

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق داوای ڕاپۆرتی ساڵێکیان سەبارەت بە خەرجییەکانی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و سێ جێگرەکەی کردووە، بەڵام نووسینگەی عەبادی لە وەڵامدا گوتوویانە "دوای چاکسازییەکان وەڵامتان دەدەینەوە".

حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق دوای دەستبەکاربوونی، سێ جێگری بۆ دانرا ئەوانیش د.ڕۆژ نووری شاوێس و بەها ئەعرەجی و ساڵح موتڵەگ بوون. بەڵام لە چوارچێوەی بەرنامە چاکسازییەکەیدا هەرسێ جێگرەکەی لادان.

عادل نووری، بڕیاردەری لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە ڕۆژی 2015/8/16 بە نووسراوێکی فەرمی داوامان لە حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کردووە، چۆنیەتی خەرجکردنی خەرجییەکانی خۆی و سێ جێگرەکەی و بەرپرسانی باڵایان لە بەرواری 2014/7/1 تاوەکو 2015/7/1 بۆ ڕەوانە بکات، بەڵام دوای 10 ڕۆژ لەو نووسراوە، نووسینگەی عەبادی لە وەڵامدا دەڵێن دوای ئەنجامدانی چاکسازییەکان، وەڵامتان دەدەینەوە".

داواکارییەکانی لیژنەی دەستپاکی پێکهاتوون لە ئاشکراکردنی ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی بۆ سەرۆکوەزیران و جێگرەکانی دابینکراون، هەروەها ژمارەی پاسەوانەکانی سەرۆک و جێگرەکانی، بە میلاک و گرێبەست و ئەوانەشی لە دەزگاکانی دیکەوە هێناویانە.

هەر بەپێی نووسراوەکە، ژمارەی ڕاوێژکارانی سەرۆکوەزیران و جێگرەکانی، ئەوانەی میلاکن و ئەوانەشی لە دەزگاکانی دیکەوە هێنراون. ئەو دەرماڵەیەی بۆ سەرۆک و جێگرەکانی دیاریکراوە، چەند بووە؟ پاشان ئیفادەکانی سەرۆک و جێگرەکانی چەند بوون و چەندیان تێچووە؟

لە داواکارییەکانی دیکەی لیژنەی دەستپاکیدا داوای ئاشکراکردنی ئەو بڕە پارانە کراوە کە بەرامبەر دابینکردنی شوێن بۆ بەرپرسانی باڵا خەرج کراون. عادل نووری ئاماژەی بەوەدا کە گەندەڵی لە مووچەدا نییە، بەڵکو گەندەڵی لە دابینکردنی ئەو شوێنانەدایە کە بۆ ئەو بەرپرسانە دابین دەکرێن و گوتی "بۆ نموونە شوقەیەک بۆ بەرپرسێکی باڵا دابینکراوە، بەڵام ڕەنگە بەرپرسەکە ئەو شوقەیەشی نەگرتبێت، بەڵکو لە نووسینگەیەکی بەکرێدان گرێبەستێکی ساختەی دروستکردووە و پارەی پێ وەرگرتووە".

نۆژەنکردنەوەی پارە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی بەرپرسانی باڵا داواکارییەکی دیکەی لیژنەی دەستپاکی بووە، چونکە وەک عادل نووری باسی کرد "هەندێجار دوای جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوونی بەرپرسێک و نیشتەجێبوونی بەرپرسێکی دیکە، بە تێچووی سەدان ملیۆن دینار نۆژەن کراوەتەوە، لە کاتێکدا هیچ پێویستی بە نۆژەنکردنەوە نەبووە. زۆرجار پارەی ئەو نۆژەنکردنەوانە لە دروستکردنی خانووەکە زیاتر بووە".

داواکارییەکانی دیکەی لیژنەکەش کە لەنێو نووسراوەکەدا ئاڕاستەی عەبادییان کردووە بۆ زانینی سەرفکردنی پارەی خواردنی سەرۆکوەزیران و جێگر و پاسەوانەکانی بووە لەگەڵ پارەی خەرجکراو بۆ میواندارییەکانی سەرۆکوەزیران و سێ جێگرەکەی، جگە لەوەش پارەی خەرجکراو بۆ کڕینی پەڕاوگە و ڕۆژنامە، هەروەها پارەی بەنزین و ڕۆنگۆڕینی ئۆتۆمبێلەکانیان.

ئەو داواکارییانەی لیژنەی دەستپاکی لە کاتێکدا بووە کە حەیدەر عەبادی لە مانگی ڕابردووەوە و لە ژێر گوشاری خۆپیشاندانی شارەکانی عێراق و مەرجەعی باڵای شیعەکاندا، دەستیکرد بە ئەنجامدانی زنجیرەیەک چاکسازی.

نووسینگەی عەبادیش وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی لیژنەی دەستپاکییان بە ئەنجامدانی "چاکسازییەکان"ەوە بەستووەتەوە، بۆیە ڕۆژی 2015/8/26 لەلایەن ئەمینداریێتی گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە وەڵامی لیژنەکە دراوەتەوە و پێیان ڕاگەیاندوون "ئێستا بەهۆی سەرقاڵی سەرۆکوەزیران بەچاکسازییەکانەوە ناتوانین وەڵامتان بدەینەوە، بەڵام دواتر لەبەر ڕۆشنایی ئەو چاکسازییانەی دەکرێن وەڵامتان دەدەینەوە".

بە گوتەی عادل نووری، ئەو وەڵامەی نووسینگەی سەرۆکوەزیران ڕوون و ئاشکرا دان بەوەدا دەنێت کە گەندەڵی کراوە "داواکارییەکانی ئێمە بۆ ماوەی ساڵێکە کە ئەو بەرپرسانە لەو پۆستانەدا بوون، بۆیە وەڵامنەدانەوەی عەبادی ئاماژەی ئەوەیە گەندەڵییەکان زۆرن و ڕاکردنە لە چاودێریکردنی دەزگایەکی وەکو پەرلەمان، چونکە دوای چاکسازییەکان گەندەڵییەکان چارەسەر دەکەن".

وا بڕیار بوو هەفتەی ڕابردوو حەیدەر عەبادی ئامادەی دانیشتنێکی ئەنجوومەنی نوێنەران بێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو چاکسازییەی ئەنجامیان دەدات، بەڵام چەند کاژێرێک پێش ئامادەبوونی، داوای لێبووردنی لە ئەنجوومەنی نوێنەران کرد کە ناتوانێت ئامادە بێت. عادل نووری دەڵێ پێشتر ئەوان هەڕەشەی ئاشکراکردنی ئەو زانیارییانەیان کردووە، بۆیە عەبادیش نەیویستووە ئامادە بێت.

هەر بەپێی قسەکانی بڕیاردەری لیژنەی دەستپاکی، ئەوان لەو داواکارییانەیان کۆڵنادەن، بەڵکو جارێکی دیکەش داوای وەڵامدانەوەی لێدەکەن و ئەگەریش بەهەمانشێوە وەڵامی دانەوە، هەوڵ دەدەن متمانەی لێ وەربگرنەوە.

## شڤان پەروەر:

# متمانەم بە پرۆسەی چارەسەری نەماوە

شڤان پەروەر کە بۆ پرۆسەی چارەسەری پرسی کورد، پشتگیری لە ئەردۆغان کرد، ئەمڕۆ متمانەی بە پرۆسەکە نەماوە و دەڵێ لە پشت سیاسەتەوە "خیانەت"ی بینیوە. پەروەر کە لە ساڵی 2013 لە کاتی پرۆسەی چارەسەری هاتە تورکیا و لەگەڵ ئەردۆغان و بارزانی و ئیبراهیم تاتلیسەس پەیامی ئاشتییان دا، ئێستا باسی بە بنبەست گەیشتنی پرۆسەی چارەسەری دەکات.

جەران چپلاک، رۆژنامەنووسی رۆژنامەی جمهوریەتی تورکی لە بوخارستی پایتەختی رۆمانیا چاوی بە هونەرمەندی کورد شڤان پەروەر کەوت و دەربارەی پرۆسەی چارەسەری، کێشەی کورد، رووداوەکانی ئەو دواییە هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ ساز کرد، بەهۆی رەوشی ئەمڕۆی باکووری کوردستان و تورکیا (رووداو) بە گرنگی زانی دەقی هەڤپەیڤینەکە بکاتە کوردی.


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

- ئەردۆغان و پەکەکەی قەندیل گەورەترین گورزیان لە پرۆسەی چارەسەری دا
- رەگەزنامەی تورکیایان پێدامەوە بەڵام رەتمکردەوە
- تورکیا بەرەو بوون بە دۆزەخ دەچێت
- ئەردۆغان لە ترسی نەتەوەپەرستان خاوەندارێتی لە کورد نەکرد

**جەران چپلاک: 38 ساڵ نەهاتیتە تورکیا، دواتر لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی و هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیسەس هاتن. چۆن بەشداریت لەوەدا کرد؟**

**شڤان پەروەر:** نەمویست بێمە تورکیا تا ئەو کاتەی دەبێتە وڵاتێکی ئازاد. بارزانی لە رابردوودا دەیگوت "نەچی، سیاسەت پیسە، نامانەوێ لەدەستت بدەین". دواتر لە نێوان بەڕێز ئەردۆغان و بەڕێز ئۆجەلان پرۆسەی چارەسەری دەستی پێکرد. ئەردۆغان لەلایەنی سیاسی و ئابووری دەستی کرد بە لێکنزیککردنەوەی کۆمەڵگای تورکی و کوردی. دەستی کرد بە قەبوڵکردنی کورد وەکو کورد. ئیتر گەڕانەوەی شڤان پەروەر کە لە چاوی دەوڵەتدا "خائین، جوداخواز" بوو، بۆ دیموکراتی تورکیا وەکو هەنگاوێکی پێویست تەماشا کرا.

**جەران چپلاک: هەندێک دەڵێن لەبەر ئەوەی بارزانی پارەی پێدای بۆیە گەڕایەوە تورکیا؟**

**شڤان پەروەر:** هیچ بیرم لەو شتانە نەکردەوە. ئەمە مەسەلەی کۆمەڵگایەکە، مەسەلەیەکی مرۆڤایەتییە. بۆ ئەوەی پیرۆزبایی لە پرۆسەی چارەسەری بکەین و پشتگیری لێبکەین گەڕاینەوە. ئەردۆغان گوتی "وەرن بەیەکەوە تورکیای نوێ دروست دەکەین". زۆر خۆشحاڵ بووم، دڵی بەڕێز سەرۆک بارزانیم نەشکاند و هاتمە تورکیا. پێمانوابوو هاتنمان بۆ پێشکەوتنی دیموکراسی دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ.

**جەران چپلاک: لەدوای 7ی حوزەیران چی بوو، پرۆسەی ئاشتی تێکچوو؟**

**شڤان پەروەر:** ئەردۆغان لە مێشکی نەتەوەپەرستان ترسا. لەو کاردانەوانە ترسا کە لەلایەن مەهەپە و جەهەپەوە ئاراستەی دەکرا. بۆیە خاوەندارێتی لە کورد نەکرد.

**جەران چپلاک: دەستی ئەردۆغانت گرت کە لەکاتی پرۆسەی چارەسەری درێژی کرد. پەشیمانی لەوە؟ پێتانوایە هەڵخەڵەتێندران؟**

**شڤان پەروەر:** هەڵخەڵەتاندن نا، شتی نوێ فێربووم. لە پشت پەردەی سیاسەتەوە خیانەتم بینی. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گوێرەی بەرژەوەندیی سەرکردەکان و سیاسییەکان دەڕوات. کۆمەڵگاکان دەبنە قوربانیی سەرکردەکان. منیش 40 ساڵ خەباتی ئازادیم بە قوربانی پرۆسەی چارەسەری کرد. بەکەمیش بێ، بایەخی ئەمەیان نەزانی. متمانەم بە پرۆسەی چارەسەری نەماوە. ئەوانەی پرۆسەی چارەسەرییان دروستکرد ئەردۆغان و ئۆجەلان بوون، بەداخەوە ئەردۆغان و پەکەکەی قەندیل گەورەترین گورزیان لە پرۆسەی چارەسەری دا. دیموکراتی، مافی مرۆڤ و چارەسەری مەسەلەی کورد بە راستگۆیی دەستی لێبەردرا کە هۆکاری دامەزراندنی ئاکپارتی بوون.

ئەردۆغان دەیتوانی ببێتە ئەو سەرکردەیەی کە لە تورکیا کێشەی کورد چارسەر دەکات و ئاشتی بەرقەرار دەکات، دەیتوانی بەو هۆیەوە خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێ، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی رووداوەکانی کۆبانێ، دەستی بە گوتاری ملیتاریستانە کرد.

جەران چپلاک: **کاتێک لە 2013 هاتیتە ئامەد گوتت هەنگاوی حکومەت بۆ چارەسەری بوێرانەیە، ئێستا هەنگاونان بۆ دواوە چ واتایەک دەدات؟**

**شڤان پەروەر:** سپاردنی کێشەی کورد بە کەسانی میلیتاریست و نکۆڵیکەر، پێش هەموویان ئەردۆغان دەدۆڕێنێت کە زمانی ئەوان بەکاردێنێ.

**جەران چپلاک: چۆن رووبەڕووی قسەکانی ئەردۆغان بوویتەوە، کاتێک گوتی "شتێک نییە بەنێوی کێشەی کورد؟**

**شڤان پەروەر:** شتێک نییە بەنێوی کێشەی کورد! چۆن؟ کێشەی هەرە گەورەی تورکیا کێشەی کوردە. ئاستەنگی هەرە گەورە لەبەردەم پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی تورکیا کێشەی کوردە. لە هەڵبژاردنی دوایی ئاکپارتی ئەنجامی قسەکانی "کێشەیەک بەناوی کێشەی کورد نییە"ی بینی. زۆر بە گران لەسەری کەوت.

**جەران چپلاک: پێناسەی ئێوە بۆ کێشەی کورد چییە؟**

**شڤان پەروەر:** بەساڵان جێبەجێکردنی سیاسەتی کوشتنی کورد لەڕووی کولتووری و تواندنەوەی سیاسیی گەلی کورد، ئەنجامی زۆر قورسی هەبووە و لە کۆمەڵگای کوردیدا خراپەکاری گەورەی دروستکردووە. ئەستەمە ئەو خراپەکارییە تەنیا بە کردنەوەی کەناڵی تەرەتە کوردی و وانەی کوردی لە هەندێک لە قوتابخانەکان چارەسەر بکرێت. ئەمە پێویستی بە دەستێوەردانی جیدی هەیە. لەهەموو بوارەکان مافی یەکسانی بە کورد بدرێت. دەسەڵاتی ناوەند کەم بکرێتەوە، سیستەمێک دروست بکرێت کە بتوانێ بەڕێوەبەرایەتییەک لە شوێنی خۆی دروست بکات. پێویستە فیدراڵیزمی باشووری کوردستان وەکو نموونە وەربگیرێ. پێویستە یەکسەر دەست بە پەروەردە بە زمانی دایک بکرێ.

**جەران چپلاک: بۆچی ناگەڕێیتەوە تورکیا؟**

**شڤان پەروەر:** پرۆسەی چارەسەری و ئاشتی دەرفەتی ئەوەی رەخساند. لەگەڵ خۆمدا گوتم "لە کۆتاییدا لە تورکیا کێشە گەورەکان چارەسەر دەکرێن، کۆمەڵگایەکی ئارام، دیموکرات و ئازاد دێتە ئاراوە". بۆ ئەمە پرۆژەیەکی جدیمان ئامادە کرد کە هونەرمەندانی کورد و تورک بەشداریی تێدا بکەن و لەگەڵ هەندێک لە نوێنەرانی حکومەت دانیشتین. بەڵام شەڕی کۆبانێ، رووداوەکانی دواتر و هەڵمەتە سیاسییەکان بێ متمانەییان لەلا دروستکردم.

**جەران چپلاک: چی ببێت جارێکی دیکە دەگەڕێیتەوە؟**

**شڤان پەروەر:** کاتێک دان بە ئازادییە بنەڕەتیەکاندا دەنێن، بە یاسایی دەکرێن و دەوڵەت خاوەندارێتییان لێدەکات، من دەبمە منداڵی ئەو وڵاتە. من چل ساڵی تەمەنی خۆم بۆ ئازادی خەرج کرد. عاشقی ئازادیم.

**جەران چپلاک: جارێکی دیکە رەگەزنامەی تورکی وەردەگرییەوە؟**

**شڤان پەروەر:** کاتێک هاتمەوە تورکیا داوایان لێکردم بە فەرمی داوای وەرگرتنەوەی رەگەزنامە بکەم، رەگەزنامەیان پێدامەوە، بەڵام وەرمنەگرتەوە. ئێستا رەگەزنامەی سوێدیم هەیە و هەموو جیهانی پێ دەگەڕێم. من دەخوازم ببمە هاووڵاتی تورکیایەکی ئازاد، دیموکرات و ئاشتیخواز.

> هەر کاتێک ئازادی لە تورکیا بەرقەرار بوو بە یەکجاری دەگەڕێمەوە

**جەران چپلاک: پێتوایە دەبێت ئەردۆغان چی بکات؟**

**شڤان پەروەر:** ئەردۆغانێکم دەوێ کە خاوەندارێتی لە چاکسازی بکات. ئەردۆغانێکم ناوێ کە دەسەڵاتەکەی لەناو ئایین خنکاوە، سەری ژنان دادەپۆشێ و قسەیەکی لەگەڵ ئەوەی دیکەی تێکناکاتەوە. ئەردۆغانێکم ناوێ کە بڕیاری شەڕ دەدات. کاتێک ئەمە دەکات خۆی هەرزان دەکات. پێویستە قسەکانی لەجێگای خۆیدا بن، قسەیەکی لەگەڵ ئەوەی دیکەی تێکناکاتەوە.

**جەران چپلاک: کاتێک لە 2013 چوویتەوە تورکیا، بۆ دواڕۆژ زۆر بە هیوا بوون، گوتت "تورکیا دەبێتە بەهەشت". ئێستا چی دەڵێی؟**

**شڤان پەروەر:** ئەوکات تورکیا بەرەو ئەوە دەڕۆیشت ببێتە بەهەشت، بەڵام بەداخەوە ئێستا بەرەو ئەوە دەڕوات ببێتە دۆزەخ.

**جەران چپلاک: لەدوای کەوتنەوەکاری سەرلەنوێی چەکەکان، گەڕانەوەی تەرمی شەهیدان و هێرشکردنە سەر کورد لە رۆژئاوای تورکیا چۆن دەخوێنیتەوە؟**

**شڤان پەروەر:** ئەو شوێنە دەسووتێت کە ئاگری لێیە. سەرەخۆشی لە کەسوکاری هەموو ئەوانە دەکەم کە گیانیان لەدەستداوە، خودا سەبوورییان بدات. بەڵام ئەو توێژە رەگەزپەرست — فاشیستەی مردنی ئەو کەسانە دەکاتە بیانوو، لەبەرچاوی هێزەکانی ئاسایش، هەوڵی قەتڵوعامی هەدەپە و کورد دەدات. ئەو هێرشانە، بەهێرشی نازییەکان دەچێت کە لە 9ی تشرینی دووەمی ساڵی 1937 کردیانە سەر گیان و ماڵی جولەکەکان لە شەوی کریستاڵ. بەو هێرشانە دەچێت کە لە 6 و 7ی ئەیلولی ساڵی 1955 لە ئیستانبوڵ بۆ سەر رۆم و ئەرمەنییەکان ئەنجامدرا.

ئەو هێرشانە وەکو هێرشی رێکخراون، بەڵام لێپرسینەوەیان لەبارەوە ناکرێت. تاوانباران ناگیرێن. لێرەدا دیارە کە ئامانج و ئاراستەکردنێکی گەورە هەیە. ئەو فاشیستانە وا نەزانن کە خەڵکی کورد بێ خاوەن و بێ بەرگرییە. دەوڵەت و بەڕێوەبەرە سیاسییەکانی، ئەو ئیداریانەی پێش ئەو رووداوانە ناگرن، هێزەکانی ئەمنیەت، دادوەران بەرپرسیار دەبن لە ئەنجامەکانی ئەو رووداوانە. خوێندنەوەی چارەنووسی نازییەکان سوودی هەیە بۆ ئەوان.

**جەران چپلاک: لە تورکیا کە هەموو رۆژێک بە هەواڵی کوشتن دەمەژێ، جارێکی دیکە چۆن ئارامی دەگەڕێتەوە؟**

**شڤان پەروەر:** دەبینین ئەو کەسانەی لەم دواییە دەمرن و دەکوژرێن، بوونەتە قوربانیی بەرژەوەندییە سیاسییەکان. بۆچی و لە پێناوی چی کوژران؟ دیار نییە! ئێستا ئەو بیانووەی لەلایەن سیاسییەکانەوە باس دەکرێت، رەوایەتی نابەخشێتە ئەو مردنانە. بۆ ئەمە توندوتیژی سیاسی و گوتارەکەی دەبێت یەکسەر کۆتایی بێت و بگەڕێنەوە سەر رێککەوتنی سیاسی.

کاتێک بینیم هەڵوێستێکی جدی سیاسی لەبارەی گۆڕانکاری و گفتوگۆی ئاشتی لە ئارادایە، بۆ پشتگیریکردنی پرۆسەکە ئەوەی لەدەستم بێت دەیکەم. لەمبارەیەوە دەبێت لایەنەکان متمانە بە کۆمەڵگا بدەن. هەر کاتێک لە تورکیادا دیموکراسی و ئازادی دروست بوو، ئەو کاتە بە تەواوەتی دەگەڕێمەوە تورکیا و لە تورکیا دەژیم.

**جەران چپلاک: کێ بە بەرپرسیار دەزانی لە دروستبوونی گۆمی خوێن لە تورکیا؟**

**شڤان پەروەر:** هەردوولا بەرپرسیارن. بەهۆی دەسەڵات و عیشقی دەسەڵاتدارێتی، مرۆڤ دەکوژرێ. ساڵانێکە ئەمە رووندادات؟ هێشتا پێویستە بۆ چارەسەری 10 هەزار کەسی دیکە بکوژرێن؟ لە بەرامبەر کوشتنی 33 گەنجی نیازپاکی خێرخواز لە پرسووس، کوشتنی دوو پۆلیس لە جەیلان پنار؟ لەبەرامبەر ئەمەدا بۆ بۆردومانکردنی کوردستان دەیان فرۆکە دەنێرن؟ دەبێت هەموو کەس ئەوە بزانێ رەوا نییە خوێن بە خوێن پاک بکرێتەوە. شەڕی 30 ساڵە ئەمەی نیشانی ئێمە دا. بەرپرسیاری ئەو خوێنڕشتنە، دەسەڵاتی تورکیا و سیاسەتی قەندیلە کە بەشداری لە پرۆسەی بێ چارەسەریی دەکات. رووداوەکانی دوایی تەنیا کەسانی بێتاوانی کردە قوربانی، شەڕی دەسەڵاتێکی خوێناوی و شەڕی دەسەڵاتە.

**جەران چپلاک: پێشنیازت چییە؟**

**شڤان پەروەر:** یەکەمین هەنگاو بەبێ ئەوەی هیچ بیانوویەک بهێننەوە، پێویستە ئاگربەست رابگەیەنن و مردن بوەستێنن. پێویستە زەمینەی متمانە بەیەکترکردن دروست بکەن. بۆ ئەوەی چاودێری ئاگربەست بکەن پێویستە دەستەیەک دابمەزرێنن تا ناوبژیوانی بکات لە نێوانیان.

دەوڵەتی تورکیا لەمبارەیەوە زۆر هەستیارە، دەخوازێ هێزە نێودەوڵەتییەکان لەم مەسەلەیەدا دوور بوەستن. بۆ ئەمەش مەرج نییە ئەو هێزەی ناوبژیوانی دەکات سەر بە دەوڵەتێک بێ. دەکرێت ئەو شاندە لە کەسانی پسپۆڕ لەمەسەلەی شەڕ و ئاشتی لە ئاستی نێودەوڵەتی دروست بکرێت. ئەنجامی ئەمە ئاکپارتی، جەهەپە و هەدەپە لەناو پەرلەمان، تورکیاش بەرەو ئارامی دەبات، ئاشتی بەردەوام دەبێت. پێویستە هەموو دەزگاکانی ناو سیستەم و هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا، بەشداری لەو پرۆسەیەی ئاشتی و ئارامی بکەن. ئیدی ئەو پرۆسەیە بە ئارەزوو و خواستی سەرکردەکان بەڕێوەناچێت.

**جەران چپلاک: لە تورکیا لە هەموو شت زیاتر بیری چیت کردووە؟**

**شڤان پەروەر:** بیری هیچ ناکەم، چونکە هەموو شت بەرباد بووە. ئەوەی بیری دەکەم تەنیا ئازادیە. هاتمە سەر خاکی تورکیا. هەویری من لەوێیە.

**جەران چپلاک: بۆچی بەردەوام بە جلی نەتەوەییەوە دەچیتە سەر شانۆ؟**

**شڤان پەروەر:** هەوڵ دەدەم نوێنەری ئەو کوردە بکەم کە سووکایەتی پێکراوە، هەوڵ دراوە هەموو شتێکی قەدەغە بکرێت و لەناو بچێت. فیدل کاسترۆ و ئەلڤیس بریسلیش جلی تایبەتیان هەیە.

جەران چپلاک: لە ژیانی تایبەتی چی لەبەر دەکەی؟

**شڤان پەروەر: بەگوێرەی بەلانسی ژیان جل دەپۆشم.**

> ئیبراهیم تاتلیسەس لە هەموو هونەرمەندانی تورکیا ترسنۆکتر دەرچوو

**جەران چپلاک:** لە کوێ دەژی؟

شڤان پەروەر: لەنێوان بۆن و هەولێر دەژیم. لە بۆن کە سەوزاییە و شارێکی شاهانەیە، خانووم هەیە. زۆر کاتم لە وەقفی موزیکی شڤان پەروەر بەسەر دەبەم. بە جیهاندا دەگەڕێم. کاتێک بۆ کۆنسێرت دەچمە شوێنێک، تەنیا کۆنسێرت ناکەم و ناگەڕێمەوە. ئەو وڵاتە، ناوچەکانیشی دەگەڕێم، فێری کولتوور و ژیانی کۆمەڵایەتی دەبم. ژیانێکی بێدەنگ بەسەر دەبەم. حەز لە خوێندن، نووسین و بەتەنیا مانەوە دەکەم.

**جەران چپلاک: هەڵوێستی هونەرمەندانی تورکیا لەبارەی کێشەی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**شڤان پەروەر:** هونەرمەندانی تورکیا دەترسێن، دوور لە مەسەلەکە دەوەستن. لە پارە، ناوبانگ و گۆرانیەکانیان دەترسن. زۆربەیان دەڵێن، با کورد نەبنە بەڵا لەسەرمان. لە بنەمادا پێویستە بڵێن شڤان وەرە ئێمە لەگەڵتین. دیسان ئەوەی لە هەموویان زیاتر ترسا ئیبراهیم تاتلیسەس بوو.

**جەران چپلاک: ئەلبوومی نوێت هەیە؟**

**شڤان پەروەر:** بۆ وەستان لەدژی شەڕ و بەرقەراربوونی ئاشتی، بەتەنیا خەریکی کارکردنم لەسەر ئەلبوومێکی سینگل بە چوار زمانی (کوردی، تورکی، ئینگلیزی، عەرەبی). دەخوازم بە زووترین کات ئەو ئەلبوومەم تەواو بکەم و کلیپەکانی بڵاوبکەمەوە.

**جەران چپلاک: بەردەوام لەدژی زوڵم گۆرانی دەڵێیت، یەکەمین زوڵم چییە کە رووبەڕووی بوویتەوە و بەبیرت مابێ؟**

**شڤان پەروەر:** لە گوندی سۆری لەدایک بووم. دەچوومە قوتابخانەی تورنای سەرەتایی. گوندەکەمان سەر بە عەشیرەتی شێخکان بوو. لەگەڵ کوڕی سەرۆک عەشیرەت لەیەک قوتابخانە بووین. بەیەکەوە دەمانخوێند، لەناکاو کەوت و دەستی بە گریان کرد. بە رۆیشتنەوە دەیگوت ئاغا ئاغا، منیش دوای کەوتم. حاجی بەکر ئاغا گوتی: "چی بووە؟". منیش گوتم: "یاریمان دەکرد کەوت". گوتی: "وەرە نزیکەوە پێم بڵێ". لێی نزیکبوومەوە. دواتر منی گرت و گوتی "تۆی پیس، کوڕی موهاجیران، چۆن کوڕی من بەردەدەیتەوە و دەیگریێنی". دەستی بە لێدانم کرد. من ئەو کاتە لە پۆلی دوو بووم، گوتم: "من بەرم نەداوەتەوە". بەڵام گوێی لێنەگرتم و لێیدام. ئیدی لە ترسان زمانم نەدەگەڕا. لە دەستی هەڵاتم و چوومە ماڵەوە. دایکم گوتی چی بووە، پێمگوت زوڵمم لێکراوە. دایکم گریا و گوتی: "بە باوکت مەڵێ"، بەڵام باوکم زانی. زۆر تووڕە بوو، رۆیشت. رووبەڕووی حاجی بەکر وەستا، هەموو گوند وەکو گورگ لەسەر باوکم کۆبوونەوە و بەردبارانیان کرد.

دەربەگایەتی زوڵمکارە. دەوڵەتیش پشتگیری لە ئاغا و زوڵمکاران دەکات. کۆمەڵگا لە چاوی ئاغادا سفرە، بۆیە خاکەکەیان خۆش ناوێت. بیری ئازادی دەکەم. بیری دایکم دەکەم، برین و ئازاری ئەو خاکە برین و ئازاری دایکمە.

**جەران چپلاک: مامۆستاکانت کێن؟**

**شڤان پەروەر:** مامۆستای بەڕێزم هەن کە تاوەکو ئەمڕۆ وەکو شێت گوێم لێگرتوون: محەممەد عارف جزیری، حەسەنێ جزیری، عیسا بەرواری، کاوێس ئاغا. ئەو مامۆستایانە، بە ناوەڕۆک و گوتن بەتەواوەتی بە کوردی و بە گوێرەی شێوازی دەشت — کوێستان، واقیعی راستی کوردی، بە خۆشەویستییان، بە ئازار و خەمگینیەکانیان، بە بەرهەمی گرنگ لە جیهانی هونەردا ناویان دەرکردووە. ئێستا زۆربەی هونەرمەندانی شۆڕش وەکو پێویست زانیارییان لەبارەی هونەر و میوزیکی کوردی نییە. زمانی کوردی بە باشی بەکارناهێنن.



### شڤان پەروەر:

- لە 1955/9/23 لە گوندی سۆری سەر بە پارێزگای روحا لە باکووری کوردستان لەدایک بووە.
- تاوەکو ئێستا زیاتر لە 25 ئەلبوومی گۆرانی تۆمار کردووە.
- بە هۆی مەترسیی دەستبەسەرکردنی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، ساڵی 1976 وڵاتی بەجێهێشت و لە ئەڵمانیا گیرسایەوە.
- ساڵی 2004 لە ئەڵمانیا رێکخراوی کولتووریی نێونەتەوەیی شڤان پەروەر (Şivan Perwer International Culture Foundation)ی دامەزراند.
- ئەلبوومی "من بیریا تە کریە" خەڵاتی Grands prix du Disque et Audiovisuels (گرنگترین خەڵاتی مۆسیقای فەرەنسا)ی لە ساڵی 2004 لە بەشی مۆسیقای جیهاندا بەدەستهێنا.
- لە کاتی کردنەوەی TRT6 لە سەرەتای 2009دا داوای لێکرا بەشداری بکات، بەڵام قەبووڵی نەکرد. رۆژی 2009/1/9 کەناڵەکە فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر شڤان پەروەر پەخش کرد.
- دوای 37 ساڵ لە دووره وڵاتی، رۆژی 2013/11/16 شڤان پەروەر بە یاوەریی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە سەردان گەڕایەوە باکووری کوردستان.

رووداو کوردستانی
ژمارە (376) دووشەممە 2015/9/21



## هولیا ئافشار کاندیدی هەدەپەیە

**رووداو- ئامەد**

رۆژی هەینی رابردوو بەشێک لە پارتەکانی باکووری کوردستان و تورکیا بۆ بەشداریکردن لە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لیستی کاندیدەکانیان پێشکەشی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرد، هولیا ئافشەریش ناوی لەنێو لیستی هەدەپەدا بوو.

هولیا ئافشەر لە ئەنقەرە لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی گەلان HDP کاندیدکراوە. بڵاوبوونەوەی ئەو ناوەش میدیای تورکی سەرقاڵکرد و خەڵکێکی زۆر دەیانپرسی، کە ئایا راستە هونەرمەند هۆلیا ئافشەر کاندیدی هەدەپەیە ؟ دەزگای راگەیاندنی ناوەندیی HDP لە ئەنقەرە، راگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە گوتی "ئەم هونەرمەندە کاندیدیان نییە، بەڵکو خانمێکی دیکەیە و هەمان ناوی هەیە".

# هەدەپە چاوی لە 110 کورسییە

**رووداو- هەولێر**

لە هەڵبژاردنی رۆژی یەکی تشرینی دووەمی داهاتوودا، پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) چاوی لە بەدەستهێنانی 110 کورسیی پەرلەمانە. ناوەندەکانی راپرسیش پێیانوایە زەمینەی بەرزبوونەوەی ژمارەی کورسیەکانی هەدەپە هەیە.

لە هەڵبژاردنی حەوتی حوەزیرانی رابردوودا، هەوڵی سەرەکیی هەدەپە تێپەڕاندنی بەربەستی 10%ی هەڵبژاردن بوو کە بەهۆیەوە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە تورکیا نەیدەتوانی لەناو پەرلەمانی تورکیا نوێنەرایەتی خۆی بکات. هەدەپە بەربەستەکەی بڕی و 13.6%ی دەنگەکان (80 کورسی) بەدەستهێنا.

### چاوی لە 110 کورسییە

حیسابی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو جیاوازە لەوەی رابردوو. هەدەپە ئەمجارە کێشەی تێپەڕاندنی بەربەستی هەڵبژاردنی نییە، بەڵکو چاوی لە زیادکردنی کورسیەکانیەتی لەناو پەرلەمانی تورکیادا.

ئایهان بیلگین گوتەبێژی ئەو پارتە بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەمجارە هەدەپە چاوی لە بەدەستهێنانی 110 کورسییە.

زۆربەی سەنتەرەکانی راپرسی لە تورکیا پێیانوایە رێژەی دەنگی پارتەکان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت، بەڵام ئەگەری ئەوە زۆرە هەندێک پارتی بتوانن بە حیسابی ورد و وەستایانە رێژەی کورسیەکانیان لەسەر حیسابی پارتەکانی دیکە زیاتر بکەن.

ئەیهان بیلگین گوتەبێژی هەدەپە دەڵێت "لە هەڵبژاردنی رابردوودا، لە چەندین شار بەهۆی جیاوازیی رێژەی کەمی دەنگ کورسیمان لەدەستدا، بۆیە ئەگەری زۆرە بە حیسابی ورد بتوانین چەند کورسییەکی دیکە بهێنین. رووداوەکانی سێ مانگی رابردووش هۆکارن بۆ ئەوەی کورسی زیاتر ببەینەوە".

لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیراندا هەدەپە بە جیاوازیی زۆر کەم چەند کورسییەکی پەرلەمانی لە پارتەکانی دیکە وەرگرتەوە، هەروەها بە هەمان جیاوازیش چەند کورسییەکی لەدەست چوو. هەدەپە لە شاری ئایدن بە جیاوازیی 5419 دەنگ کورسییەکی لە بەرژەوەندی ئاکپارتی لەدەستدا. لە باتمانیش بە جیاوازیی 2257 کورسی چوارەمی ئەو شارەی بۆ بەرژەوەندیی ئاکپارتی لەدەستدا. لە چەندین شاری دیکەش ئەو نموونانە دووبارە دەبنەوە.

لە هەمانکاتدا هەدەپە لە شاری کۆجەلی بە جیاوازیی 622 دەنگ و لە ئیغدر بە جیاوازیی 828 دەنگ کورسی پەرلەمانی لە دەستی مەهەپە دەرهێنا. لە ئاگری و ئامەدیش بە جیاوازیی 5 هەزار دەنگ دوو کورسی لە دەستی ئاکپارتی دەرهێنا. بۆیە هەڵکشان و داکشانی رێژەیەکی کەمی دەنگ لەوانەیە ببێتە هۆی زیادبوون و کەمبوونەوەی کورسییەکانی.

گوتەبێژی هەدەپە لەوبارەوە دەڵێت "زیادبوونی دەنگ بەشێوەیەکی گشتی بە مانای زیادبوونی کورسی نایەت. زەمینەی زیادکردنی ژمارەی کورسیەکانمان هەیە، قورسایی کارکردنمان دەخەینە سەر ئەو شوێنانەی ئەگەری بەدەستهێنانی کورسیی زیاترمان هەیە".

### ئامانجەکەی دەپێکی؟

کەمال ئۆزکریاز، بەڕێوەبەری سەنتەری ئەڤراسیا بۆ راپرسی دەڵێت "ئەگەر هەدەپە بتوانێ گوتارێکی راست بگەیەنێتە دەنگدەر، هۆکاری شەڕ بە باشی بۆ دەنگدەر روون بکاتەوە، ئەگەری ئەوە هەیە لە 110 کورسی زیاتر بێنێ".

بەڵام موراد گەزیچی، بەڕێوەبەری ناوەندی گەزیجی بۆ راپرسی بە (رووداو)ی گوت "هیچ زەمینەیەک لە ئارادا نییە بۆئەوەی هەدەپە بتوانێ 110 کورسی بباتەوە، هەدەپە زێدەڕۆیی لە دیاریکردنی ئامانجەکانی دەکات".

ئایا شەڕی ئێستای پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا نابێتە ئاستەنگ لەبەردەم بەرزبوونەوەی رێژەی دەنگ و کورسیەکانی هەدەپە؟ گوتەبێژی ئەو حیزبە دەڵێت "85%ی دەنگدەرانمان کوردن. چاوەڕێ دەکەین لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگی زیاتری کوردمان بۆ بێ. لەهەمانکاتدا بۆ ئەوەی لە ئیستانبوڵ و ئایدن بتوانین دەنگی زیاتر بهێنین، پێویستە هاووڵاتی کورد، بەتایبەتی چینی ناوەند، پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ هاووڵاتی تورک ببەستێ. چونکە ئەو چینە دەزانێ هۆکاری شەڕ چییە". گوتیشی "زۆر گرنگە بزانین دەنگدەر چۆن رووداوەکان دەخوێنێتەوە. کێ بەرپرسیارە لە دەستپێکردنەوەی شەڕ، خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت. هەڵبەتە لە شوێنێک کە شەڕ هەبوو زەحمەتی بۆ سیاسەت دروست دەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە دەنگدەر تێبگەیەنی لەوەی هۆکاری ئەو شەڕە چییە".

### کاریگەریی شەڕ لەسەر دەنگدەر

بەهۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا، خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەنگەکانی هەدەپە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەکرێت، شرۆڤەکاران پێیانوایە کاردانەوە و بێزاریی کورد لە ئەردۆغان لە لوتکەدایە، بۆیە لە باکووری کوردستان دەنگەکانی هەدەپە هەڵدەکشێن، بەڵام لە رۆژئاوای تورکیا بەهۆی هەڵوێستی ناڕوون و شەرمنانەی هەدەپە کە بە زمانێکی راشکاوانە رەخنە لە پەکەکە ناگرێت، دەنگەکانی لە کورتی دەدات.

هاکان بایراکچی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای سۆنار بۆ راپرسی دەڵێت "ئێستا نازانم هەدەپە 100 یان 110 کورسی دێنێ، بەڵام ئەوەی لە راپرسیەکان دیارە هەدەپە دەنگەکانی زیاد دەکات".

سەبارەت بە کاریگەریی شەڕ لەسەر دەنگدەری هەدەپە لە رۆژئاوای تورکیا، هاکان دەڵێت "کاریگەریی نەرێنی و ئەرێنی دەبینین. راستە شەڕ کاریگەریی هەیە، بەڵام کاریگەریی بارودۆخی ئابووری لەسەر بژارەی دەنگدەر زیاترە".

بەڵام کەمال ئۆزکریاز، پێیوایە دەنگدەری هەدەپە لە رۆژئاوای تورکیا ئەردۆغان بە بەرپرسیار دەزانێ لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ، چونکە سروشتی ئەو دەنگدەرە دژە ئەردۆغانییە". بۆیە دەڵێت "دەنگەکانی هەدەپە لە رۆژئاوای تورکیا نەک کەم ناکەن، بەڵکو فراکسیۆنی چەپی دیکەش ئەمجارە دەنگ بۆ هەدەپە دەدات، لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانمان ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە".

هەرچەندە هەدەپە بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە بە راشکاوانە رەخنە لە قەندیل ناگرێ و داوای لێ ناکات شەڕ بوەستێنێ، بەڵام رەنگدانەوەی ئەو بێدەنگییەی هەدەپە هێشتا لەسەر دەنگدەر دیار نییە.

ئۆزکیراز دەڵێت ناکۆکی و لێکتێنەگەیشتنی هەدەپە و قەندیل زۆر رەنگدانەوەی لەسەر گۆڕەپانی دەنگدان نییە، ئەگەر ناکۆکیش هەبێت، دەنگدەری کورد جگە لە هەدەپە بەدیلێکی دیکەی نییە".

فاتوورەی دەستپێکردنەوەی شەڕ فاتوورەیەکی زۆر گرانە و لەوانەیە مۆری خۆی لە بژارەی دەنگدەر بدات و هۆکارێکی چارەنووسساز بێت. هاکان بایراکچی بەڕێوەبەری کۆمپانیای سۆنار دەڵێت "لە راپرسییەکاندا ئەوەی بەدی دەکەم، هەدەپە نابێتە قوربانی فاتوورەی رووداوەکانی پەکەکە. بەڵکو زیاتر ئاکپارتی دەبێتە قوربانی".

بایراکچی پێشبینی خۆیشی بۆ هەڵبژاردن بەم شێوەیە دەخاتەڕوو "ئەگەر هەدەپە بتوانێ لە ئیستانبوڵ، ئیزمیر و ئاکدەنیز رێژەی دەنگەکانی بپارێزێت، بە زیادکردنی دەنگەکانیشی لە رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵات رێژەی دەنگەکانی دەگاتە 14-15%".



(فۆتۆ: AFP)

**هەدەپە 110 کورسی دێنێ؟**

گوتەبێژی هەدەپە:
**ئەو شەڕەی ئێستا هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی دەنگەکانمان**

سەنتەری ئەڤراسیا:
**هەدەپە دەتوانێ 110 کورسی بێنێ**

ناوەندی گەزیجی:
**هەدەپە ناتوانێ 110 کورسی بباتەوە**

کۆمپانیای سۆنار:
**دەنگەکانی هەدەپە بۆ 15% بەرز دەبێتەوە**

# کۆبانێیەکی دیکە لەباکوور



**هاشم سۆیلەمەز**

شارۆچکەی جزیرە کە قەدەغەکردنی هاتوچۆی تێدا راگەیەندرا و خەڵکی سڤیلی تێدا کوژرا، ڕوویەکی دیکەی هەیە. کەمێک ماوە پەکەکە هەموو شارۆچکەکە بخاتە ژێردەستی خۆی. بۆ ئەوەی بزانین چی تێدا روودەدات بە کۆڵانەکانیدا سووڕاینەوە.

لە رۆژەڤی جزیرەدا قەدەغەکردنی هاتوچۆ و خۆسەریی هەیە کە زۆربەی گەڕەکەکان بەو سیستەمە بەڕێوەدەچن. هەندێک لە جزیرییەکان دەڵێن کۆمەڵکوژی لە شارۆچکەکەیان کراوە، وەزارەتی ناوخۆی تورکیاش ئەوە رەتدەکاتەوە و دەڵێت "تەنیا ئۆپەراسیۆن لە دژی تیرۆریستان کراوە". بەڵام ئەوانەی کوژراون ژن و منداڵن.

لەگەڵ ئەوەشدا جزیرەیەکی دیکە هەیە. بارودۆخێک هەیە کە بە راگەیاندنی خۆسەری دەستی پێکرد و بە کۆڵانی پڕ لە خەندەق و ئابڵوقەدان درێژەی هەیە. لێرەدا (ناوچەیەکی ئەمنی) هەیە کە بزووتنەوەی گەنجانی شۆڕشگێڕی وڵاتپارێز YDG-H سەر بە کەجەکە دروستیان کردووە.

ئەندامەکانی YDG-H دەڵێن جزیرە وەکو کۆبانێیە و ئەو ململانێیە تا کۆتایی درێژەی دەبێت. هەموو گەڕەکەکانی ئەو شارۆچکەیە کە ژمارەی 180 هەزار کەسە لە دەستی پەکەکەدایە. تەنیا ناوەندی شارۆچکەکە و شەقامی سەرەکی لە دەستی پۆلیسدایە. گەڕەکەکانی سوور، جودی، نوور و یاسەف هەموویان ناوچەی ئازادن. تەواوی شارۆچکەکەش لەو گەڕەکە سەرەکییانە پێکدێت.

لە سەرەتای هەر گەڕەکێکدا خەندەق لێدراوە، بەبەرد کۆڵانەکان گیراون و چوون و هاتن کۆنترۆڵ دەکەن. کەسێکی غەریب بە ئاسانی ناتوانێ بچێتە ناو ئەو گەڕەکانە. دوای دەربازبوون لە خەندەق و دیوارە بەردینەکان، لە گۆشەی جیاواز جیاوازی گەڕەکەکاندا سەنگەر بە گونیەی پڕ لە لم دروستکراوە. بۆ ئەوەی لە دەرەوە ئەو سەنگەرانە دیارنەبن هەر سەد مەتر پەردەیەک هەڵواسراوە.

جزیرە، کۆڵانەکانی بەیروتی سەردەمی جەنگمان بەبیردێنێتەوە. ئەوانەی لەو شارۆچکەیە دەژین جزیرە بە کۆبانێ دەچوێنن. لەهەندێک ماڵ پەردەی تاریککردن دانراوە. گەڕەکەکان لە سایەی سیستەمێک بەڕێوەدەچن کە ناوی ئەنجوومەنی دیموکراتیی گەڕەکەکانی گەلی لێنراوە. ئەمە پێکهاتەیەکە کە هەموو موختار و کۆڵانەکان لەخۆدەگرێت. هەر کۆڵانێک نوێنەرێکی هەیە. سەرۆکایەتی شارەوانیش یەکەیەکی سەر بەو پێکهاتەیەیە. هێزەکانی YDG-H بە هێزی چەکداری گەڕەکەکانی گەل ناودەبرێت.

ئاسیا یوکسەل، هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی گەلی دیموکرات دەڵێت "گرووپە چەکدارەکان، هێزێکی خۆسەرن کە پاراستنی خەڵکیان لە ئەستۆدایە و ئەوانە رۆڵەی ئێمەن". سیستەمی گەڕەکەکان پەیوەست بە یەکتر درێژەیان هەیە. پرسەی گەریلاکان بۆ ئامانجی کۆکردنەوەی خەڵک بەکاردێن. لە پرسەی فاتیمە گایساک کە گەریلایەک بوو لە شاخ کوژرابوو، لەناو ژن و پیاواندا بووینە شاهیدی گفتوگۆیەکی بەرفراوان لەسەر دواڕۆژی جزیرە.

لە هەر شوێنێکی رۆژهەڵات دەگەڕێی ڕووبەڕووی هەمان گوتاری کۆبانێ دەبیتەوە. متمانە بەخۆبوون کە سیاسییە کوردەکان لە کۆبانێ بەدەستیان هێنا، ورە و بوێری بە یەکەکانی YDG-H بەخشیوە. گرووپەکانی ئەم هێزە کە لەناوخۆدا بۆ دوو باڵی ژنان و پیاوان جیادەبێتەوە، لەچەندین تیمی جیاواز پێکدێت. هەموو ئەندامەکانیان خەڵکی ئەو شارۆچکەیەن.. هەر تیمێک لەناوخۆیدا ئەرکی دیارە، هەمووشیان سەر بە فەرماندارێتی YDG-H ی ئەو ناوچەیەن. هەرئەندامێکی ئەو هێزە ناوێکی دیکەی لەخۆ ناوە، هەروەها هەر تیمێکیش ناوێکی تایبەت بەخۆی هەیە. لەنێوان کەسەکاندا گفتوگۆی تەلەفۆنی قەدەغەیە. گفتوگۆکان لەرێگەی بێتەلەوە دەکرێن. گرووپەکان بە رۆژ جلی مەدەنییان لەبەرە، بەشەو بە دەموچاوی پێچراوەوە دێنە مەیدانەکان. لە هەر گەڕەکێک ئێشکگری هەیە. گرووپەکان زوو زوو جێگای خۆیان دەگۆڕن.

ژمارەی ئەوانەی چوونەتە کۆبانێ و شەڕیان کردووە کەم نین. گەنجانی YDG-H کە تەمەنی زۆربەیان لەنێوان 15-25 ساڵیدایە، ناوبەناو دەستپێشخەری دەکەن و دەچن و دێن. هەر یەکێک لەوانە کەسێکی لە قەندیلە یان لەوێ گیانی لەدەستداوە. ئەوان چەکی بیکەیسی، کلاشینکۆف، ئار بی جی، بۆمبی دەستییان پێیە.

عەگید بۆتان فەرماندەی تیمێکە، چووەتە کۆبانێ و لەوێ بریندار بووە. بۆتان باسی کوردستانێکی ئازاد دەکات "بۆ ئێمە مەسەلەی چەکدانان لە ئارادا نییە. قسەکانی دەمیرتاش هیچ واتایەکیان نییە. ئەگەر سەرۆک شارەوانییەکیش ئەو قسەیە بکات هیچ واتای نییە. تەنیا ئەگەر ئۆجەلان ئازاد بکرێت و بچێتە قەندیل، لەوێ ئەگەر داوامان لێبکات چەک دادەنێین".

شیار گەنجێکی دیکەیە کە چووەتە کۆبانێ و گەڕاوەتەوە. ئەو دەڵێت ئەوان ناخوازن لەگەڵ دەوڵەت شەڕ بکەن "ئەگەر بێنە سەرمان وەڵامیان دەدەینەوە. ئێرە کۆبانێیەکی دیکەیە و شەڕ بەردەوامە. ئامانجی سەرەکی ئێمە پۆلیسە. هێشتا هەپەگە نەهاتووە بۆ هاوکاریمان. ئەوان بەڵێنیان پێداوین ئەگەر شەڕ بەردەوام بێ، دێن بۆ هاوکاریمان".

ئەندامەکانی YDG-H لە رابردوودا ئەو منداڵانە بوون کە بەرد و مۆڵۆتۆفیان دەگرتە پۆلیس، ئێستا گەورەبوون و بە مووشەک هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی دەوڵەت. ئەو کەسانە پشتگیری گەڕەکەکانیان بەدەستهێناوە و ئێستا فێری شەڕی شارەکان بوون.

ئەندامی YDG-H یەکەمجار فێری هەڵگرتنی کلاشینکۆف و بەستنی تاقم دەکرێت، پاشان فێری تەقەکردن دەکرێت. دواتر پەروەردە لەسەر بەکارهێنانی بی کەی سی، ئار بی جی و بۆمبی دەستی وەردەگرێ. هەموو ئەوانە لەناوگەڕەکەکاندا دەکرێت. جگە لەو گەنج و مێرمنداڵانەی پسپۆڕن لە شەڕی شار، هەموو ئەندامەکانی دیکە بە فەرمانی YDG-H دەجوڵێنەوە.

جەسور بۆتان، فەرماندەی YDG-H لە ناوچەکە دەڵێت ئەمنیەت و قایمقام بێچارە ماون. بە گوتەی بۆتان ئەردۆغان دەستی بەشەڕ کردەوە "ئیتر ئێمە باوەڕ بە قسەی پووچی چارەسەری ناکەین. هەڵخەڵەتاین و ئیدی خەڵک بەرگەی ئەمە ناگرێت. هەڵبژاردن لەم بارودۆخەدا نابێ. هیچ کارمەندێکی دەوڵەت لەو شوێنەی ئێمە لێی هەبین ناچێتە سەر سندووقی دەنگدان. چونکە ئەمە بارودۆخی شەڕە. ئێمە شەڕمان هەڵنەبژاردووە".

ئەو سیستەمەی لە جزیرە دروستکراوە، لە سیستەمی دەوڵەت زیاتر کاردەکات. هەموو تۆماری دانیشتووانی ئەو شارۆچکەیە لە دەستی دەوڵەتدایە. بەتایبەتی فایلی کارمەندان.

شاهین، کە ئەندامێکی دیکەی YDG-H یە، دەڵێت لە جزیرە جگە لە پۆلیسی فەرمی، هەندێک کەسی دیکەش شەڕ دەکەن "ئەوانە کەسوکاریان نییە. ئەندامانی داعش شەڕ دەکەن کە لە سووریا هێناویانەتە جزیرە. لەدوای 7ی حوزەیران ئەوانە دێنن و لێرە شەڕیان پێ دەکەن. ئەمەش شەڕ فراوانتر دەکات".

لە جزیرە بە کردەوە دەستووری کەجەکە جێبەجێ دەکرێ، لەو کاتەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی چاوەڕێیان دەکرد پەکەکە ببێتە بزووتنەوەیەکی سیاسی، بەپێچەوانەوە پەکەکە نەبووە سیاسی، بەڵکو بە پێچەوانەوە رێکخراوە مەدەنییەکانی چەکدار کرد.

*** ئەم راپۆرتە لە گۆڤاری ئاکسیۆن، رۆژی 15ی ئەیلولی 2015 بە ناونیشانی (جزیرەکەی دیکە) بڵاوکراوەتەوە.**

عەقید دلێر فەرزندە زێباری، فەرماندەی لیوای یەکی هێزەکانی پاسەوانی سنوور:

# لە سنووری نێوان باشوور و ڕۆژئاوادا تریاکمان گرتووە



لە بارەگاکەی خۆی لەســەر سنووری نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان چاوەڕێی دەکردین، هەر زوو گوتی ناکرێ باس لە هەموو شتێک بکەین، زۆر شت لێرە دەکرێت، بەڵام هی ئەوە نین لە ڕاگەیاندن باس بکرێن. دوای سەردانێکی مەیدانی بۆ ســێ خاڵی چاودێریی سنوور، ئەو هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ عەقید دلێر فەرزندە زێباری، فەرماندەی لیوای یەکی پاسەوانی سنوور سازکرد.

عوبەید ڕەشاڤایی
ڕووداو - دهۆک

**ڕووداو: ئێستا لە گەلی باڵندان لە ڕۆژهەڵاتی ئامێدییەوە تاوەکو ئێرە (وەلیدیە)ی سەر بە زوممار، پاراستنی سنووری نێوان باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا بە دەست ئێوەیە، گەورەترین کێشە و مەترسییەکان کە ڕووبەڕووی ئێوە دەبنەوە چین؟**

**عەقید دلێر:** ئێمە بە درێژایی 245 کیلۆمەتر سنوور دەپارێزین، پەنجا مەخفەرمان هەیە، بەڵام تەنیا 1000 پاسەوانمان هەیە. ئەرکمان زۆر زۆر قورس بووە، هیچ شوێنێکیش نییە کێشەی تێدا نەبێ، لە دەڤەری بەرواری باڵا شتێک قاچاخچێتی پێدەکرێت، لە باتیفا شتێکی دیکە. لە سێگۆشەی باکوور، تورکیا و ڕۆژئاوا لە پێشابوور شتێکە و لە سحێلا بۆ مەحمودیە شتێکی دیکەیە.

**ڕووداو: لە دەڤەری بەرواری باڵا، باتیفا قاچاخچێتی دەکرێت و کەلوپەل دەبردرێت بۆ باکوور، ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن؟**

**عەقید دلێر:** مادام جیاوازیی لە نرخی کەلوپەلەکاندا هەیە، کاری قاچاخچێتی هەر دەبێت، هیچ سنوورێک بە توانای مرۆیی ناتوانرێت سەد دەر سەد کۆنترۆڵ بکرێت. ئێمە پێویستمان بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و کامێرا و تەلبەند و زۆر شتی دیکە هەیە، تاوەکو بتوانین ئەم هەموو سنوورە بە باشی کۆنترۆڵ بکەین، لەبیریشت نەچێت، جوگرافیای سنوورەکان لەبارە بۆ قاچاخچێتی. دوای نەمانی لیوای 11ی سنوور لە مووسڵ، هاتووین ئەو ئەرکەشمان بەسەر ڕێنماییەکاندا زاڵ کرد، هیچی پێ ناکرێت. بەڵێ، هەندێکجار ئەو کەسانەمان دەستگیرکردوون کە شتی مەترسیداریان هێناوە.

**ڕووداو: ڕاستە لە سنووری نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دەستتان بەسەر چەک و تریاکدا گرتووە؟**

## هیچ هەماهەنگییەکمان لەگەڵ یەپەگەدا نییە

**عەقید دلێر:** بەڵێ، پێش 10 ڕۆژ لە ناوچەی وەلیدیە دەستمان بەسەر برێک تریاکدا گرت کە دەیانویست لە ڕۆژئاواوە بۆ باشووری کوردستانی بهێنن. پێشتریش ئەو حاڵەتە ڕوویداوە. هەروەها لە ناوچەیەکی سەر بە دهۆکیش خەڵکانێک ویستوویانە چەکی کلاشینکۆف و بی کەی سی بۆ باکوور ببەن، دەستمان بەسەردا گرتووە.

**ڕووداو: هیچ هەماهەنگیتان لەگەڵ یەپەگە بۆ پاراستنی سنوور هەیە؟**

**عەقید دلێر:** نەخێر، بەهیچ شێوەیەک. جێبەجێ کردووە لە سحێلا تا مەحمودیە بە دووریی بیست کیلۆمەتر، بەڕاستی ئێستا پێویستمان بە 20 هەزار پاسەوانی دیکە هەیە بۆ پاراستنی سنوورەکان.

**ڕووداو: بەڵام ئێوە یاسا بەسەر خەڵکانێکی کەمدەرامەت جێبەجێ دەکەن و دەستگیریان دەکەن؟**

**عەقید دلێر:** ئێمە ئەوەی پێویست بێت بۆ پاراستی ئەمنیەت و بەرژەوەندیی وڵات دەیکەین، بەڵام بەڕاستیش ئەگەر پاسەوانێک سۆزی کوردایەتی خۆی هەندێک ئێمە ئیشی خۆمان دەکەین و ئەوانیش ئیشی خۆیان دەکەن. هەتا پێش شەش مانگێک ویستبوویان جلوبەرگی سەربازی بە قاچاخی ببەنە ڕۆژئاوا، نەمانهێشت و دەستمان بەسەردا گرت.

**ڕووداو: هەندێک ئێوە تۆمەتبار دەکەن بەوەی پاسەوانەکانتان بەنهێنی ڕێکدەکەون بۆ هێنانی کەلوپەل و لە بەرامبەر پارەدا چاوپۆشی لە قاچاخچییەکان دەکەن، ئەوە ڕاستە؟**

**عەقید دلێر:** نەخێر بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە، حەز دەکەم یەک بەڵگە و شایەت لەسەر ئەم قسەیە هەبێت.

**ڕووداو: ئێوە تۆمەتبار دەکرێن بەوەی هەڵسوکەوتی توند دەگرنە بەر لەگەڵ هاووڵاتیانی ڕۆژئاوای کوردستان، بۆ نموونە ژنانی ڕۆژئاوای کوردستان ویستوویانە ماست و هێلکە و پەنیر و مریشک بهێننە ئەو دیوە و بیفرۆشنەوە، بەڵام ئێوە دەستتان بەسەردا گرتووە؟**

**عەقید دلێر:** ئێمە زۆر دڵسۆزانە کاری خۆمان دەکەین، ئەوان گومرگیان لێوەردەگرن و ئینجا ڕێیان پێدەدەن، خەڵک هەبووە لەبەر ئەوەی بە بازگەکانی یەپەگەدا نەهاتووە و باجی نەداوە، تەقەیان لێکردووە و کوشتوویانە. بەڵام ئێمە ڕێیان لێدەگرین و دەست بەسەر شتەکانیاندا دەگرین، دوای ئیجرائات شتەکانیان دەدەینەوە.

**ڕووداو: ڕاستە هێزەکانی یەپەگە لەکاتی کۆنترۆڵکردنەوەی دەڤەرەکە هاتوونەتە چەند خاڵێکی سنووریی نێوانتان کە پێشتر هێزەکانی عێراقی لێبوون؟**

**عەقید دلێر:** دوو سێ مەخفەری عێراقی لیوای 11ی سنوور هەبوون لە مەحموودییەوە بۆ شەنگال، یەپەگە هاتوونەتە ئەو شوێنە، بەڵام پێشمەرگە خاڵەکانی خۆی لە پێشیان داناوە.

**ڕووداو: ئێوە هەر ئەو سنوورەی ڕۆژئاوا و باشوور لە سحێلا تا مەحموودیە دەپارێزن، یان بەشێوەیەکی کاتی لێرەن؟**

**عەقید دلێر:** بڕیار وایە دوو فەوجی دیکە بۆ لیوای ئێمە زیاد بکرێت و پاراستنی سنووری نێوان سحێلا تا شەنگال بە ئێمە بسپێردرێ.

ناتوانین سەد دەر سەت سنووری ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان کۆنترۆڵ بکەین

یەپەگە ویستوویەتی جلی سەربازی بە قاچاخ بباتە ڕۆژئاوا

مووسڵ ئەمریکا لە کورد نزیکتر دەکاتەوە

# سوپاسالاری پێشمەرگە:

# پێش گرتنەوەی مووسڵ، شنگال ئازاد دەکەین

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

بەگوێرەی ئەمریکییەکان، ئەو کاژێرەی لەدەستی بەرپرسە سەربازییەکانی سوپای عێراقدایە، زۆر لە پاشە. هەر ئەوەش وایکردووە ڕێگای هاتن و چوونی نێردە سەربازییەکانی ئیدارەی کۆشکی سپی زۆرتر بەرەو هەولێر و کەمتر روو لە بەغدا بێ.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە فەرماندە سەربازییەکانەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، ئەمریکا لە خەمساردیی بەغدا بێزار بووە و خەریکە کورد دەبێتە قسەکەری سەرەکی سەر ئەو مێزەی فایلی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵی لەسەرە.

سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە، ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە باس لە چوونی هێزێکی مەیدانیی ئەمریکی دەکەن بۆ نزیکی مووسڵ تاوەکو بەشداریی لە شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەیدا بکەن "ئێمە بەردەوام لە ناوچەکانی نزیکی مووسڵین و تاوەکو ئێستا هیچ هێزێکی ئەمریکی لەوێ نین".

فەریق جەمال محەممەد، سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەبەستێتەوە بە هەماهەنگیی پێشمەرگە و سوپای عێراق و لەوە زیاتر بە پێویست نازانێ "بەڵام کاتی دەستپێکردنی هێرشەکە دیاری نەکراوە و هێشتا کورد بڕیاری کۆتایی نەداوە لەوەی بەشداری شەڕی ناو مووسڵیش بکات یان نا".

سوپاسالاری پێشمەرگە نەیشاردەوە کە "پێشمەرگە هەریەک لە شنگال و قەرەقووش و باشیک و بەرتلە ئازاد دەکاتەوە، بەر لەوەی سوپای عێراق بچێتە ناو مووسڵ، کورد بەشداری شەڕی مووسڵ دەکات، بەڵام بۆچوونە ناو مووسڵ بڕیاری کۆتایی نەداوە".

شارە سوننەنشینەکان زوو کەوتنە دەست چەکدارانی داعش، بەڵام دەروازەی هاتنە ناوەوە و بەهێزبوونی داعش لە عێراق، مووسڵ بوو، دووەم گەورەترین پارێزگای عێراق کە بۆ کوردیش گرنگییەکی زۆری هەیە. ئەوە مووسڵە کە لە کۆتاییدا بڕیار لەسەر سەقامگیریی سنوورەکانی باشووری کوردستان دەدات، بەڵام بەرپرسێکی سەربازیی کورد ڕەتیدەکاتەوە کورد بۆ ئەوە بەشداریی شەڕی مووسڵ بکات کە ئۆقرەیی سنوورەکانی دەستبکەوێ.

شێخ جەعفەر مستەفا، فەرماندەی هێزەکانی 70 لە وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە وەک کورد مەرجمان بۆ بەشداری لەشەڕی مووسڵدا نییە و پێمان خۆشە خەڵکی مووسڵ بۆ خۆیان بتوانن چەک هەڵبگرن و ناوچەکانی خۆیان ئازاد بکەنەوە و پێویستیان بەکەس نەبێ، بەڵام بەشێکی مووسڵ کوردستانییە و لەبەر ئەوە بەشداری لە گرتنەوەی ئەو بەشە کوردستانییەدا دەکەین".

مانگی ئایاری ئەمساڵ، ئەمریکا بڕیاری دا سێ لیوای پێشمەرگە پڕچەک بکات. تاوەکو ئێستا ئەو سێ لیوایەی پێشمەرگە چەکی ئەمریکییان پێنەگەیشتووە، بەڵام شکستهێنانی ئەمریکا لە مەشقدانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لە تورکیا و ئەو هێزە سوننییەی عێراق کە دەیویست ئامادەیان بکات بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، وای لێکردووە ئێستا پێشمەرگە هێزی متمانەپێکراوی نمرە یەکی ناوچەکە بێت بەلایەوە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، لە فێرگە سەربازییەکەی تورکیا تەنیا چەند سەربازێکی ڕاهێنراو ماونەتەوە و لە هێزە سوننییەکانیشدا بەهەمانشێوە، هەر بۆیە ئەمریکییەکان بە تەواوی لەوە تووڕەن و ئەو نائومێدبوونەی خۆشیان بۆ بارزانی باس کردووە.

بەرپرسێکی سەربازیی کورد دەڵێ جموجوڵەکانی دەستپێکردنی شەڕی مووسڵ دەرکەوتوون و ئەمریکا لە هەوڵدایە سوپای عێراق و پێشمەرگە لەیەک نزیک بکاتەوە "ئەمریکا دەیەوێ پێش ڕومادی و هەر ناوچەیەکی دیکە، مووسڵ ئازاد بکرێتەوە. سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لە دوایین دیداری لەگەڵ ئەمریکییەکان پێیگوتوون کە پێشمەرگە مووچە و چەکی دەوێ".

ئەو بەرپرسە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، باسی ئەو گرێیانە دەکات کە لە بەردەم فایلی مووسڵدا دروستبوون و وەک ئەو دەڵێت، لە هەموو ڕوویەکەوە ئەمریکا لە کورد نزیکتر دەکەنەوە "چونکە ئەمریکا تێگەیشتووە لەوەی دەبێ کورد سەرکردایەتی ئەو شەڕە بکات و هەر ئەوەش وایکردووە بەغدا نەرمی بنوێنێ لەوەی بڕیار بدات پارە بۆ پێشمەرگە بنێرێ".

ئەو بەرپرسە ئاشکراشی کرد کە لە کۆبوونەوەی بارزانی و ساڵح موسلیم، سەرۆکی پەیەدەدا بە ئامادەبوونی ئەمریکییەکان، قسە لەسەر گرتنەوەی مووسڵ کراوە "ئەمریکا تێگەیشتووە لەوەی دەبێ نێوانی پارتی و پەکەکە و پەیەدە ئاسایی ببێتەوە، هەروەها دەیەوێ پێشمەرگەکانی ڕۆژئاوا بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان بۆ ئەوەی لە کاتی دەستپێکردنی شەڕی مووسڵدا، کورد بتوانێ ڕێگری لە هاتوچۆی هێزەکانی داعش بکات".

هەروەها دەڵێ، بارزانی مەرجێکی خستووەتە بەردەم ئەمریکییەکان بۆ بەشداریکردن لە شەڕی مووسڵ "بارزانی مەرجی ئەوەی هەیە، پێشمەرگە لە ناوچە کوردییەکانی مووسڵ ناکشێتەوە و تێیدا دەمێنێتەوە".

کورد بەڵگەی زۆری بەدەستەوەیە پێشانی ئەمریکییەکانی بدات لەوەی کە چەند جار لە عێراقدا هەڵەیان کردووە، لەو بابەخە زۆرەی بە سوپای عێراقیاندا و هیچیان نەچنییەوە. بەڵام چیدی ئەمریکا پشت بە سوپا پڕ چەک و پڕ ناکۆکییەکە نابەستێ و لەسەر زەمینی کردار وەڵامی دەوێ.

ئەندامێکی لیژنەی ناوخۆ و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق، گوتی "ئەمریکا گوشارێکی زۆری خستووەتە سەر ژووری ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنەوەی مووسڵ بۆ دەستپێکردنی شەڕ، پێدەچێ لە ناوەڕاستی مانگی داهاتوو ئەوە ڕووبدات". شاخەوان عەبدوڵڵا گوتیشی کە شەش فەوجی پۆلیسی خەڵکی مووسڵ لە سنووری تکریتن "بەڵام ئێستا ڕۆشن بووەتەوە کە شەڕی مووسڵ بەبێ کورد دەست پێناکات و ئەو شارەش بەبێ هێزی کورد ناگیرێتەوە، چونکە ئێستا ئەمریکا پشتی بە کورد بەستووە".

لە سەرچاوە ئاگادارەکانەوە (ڕووداو) زانیویەتی کە ئەمریکییەکان بەڵێنیان بە بارزانی داوە، پێش دەستپێکردنی شەڕی مووسڵ، بەغدا ناچار بکەن چەک و پارە بۆ پێشمەرگە بنێرێت و بۆ خۆشیان چەک دەدەنە ئەو سێ لیوایەی پێشمەرگە.



ڕووداو
ئابووری
ژمارە (376) دووشەممە 2015/9/21

## کرماشان و سلێمانی 3 گرێبەست واژۆ دەکەن



**ڕووداو- سلێمانی**

یاسین ڕەحیم، جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ژووری بازرگانی کرماشان لە وەرزی بەهاری داهاتوودا پێشانگایەک لە سلێمانی دەکەنەوە، جگە لەوەش هەردوو ژوور پرۆتۆکۆڵی هاوکاریکردن و کۆمپانیاکانی هەردوولاش سێ گرێبەستیان واژوو کردووە. یاسین ڕەحیم گوتی "بەپێی پرۆتۆکۆڵەکان، لەمەودوا بازرگانانی هەردوولا لە کاتی سەردانیان بۆ سلێمانی و کرماشان، وەک ئەندامی ژوورەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ". ڕۆژی 2015/9/15 وەفدێکی بازرگانانی سلێمانی سەردانی شاری کرماشانیان کرد و چوار ڕۆژ لەوێ مانەوە.

# 40 هەزار ئاژەڵ دەکرێنە قوربانی

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرپەرشتیاری سەربڕخانەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێشبینی دەکات لەماوەی 4 ڕۆژی جەژنی قوربانی ئەمساڵدا نزیکەی 40 هەزاڵ ئاژەڵ بەبۆنەی قوربانیکردنەوە سەرببڕدرێن.

بەپێی ئاماری سەربڕخانەکانی هەرێمی کوردستان کە وێنەیەکی دراوەتە ڕووداو، لە ماوەی سێ ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا دوو ملیۆن و 430 هەزار و 724 سەر مەڕ و بزن و 538 هەزار و 697 سەر ڕەشەوڵاخ سەربڕاون.

بەپێی ئامارەکە ساڵ بەساڵ خواست لەسەر گۆشتی سوور زیاد دەکات، سەرەڕای قەیرانی دارایی، بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 440 هەزار و 879 سەر مەڕ و بزن و 128 هەزار و 776 سەر ڕەشەوڵاخ لە سەربڕخانەکان سەربڕدراون.

دکتۆر میقداد ئیبراهیم، بەڕێوەبەری تەندروستی ئاژەڵ و سەرپەرشتیاری سەربڕخانەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێت "خواستی خواردنی گۆشتی سوور لە هەرێمی کوردستان ساڵ بە ساڵ لەزیابووندایە، زیادبوونەکەش ڕێژەی ستانداردی تێپەڕاندووە".

بەپێی ستانداردی جیهانی، ساڵانە بەتێکڕا هەر کەسێک پێویستی بە خواردنی 41.2 کیلۆگرام گۆشت هەیە، لەم بڕەش پێویستە 14.4 کیلۆگرام گۆشتی سوور بێ.

دکتۆر مقداد دەڵێت "بەپێی داتاکان بۆمان دەرکەوتووە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان زیاتر لەو بڕە دەخۆن، بۆیە خواست لەسەر خواردنی گۆشتی سوور لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە وڵاتانی ئەورووپی و تەنانەت دەوروبەریش زیاترە".

سەرەڕای قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام خواست لەسەر خواردنی گۆشتی سوور کەمی نەکردووە، ساڵی ڕابردوو بەراورد بەساڵی 2013 خواست لەسەر گۆشتی سوور 29% زیادی کردووە.

دکتۆر مقداد هۆکارەکە بۆ هاتنی بەلێشاوی ئاوارەکان دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "بەشێکی زیادبوونەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئاوارەکان، جگە لەوەش خەڵک هۆشیاریی زیاتر بووە و نزیکەی 20%یان لە سەربڕخانەکان ئاژەڵەکانیان سەردەبڕن، بۆیە داتای سەربڕخانەکان هەڵکشاوە".

بەپێی دوایین سەرژمێری وەزارەتی کشتوکاڵ کە لەساڵی ڕابردوو کراوە، دەرکەوتووە 4 ملیۆن و 596 هەزار و 935 سەر ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان هەن، بەڵام لە ساڵی 2007دا پێنج ملیۆن و 295 هەزار و193 سەر ئاژەڵ لە کوردستان هەبووە.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ پێیوایە زۆریی خواست لەسەر گۆشتی سوور و کەمبوونەوەی دەستی کار و پەیڕەوکردنی شێوازی کلاسیک بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ، وایکردووە ژمارەی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان وەک پێویست زیاد نەکات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، بەرهەمی گۆشتی سووری خۆماڵی لە ساڵی ڕابردوودا 66 هەزار تۆن بووە، ئەمە لەکاتێکدایە ئەگەر ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە 5.5 ملیۆن هەژمار بکەین و تێکڕای خواردنی گۆشتی سوور لەلایەن هەر تاکێکەوە بەپێی ستاندارد بخورێت، کوردستان لە ساڵێکدا پێویستی 79 هەزار و 200 تۆن گۆشتی سوور هەیە.

ڕەمەزان محەممەد دەڵێت "بۆ ئەوەی گوشاری سەربڕین لەسەر ئاژەڵی خۆماڵی کەم بکەینەوە، لە سەربڕخانەکان سەربڕینی ئاژەڵی مێینەمان قەدەغە کردووە، لە ڕێگەی هاوردەرکردنی ئاژەڵیش هەوڵی پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆمان داوە".

### 20 هەزار ئاژەڵ بۆ قوربانی

دوای لەبەرچاوگرتنی مەرج و ڕێنماییەکان بەگوێرەی پێداویستیی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ مۆڵەت دەداتە بازرگانان ئاژەڵی زیندوو لەو وڵاتانە بهێنن کە نەخۆشییان تێدا نییە.

دکتۆر جەمال شوکری سەعید، بەڕێوەبەری کەرەنتینەی ڤێترنەری هەرێمی کوردستان، دەڵێت "بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی کوردستان لە گۆشتی سوور ساڵانە ڕێگە بەهاوردەکردنی ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵی زیندوو دەدەین لە وڵاتانی وەک ئۆرگوای، جۆرجیا، ئەرمینیا و ئێرانەوە".

دکتۆر جەمال ئاشکرای کرد کە تەنیا بۆ جەژنی قوربان مۆڵەتی هاوردەکردنی 20 هەزار ئاژەڵیان داوە. جگە لەوەش ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ بە ڕێگەی قاچاخ لە سووریا و ئێران و تورکیاوە دەهێنرێنە کوردستان، بۆیە گوتی "پێشبینی دەکەم ئەمساڵ زۆرترین ئاژەڵ بۆ قوربانی سەرببڕدرێت".

### لە جەژنی قورباندا بە خۆڕاییە

ماوەی چەند ساڵێکە سەربڕخانەی پارێزگاکان لەکاتی جەژنی قورباندا بەخۆڕایی ئاژەڵ بۆ هاووڵاتیان و کۆمپانیا و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان سەردەبڕن، ئەمەش لە پێناو پاک ڕاگرتنی ژینگەی شارەکان.

هەڵمەت هەمزە، بەڕێوەبەری سەربڕخانەی هەولێر، بە (ڕووداو)ی گوت "لەپلانماندایە لە چوار ڕۆژی جەژندا ڕۆژانە 12 کاژێر بەخۆڕایی ئاژەڵ سەرببڕین، لیژنەیەکیشمان تەرخان کردووە بۆ گەیاندنی گۆشتی قوربانی بە سەنگەرەکانی پێشمەرگە".

ساڵی ڕابردوو لەشاری هەولێر تەنیا ڕێکخراوێک و کۆمپانیایەکی خێرخوازی بەشدارییان لە بەخشینی گۆشتی قوربانی بە پێشمەرگە کرد کە ئەویش تەنیا 186 سەر ڕەشەوڵاخ بوو. بەڵام هەڵمەت هەمزە دەڵێت "ئەمساڵ زۆر کەس پەیوەندیان پێوەکردووین و ئامادەییان نیشانداوە بۆ بەخشینی قوربانی بە پێشمەرگە، بۆیە پێشبینی دەکەم نزیکەی 400 سەر ڕەشەوڵاخ و 700 ئاژەڵی بچووک بۆ پێشمەرگ سەرببڕدرێ".


### 40 هەزار ئاژەڵ دەکرێنە قوربانی

بەڕێوەبەری سەربڕخانەی هەولێر پێشبینی دەکات لە چوار ڕۆژی جەژنی قورباندا زیاتر لە 10 هەزار ئاژەڵ لە هەولێر و دەوروبەری بکرێنە قوربانی.

بۆ هەرێمی کوردستانیش، دکتۆر میقداد پێشبینی دەکات نزیکەی 40 هەزار سەر ئاژەڵ سەرببڕدرێن، بەڵام دەڵێت "سەربڕینی ئەو ژمارە زۆرەی ئاژەڵ لە سەربڕخانەکاندا ئەستەمە، خەڵکیش حەز دەکات لە ماڵ قوربانی بکات، بۆیە بڕیاری دروستکردنی چەند تیمێکی گەڕۆکمان داوە، بۆ ئەوەی پشکنین بۆ ئەو ئاژەڵانە بکەن کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە گومانی نەخۆشیان لێدەکرێت".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)




**ژمارەی ئاژەڵانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014دا**

| پارێزگا | مەڕ | بزن | مانگا - گا | گامێش | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 793.000 | 507.000 | 65.000 | - | 1.365.000 |
| سلێمانی | 1.054.412 | 354.805 | 138.008 | 620 | 1.547.845 |
| دهۆک | 776.323 | 273.223 | 47.863 | - | 1.097.409 |
| گەرمیان | 489.141 | 88.921 | 6.128 | 2.500 | 586.690 |
| کۆی گشتی | 3.112.867 | 1.223.949 | 256.999 | 3.120 | 4.596.935 |

# خواست لەسەر کڕینی کەلوپەلی قوتابخانە نەماوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی هاوردەکردنی کەلوپەلی قوتابخانە لە شاری هەولێر دەڵێت بەهۆی قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچەوە، خواست لەسەر کڕینی کەلوپەلی قوتابخانە بە ڕێژەی 50% دابەزیوە و "بێ بازاڕییەک ڕووی تێکردووین لە 10 ساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە".

لەشاری هەولێر زیاتر لە 40 پەڕاوگە و کۆمپانیای تایبەت بە هاوردەکردن و فرۆشتنی کەلوپەلی قوتابخانە هەن، لەگەڵ سەدان پێشانگەی بچووکی فرۆشتنی کەلوپەلی قوتابخانە لەنێو بازاڕ و مۆڵەکان کە ساڵانی پێشتر لە دەستپێکی وەرزی نوێی خوێندندا جمەیان دەهات، بەڵام ئەمساڵ بازاڕیان لاوازە.

ڕزگار عەبدولقادر، بەڕێوەبەری کۆمپانیای بێخاڵ بۆ هاوردەکردنی کەلوپەلی قوتابخانە و چاپ، دەڵێت "بەر لە قەیرانی دارایی، فرۆشی کەلوپەلی قوتابخانە بەتایبەت لە دەستپێکی وەرزی خوێندندا زۆر باش بوو، لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا نزیکەی 9 حاویە کەلوپەلمان دەفرۆشت، بەڵام لەساڵی ڕابردووەوە فرۆشمان زۆر کەم بووەتەوە".

ڕزگار کە زیاتر لە 25 ساڵە بەفرۆشتنی کەلوپەلی قوتابخانەوە خەریکە، دەڵێت "سێ مانگ بەر لە دەستپێکی وەرزی خوێندنی هەموو ساڵێک بۆ هێنانی کەلوپەلی نوێی قوتابخانە سەردانی چینمان دەکرد و نزیکەی 10 حاویە کەلوپەلمان دەهێنا و لەماوەی مانگێکدا دەمانفرۆشت، بەڵام ئەمساڵ تەنیا دوو حاویەم هێناوە و تاوەکو ئێستا 25%یم نەفرۆشتووە".

ڕزگار هۆکاری ئەو بێ بازاڕییەی بۆ قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەران گێڕایەوە و گوتی "فرۆشمان بە ڕێژەی زیاتر لە 75% دابەزیوە. بێ بازاڕییەک ڕووی تێکردووین لە 10 ساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە".

ساڵانە لە دەستپێکی وەرزی خوێندندا پێشانگەی گەورەی تایبەت بەکەلوپەلی قوتابخانە دەکرانەوە کە کۆمپانیا و پەڕاوگەکان بەشدارییان تێدا دەکرد، بەڵام ماوەی دوو ساڵە ئەم پێشانگایانە کەمتر بوونەتەوە و لەسەر ئاستی زۆر بچووک دەکرێنەوە.

پەڕاوگەکەی ڕزگار یەکێک بوو لەو هەشت پەڕاوگەیەی کە بەشداری لە کردنەوەی یەکەم پێشانگەی کەلوپەلی قوتابخانە لەساڵی 2011دا لە شاری هەولێر کرد، ڕزگار گوتی "لەو پێشانگایە بازاڕێکی زۆر باشمان هەبوو، لە ماوەی هەفتەیەکدا بایی 70 ملیۆن دینار کەلوپەلمان فرۆشت".

لەدوای تێکچوونی بارودۆخی ئاسایشی شاری بەغدا و موسڵ و شارەکانی دیکەی عێراق، بەشێک لە کۆمپانیاکانی بازرگانیی کەلوپەلی قوتابخانە ڕوویان لەشارەکانی کوردستان کرد و لق و ئۆفیسی سەرەکییان لە هەولێر دامەزراند.

کۆمپانیای نور المعارف، بۆ بازرگانیی کەلوپەلی پەڕاوگەی قوتابخانە و چاپ، یەکێکە لەو کۆمپانیانەی لقی لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی کردووەتەوە.

شەهاب عومەر، بەڕێوەبەری لقی هەولێری کۆمپانیای نور المعارف دەڵێت "بەراورد بە ساڵی ڕابردوو فرۆشمان بە ڕێژەی 50% دابەزیوە، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو 5 حاویە کەلوپەلی قوتابخانەمان هێنا تا ئەم کاتە نیوەیمان فرۆشتبوو، بەڵام ئەمساڵ دوو حاویە و نیومان هێناوە تاوەکو ئێستا نیوەیمان نەفرۆشتووە". گوتیشی "ساڵانی ڕابردوو لەم کاتەدا کۆمپانیاکەم جمەی دەهات لە کڕیار، تەنانەت کاتمان نەبوو کەلوپەلەکانیشمان ڕێکبخەینەوە، بەڵام ئەمساڵ کڕیار یەکجار کەم بووە".

کۆمپانیاکەی شەهاب لقی سەرەکی لە شاری بەغدایە و لەساڵی 1932 دامەزراوە، لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی و بەسراش لقی هەیە.

شەهاب پێیوایە جگە لە قەیرانی دارایی، زۆربوونی ژمارەی کۆمپانیا و پەڕاوگەکان و کردنەوەی پەڕاوگە لە زۆربەی مۆڵەکان هۆکارن بۆ کەمبوونەوەی فرۆشی کۆمپانیاکانی هاوشێوەی ئەوان. شەهاب گوتی "هەر پەڕاوگەیەک چەند دەفتەرێک دۆلار کۆدەکاتەوە و دەچێت لە چین کەلوپەلی خراپ دێنێ و لێرە ساغی دەکاتەوە، ئەمەش وایکردووە فرۆشی کەلوپەلی مارکە و کواڵێتی باشەکان وەک پێویست بازاڕیان نەبێت".

ئەو بێبازاڕییەی کەلوپەلی قوتابخانەکان، پەڕاوگە بچووکەکان و نرخ هەرزانەکانیشی گرتووەتەوە. سابیر عومەر، خاوەنی پەڕاوگەی ژووان، کە ماوەی 5 ساڵە پەڕاوگەیەکی کردووەتەوە، باسی بێ بازاڕیی خۆیان دەکات و دەڵێت "بەراورد بە ساڵی ڕابردوو فرۆشم بە ڕێژەی 60% کەمی کردووە، ئەویش بەهۆی قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچەوەیە".

سابیر دەڵێت "پێشتر ئەگەر خێزانێک دوو قوتابی هەبووایە دەهات 10 دەفتەر و چەند دەستە قەڵەمێک و دوو جانتای دەکڕی، بەڵام ئەمساڵ هەمان خێزان 4 دەفتەر و دەستەیەک قەڵەم دەکڕێت و جانتای ساڵی ڕابردووش بەکاردێنێ".

سابیر عومەر پێشبینی دەکات بەهۆی نەمانی بازاڕەوە بەشێک لە کەلوپەلەکانی بمێنێتەوە و نەفرۆشرێت "ئەمساڵ کەمتر لە نیوەی کەلوپەلەکانم فرۆشتووە، بۆیە پێشبینی دەکەم بەشێک لە کەلوپەلەکانم نەفرۆشرێ و بۆ ساڵی داهاتوو لەسەرم بمێنێتەوە".



## پەرلەمان بەدوای کۆچبەرە ونبووەکاندا دەگەڕێت

**رووداو- هەولێر**

زانا عەبدولڕەحمان، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردی لە پەرلەمانی کوردستان، رایگەیاند لیژنەکەیان بەدواداچوون بۆ کێشەی ئەو کۆچبەرانە دەکات کە بێسەروشوێنن، ئەو گوتی "داوا لە خێزانەکانیان دەکەین ناو وێنەیەکیان بگەیەننە نووسینگەکانی پەرلەمان تاوەکو ئێمەش بەدواداچوونی ورد بۆ چارەنووسیان بکەین".

زانا عەبدولڕەحمان ئاشکرای کرد 20 خێزان پەیوەندییان پێوەکردوون کە کەسوکاریان ونبووە. بەپێی ئامارەکانی لقی کوردستانی فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراق ئەمساڵ 12 هەزار کەس لە کوردستان کۆچیان کردووە، لەو ژمارەیەش 35 کەسیان بێسەروشوێنن.



تاراوگە

رووداو

ژمارە (376) دووشەممە 2015/9/21

## کۆچبەران کۆمەڵگەی سوێدی بەسەر دوو بەرەدا بەش دەکەن

# رۆژانە 1000 کۆچبەر دەگەنە سوێد

**رووداو - ستۆکهۆڵم**

شەپۆلی ئێستای کۆچبەران بەرەو سوێد کە لە 20 ساڵی رابردوودا وێنەی نەبووە، کۆمەڵگەی سوێدی بەسەر دوو بەرەدا بەش کردووە، بەرەیەک کەمپین لەسەر کەمپین ساز دەکەن بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ کۆچبەران، بەرەیەکیش دژی هاتنی بە لێشاوی کۆچبەرانن بۆ وڵاتەکەیان.

سوید وەک یەکێک لە وڵاتە سەرەکییەکانی باکووری ئەورووپا، هەمیشە پێشەنگی بواری خزمەتگوزاریی مرۆیی بووە بۆ پەنابەران، بەڵام ئێستا کەمترین خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکات.

ماریا ئێریکسۆن، لە رێکخراوی ژیانی شایستە بۆ پەنابەران (MFP) بە (رووداو)ی گوت "لەماوەی 50 ساڵی رابردوودا لە سوێد یەکەمجارە بەو شێوە خراپە خزمەتگوزاری پێشکەش بە پەنابەران بکرێت".

بەڵام ئەردەلال شەکرابی، وەزیری کاروباری سڤیل دەڵێت کەمیی خزمەتگوزاری بۆ پەنابەران پەیوەندی بە مانەوەی کێشەکە هەیە لەبەردەم دادگا، ئەگەرنا نزیکەی 3000 شوێن بۆ کۆچبەرانی تازە ئامادە کراوە.

شەکرابی کە هاوکات سەرپەرشتی پرۆسەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان دەکات، گوتیشی "ئێمە بەپێی بڕیارەکانی کۆمیسیۆنی ئەورووپا دەڕۆین".

دوو هەفتە لەمەوبەر 1800 پەنابەر لە دانیمارکەوە گەیشتنە سوید و زۆربەیان بەبێ شوێن لە شاری مالمۆی باشووری ئەو وڵاتە ماونەتەوە و بە گوتەی ماریا ئێریکسۆن "جگە لە خراپیی رەوشی ژیانیان، تووشی دابڕانی خێزانیی بوون".

رەوشەن ئەدیب، کوردی دانیشتووی ئەو شارە کە وەک خۆبەخشێک لەگەڵ هاوکارە کوردەکانی هاتوون و خزمەت پێشکەشی کۆچبەران دەکەن، بە (رووداو)ی گوت "ئەو کۆچبەرانە زۆربەیان خەڵکی سووریا بوون و عەرەب و کریستیان بوون، ژمارەیەکی کەمیان خەڵکی باشووری کوردستانن، بەڵام ئەوان نایانەوێ لێرە بمێننەوە و دەیانەوێت بچن بۆ فینلاند".

رەوشەن باسی خراپیی رەوشی کۆچبەرەکانی کرد و گوتی "خێزانی تێدابوو زیاتر لە دوو رۆژ بوو تەنیا یەک ژەم نانیان خواردبوو".

### هەفتانە 7000 کۆچبەر دەچنە سوێد

لەگەڵ کردنەوەی سنووری نێوان سوێد و دانیمارک، تەنیا لە هەفتەی یەکەمدا 1800 کەس روویان لە شاری مالمۆ کرد، جگە لەوانەی لە رێگەی ئاسمانی و رێگاکانی دیکەوە دێنە نێو سنووری سوێد.

ئەندێرش دانیەلسۆن، بەڕێوەبەری گشتیی دامەزراوەی کۆچی سوید رایگەیاند "هەفتانە 7000 کۆچبەر دێنە نێو خاکی سوێد". بەڵام دەڵێت "بەخشینی مافی مانەوە ئەگەرێکی زۆر ئەستەمە".

### سوێدییەکان دەبنە دوو بەرە

ئەوانەی خزمەتی کۆچبەران دەکەن، زۆربەیان بەڕەچەڵەک خەڵکی وڵاتانی دیکەن، ئەوان دەڵێن کاتێک ئەو کۆچبەرانە دەبینن، ئەزموونی رابردووی خۆیان بیردێتەوە و لە نەهامەتییەکانیان تێدەگەن.

بەها کە خەڵکی دیمەشقە و دەمێکە لە سوید دەژیت، گوتی "ئێمە بەڕێگەی مەرگدا هاتین و بووینە هاووڵاتی سوید، بۆیە دەزانین کۆچبەران لە چ رەوشێکدا دەژین". بەها لە گرووپێکی خۆبەخشدا کار دەکات کە کورد، سوێدی، تورک و عەرەبی تێدایە. ئەو دەڵێت "ئەوەندەی بتوانین لەماڵەوە شمەکی خۆمان دەهێنین، هەروەها پارەمان کۆ کردووەتەوە و چا و قاوە و هەندێک شیرنەمەنییان پێشکەش دەکەین".

یەکتا کە هاوژینی بەهایە و پارێزەرە، دەڵێت "لەگەڵ سێ پارێزەری سوێدی بەشێوەیەکی خۆبەخشانە کاری یاسایی سەرەتایی بۆ کۆچبەران دەکەین".

بەها و یەکتا لەگەڵ چەندین پەنابەر و هاووڵاتی سوێدی لەژێر چەتری رێکخراوەکەی ماریا ئێریکسۆن کار دەکەن. کارەکەیان هەرچەندە مرۆڤانەیە، بەڵام بێ باج نەبووە.

ماریا دەڵێت "رێکخراوەکەمان لە کاتی کۆکردنەوەی پارە بۆ گەیشتنی یەکەم کاروانی کۆچبەران، لەلایەن راسیست و نازیستەکانەوە رووبەڕووی هێرش بووەوە". گوتیشی رۆژانە هێرشیان دەکرێتە سەر "ئەوەش گوزارشتێکە لە دابەشبوونی کۆمەڵگەی سویدی بەسەر دوو بەرە".

هاژە و هێلین دوو خوشکی خۆبەخشن کۆمەکی کۆچبەران دەکەن. ئەوان گوتیان "چەند گەنجێکی سویدی هێرشیان کردینە سەر و مێزەکەیان شکاندین".

ئێریکسۆن کە کۆمەڵناسیشە، گوتی: "دژایەتیکردنی گرووپێک مەرج نییە نیشانەی زۆربوونی گرووپی نەژادپەرست و نازیست بێ". بەڵام جەختی لەسەر نامۆیی ئەو کارانە کردەوە و گوتی "بۆ سوید زۆر نوێیە و لە رووی کۆمەڵایەتییەوە هەڵوەستەی دەوێت".

### پۆلیس بەدوای قاچاخچیاندا دەگەڕێت

سوپاسالاری نوێی سوید رایگەیاند کە "لە رووی سەربازییەوە توانای پاراستنی سنووورە ئاوییەکانمان لە بەلکان هەیە". ئەم بڕیارەی هێزی دەریایی سوید هاوکات بوو لەگەڵ دەستگیرکردنی چەند کەسێک کە بە قاچاخچی ناویان هاتووە.

"تەنیا ئاسانکاریمان بۆ کۆچبەران کردبوو لە گواستنەوەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە". ئەمە قسەی گەنجێکی هەنگارییە بەناوی رۆبنس. بەڵام پۆلیسی سوێد دەڵێت "گواستنەوەی کۆچبەران لەلایەن گرووپە خۆبەخشەکانەوە دەچێتە خانەی قاچاخچێتی".

دوای کەمتر لە هەفتەیەک، پۆلیس لە بڕیارەکەی پاشگەز بووەوە. فرێدریک ئەندرسۆن، فەرماندەی باڵای پۆلیسی ستۆکهۆڵم گوتی "سوود لە گرووپە خۆبەخشەکان و رێکخراوەکان وەردەگرین بۆ گەیاندنی کۆچبەرەکان بە فەرمانگەی کۆچ".

پۆلیسی سوید دەستگیرکردنی زیاتر لە 6 گرووپی قاچاخچی کۆچبەرانی راگەیاندووە و تەنیا لە هەرێمی سکۆنەش دەستگیرکردنی 21 کەس بەو تاوانە راگەیەندرا، بەڵام هیچ زانیارییەک لەبارەیانەوە ئاشکرا نەکراوە.

ئێڤا گون ڤەستفۆرد، بەرپرسی چاپەمەنیی پۆلیس بە رۆژنامەی سیدسڤەنسکانی راگەیاند "هێنان و بردنی کەسانێک کە هێشتا مۆڵەتی مانەوەیان نییە، بەپێی یاسا تاوانە".

### وێستگەیەکی کاتی

دوای توندکردنی سنوورەکانی نێوان هەنگاریا و نەمسا لەلایەک و فەرەنسا و بەریتانیا لەلایەکی دیکە، شاڵاوی کۆچبەران بۆ وڵاتانی ئەسکەندەنافی زیادی کرد. ئاسۆ ئەسعەد کۆچبەرێکی کوردە دەڵێ "پێشتر لە نەمسا بووم، بەڵام مامەڵەی پۆلیسی سوێد و ئاسانکارییەکانی دامەزراوەی کۆچ، هانیداین روو لەم وڵاتە بکەین، ئەگەر بمانزانیبایە زووتر دەهاتین".

ئەوانەی متمانەی نەمسا و ئەڵمانیایان نەماوە، بە شەمەندەفەر روو لە شاری کۆپنهاگن لە دانیمارک دەکەن، لەوێش بە شەمەندەفەر دەچنە مالمۆ و پاشان یۆتۆبۆری، یان ستۆکهۆڵم کە کوردی زۆری لێیە. ئاسۆ لەگەڵ سێ لە هاوڕێکانی بەو رێگایەدا هاتوونەتە سوێد.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، جگە لە کریستیان و ژمارەیەکی زۆر کەمی کوردی ئێزدی، ئەوانی دیکە تەنیا وەک ترانزێت سوود لە سوید وەردەگرن. فەرهاد بناڤی کە لە ساڵی 2006 هاتووەتە سوێد، بەڵام لە ساڵی 2008 بە زۆر دەرکراوە و ئێستا دووبارە گەڕاوەتەوە سوێد، گوتی "چاوەڕوانی ئارامبوونەوەی رەوشەکەین و دەچین بەرەو فینلاند یان نەرویج، لەوێ ئەگەر مافی مانەوەشمان نەدەنێ دیپۆرتمان ناکەنەوە، بەڵام متمانەمان بە سوید نەماوە".

سوید لە سێ پرۆسەی جیاوازدا لە ساڵەکانی 2008 تاوەکو 2013 کوردی باشووری کوردستانی گەڕاندەوە.

هەرێم باجەلان کە پارێزەرێکی کوردە و ژمارەیەکی زۆر لە دۆسیەی کۆچبەرانی لەلایە، دەڵێت "سوید نیازی ئەوەی نییە مافی مانەوەی بەردەوام بداتە عێراقییەکان، بەتایبەت ئەگەر کۆچبەرەکە دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێ". گوتیشی "کۆچبەرانی باشووری کوردستانیش ئەو راستییە دەزانن، بۆیە لە سوێد نامێننەوە و دەچنە فینلاند".



کۆچبەرانی کوردی باشووری کوردستان سوێد وەکو ترانزێت بەکاردێنن

(فۆتۆ: AFP)

# ئەڵمانیا ساڵانە پێویستی بە نیو ملیۆن پەنابەر هەیە

**پڕۆڵا گەرمیانی**
**رووداو - ماینز**

سیاسەتڤانان و خەڵکانی خۆبەخش لە ئەڵمانیا کاردانەوەی جیاوازیان نیشاندا بەرامبەر بڕیاری حکومەتی وڵاتەکەیان سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر ئەو لێشاوەی کۆچبەران کە روویان لە ئەورووپا کردووە.

تۆبیاس هەچ لە پارتی لیبراڵ دیموکرات رایگەیاند، کۆنترۆڵکردن کە مانای کۆتاییهێنانی کاتییە بە 20 ساڵ لە ئازادیی هاتوچۆ لە نێوان وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا، تەنیا بۆ "نمایشە"و رێگە لە گەیشتنی کۆچبەران ناگرێت.

ئەو سیاسەتڤانە تەمەن 34 ساڵە بە (رووداو)ی گوت "رێوشوێنی نوێ بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان بێتوانایی و بێدەسەڵاتیی تەواوی حکومەتی فیدراڵی دەردەخات. ئەگەر خەڵک بیانەوێ بگەنە ئەڵمانیا ئەوا بەهەر شێوەیەک بێت دەگەن."

حکومەتی ئەڵمانیا هەفتەی رابردوو بڕیاری دا سنووری وڵاتەکەی بەرووی کۆچبەراندا دابخات، بەمەش وڵاتانی یەکێتی ئەورووپای تووشی شۆک کرد کە رووبەڕووی ئاستەنگی زۆر بوونەتەوە لە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەو شەپۆلی کۆچبەرانەی لە پاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە بە گەورەترین قەیرانی کۆچبەران ناوزەند دەکرێت.

زۆر لە کۆچبەران دەگەنە سنوورەکانی وڵاتانی وەک یۆنان و هەنگاریا و ئیتاڵیا، بەڵام دەیانەوێ بڕۆنە ئەو وڵاتانەی کە ئابوورییەکی باشیان هەیە وەک سوێد و ئەڵمانیا.

لەدوای ئەڵمانیا، هەر یەک لە هۆڵەندا، سلۆڤاکیا و نەمسا رایانگەیاند کە رێوشوێنی توند لەسەر سنوورەکانیان دەگرنەبەر. وڵاتانی یەکێتی ئەورووپاش رەزامەندییان نیشانداوە لەسەر دابینکردنی شوێن بۆ 32 هەزار پەنابەری وڵاتانی یۆنان و ئیتاڵیا.

تۆماس دی مەزیری، وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا بەرگری لە بڕیاری وڵاتەکەی کرد سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و گوتی "ئامانج لەم رێوشوێنانە سنووردارکردنی شەپۆلی کۆچبەرانە بۆ ناو ئەڵمانیا و گەڕانەوەیە بۆ پرۆسەیەکی رێکخراو کە تێیدا خەڵک بتوانێ بێتە وڵاتەوە."

بەڵام گریگۆر گیس، هاوسەرۆکی پارتی چەپ دیلینکە، گوتی قەیرانی کۆچبەرانی ئەورووپا بە داخستنی سنوورەکان چارەسەر ناکرێ "دەکرێت سنوورەکان دابخرێن، بەڵام کێشەکان بەم رێوشوێنانە چارەسەر ناکرێن. کاتی ئەوە هاتووە هۆکارەکانی ئەو قەیرانە بە زووترین کات و کاریگەرترین شێوە چارەسەر بکرێن".

سیگمار گابرێل، جێگری راوێژکاری ئەڵمانیا لە نامەیەکدا بۆ پارتەکەی (پارتی سۆشیال دیموکرات) گوتی ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی لە ئەڵمانیا چاوەڕێ دەکەن رەنگە تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ لە 800 هەزار کەسەوە بەرزبێتەوە بۆ یەک ملیۆن.

سیگمار گوتی "ئەڵمانیا بەهێزە و دەتوانێ شتیان بۆ دابین بکات، بەڵام لە چەند رۆژی رابردوودا بۆمان دەرکەوت کە تەنانەت تواناکانی ئێمەش سنووردارە، بەتایبەتی کاتێک کۆچبەران بەو لێشاوە دێنە وڵاتەکەمانەوە".

سەرەتای هەفتەی رابردوو پتر لە 13 هەزار پەنابەر رژانە سەنتەری شاری میونشن و شوێنەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا، ئەوەش بووە هۆی دروستبوونی بێ سەروبەرییەکی زیاد لە توانای ئەفسەرانی پۆلیس و خۆبەخشەکان. ئەو شارەی باشوور بووەتە خاڵی هاتنە ناوەوەی کۆچبەران بۆ ناو ئەڵمانیا.

دیتەر ریتەر، عومدەی شاری میونشن هۆشداریی دا لەوەی کە شارەکە شوێنی بەتاڵی تێدا نەماوەو گوتی پێویستیان بە نزیکەی 50 هەزار شوێن هەیە بۆ نیشتەجێکردنی کۆچبەران کە زۆربەیان سوورین.

رۆژنامەی ناوخۆیی سودوسچێ زەیتونگ لە راپۆرتێکیدا رایگەیاند، بەهۆی نەبوونی شوێنەوە خەڵک لە وێستگەکاتی شەمەندەفەر دەخەون کە هەندێکیان تەنیا چاکەتێکیان لەبەردایە.

بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا بۆ داخستنی سنوورەکان رەنگە هەناسەیەک بداتە شار و شارۆچکەکانی ئەو وڵاتە کە لە هەوڵی دابینکردنی شوێندان بۆ ئەو کۆچبەرانە.

رێژین بەکر کە خەڵکی کەرکووکە و یەکێکە لەو هەزاران خۆبەخشەی بەبێ وچان کاردەکەن بۆ هاوکاریکردنی کۆچبەران، گوتی "ئەو رێوشوێنە نوێیەی حکومەتی ئەڵمانیا مایەی تێگەیشتنە. زۆربەی ئەڵمانەکان بە گەرمی پێشوازییان لەو کۆچبەرانە کردووە، بەڵام وردە وردە بەتایبەت لەشارە گەورەکانی وەک دۆرتمۆند و کۆڵن تێبینی دەکەین کە رێژەکە ئەوەندە زۆرە، شوێنی مانەوەی پێویست نییە".



ئەو پەنابەرە کوردە لەگەڵ داخستنی سنووردایە بەرووی کۆچبەران و دەڵێت "لەم بارودۆخەدا، کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان زۆر پێویستە، چونکە هاتنە ناوەوەی کۆچبەران بەشێوەیەکی رێکخراو رەنگە هاوکاری ئەڵمانیاش بکات لە دابینکردنی پێویستیەکانیان بەشێوەیەکی باش."

پارتە موحافزکارەکانی ئەڵمانیا کە دژی هاتنەناوەوەی کۆچبەرانن، ستایشی بڕیاری داخستنی سنوورەکانیان کرد "ئەمە هێمایەکی گرنگە بۆ هەموو جیهان و حکومەتی ئەڵمانیا خۆیشی. ئەمە دەستپێشخەریی باڤاریەکانە". هۆرست سیهۆفەر، سەرۆکوەزیرانی ویلایەتی باڤاریای ئەڵمانیا بە شانازییەوە وایگوت.

## فاتیمە بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە

**دەریاز یونس/ ڕووداو – هەولێر**

فاتیمە غەدان، ئەو کچە کوردەی کە بەشداری لە پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی گەردوونەکان کرد لە وڵاتی ئیکوادۆر، دوای بڕینی هەزارەها کیلۆمەتر، بەبێ ئەنجام گەڕایەوە. فاتمە غەدان بە (ڕووداو)ی گوت "زیاتر لە 30 کاژێر لە نێو فرۆکە بووم، تاوەکو گەیشتمە ئیکوادۆر زۆر ماندوو بووم". گوتیشی، "ئەوەی دڵخۆشیکردم ئەوەبوو کە بەڕێوەبەرایەتی ڕێورەسمەکە وەکو دەوڵەت مامەڵەیان لەگەڵ کوردستان دەکرد". لە بارەی ئەنجامی کێبڕکێیەکەش غەدان گوتی "کچێکی بەڕازیلی بەناوی ناتالیا ناسناوەکەی بردەوە".





نارین فەقێ بۆ (ڕووداو):

# شڤان پەروەر و دڵشاد سەعید منیان بە یەکەم هەڵبژارد

ژنە هونەرمەندی ڕۆژئاوای کوردستان نارین فەقێ دەڵێت سەربەرزە بەوەی هاوژینەکەی یەکێکە لە موزیسیانە بەنێوبانگەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بووەتە هاوکارێک بۆ کارەکانی "ئەگەر هاوژینەکەم نەبووایە نەمدەتوانی وەک ئێستا کار بکەم". جگە لەوەش بەلایەوە گرنگە بەردەوام بەرهەمی فۆلکلۆری نوێ بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو هونەرە لای نەوەی نوێ، ون نەبێت. نارین فەقێ تەمەنی 35 ساڵە و لە شاری دێرکا حەمکۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان لە بنەماڵەیەکی هونەری لەدایک بووە و باوک و باپیریشی هونەرمەند بوون، دیوەخانی ماڵباتەکەشیان هەمیشە شوێنی کۆبوونەوەی هونەرمەندە بەنێوبانگە کۆچکردووەکان بووە و کاریگەریی زۆریان لەسەری دروستکردووە. نارین تاوەکو ئێستا چوار ئەلبوومی گۆرانی بڵاوکردووەتەوە.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال

ڕووداو – سلێمانی

**ڕووداو: تاوەکو ساڵی چەند لە ڕۆژئاوای کوردستان بوویت؟**

**نارین:** نزیکەی هەشت ساڵ لەوێ بووم، پاشان لە تەمەنی 10 ساڵییەوە لەگەڵ خێزانەکەم ڕۆژئاوای کوردستانم جێهێشت و چووینە سوێد. لەوێ دەستم بە خوێندن کرد و بکالۆریۆسم لە بواری کۆمەڵگە و یاسا وەرگرت. هەر لە کاتی خوێندنەکەشدا ساڵی 2004 لە پێشبڕکێیەکی فیدراسیۆنی کوردستانیدا بەشداریم کرد و دواتر لەلایەن مامۆستایان شڤان پەروەر و دڵشاد سەعید وەکو یەکەم گەنج هەڵبژێردرام و گۆرانییەکیان بۆ دروستکردم.

**ڕووداو: بەڵام تۆ لە بنەماڵەیەکی هونەری گەورە بوویت، بۆچی وا درەنگ دەستت بە گۆرانیگوتن کرد؟**

**نارین:** لەبەرئەوەی خەونم ئەوە بوو یاسا بخوێنم، بەڵام پێش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، ئەلبوومێکم بەنێوی نالینەک کە لە چوار گۆرانی پێکهاتبوو بڵاوکردەوە.

**ڕووداو: وەکو دەزانین سەرەتا بە فۆلکلۆر دەستت پێکرد، بۆچی؟**

**نارین:** چونکە ئەگەر بە فۆلکلۆر دەست پێنەکەین ناتوانین کاری باشتر بکەین، فۆلکلۆر چیرۆکی کۆمەڵگەکەی خۆمانە و ئەگەر ئەو چیرۆکانە لە کۆنسێرت و ئەلبوومەکاندا بۆ گەنجی نوێ تازە نەکەینەوە، ئیدی نەوەی نوێ بە فۆلکلۆر ئاشنا نابن.

**ڕووداو: بەنیازی هەر لەسەر فۆلکلۆر بمێنیتەوە، یاخود بە ستایلی نوێش گۆرانی بڵێیت؟**

**نارین:** بێگومان لەسەر ستایلەکانی دیکەش گۆرانی دەڵێم، لەوانەش کلاسیک و جاز.

**ڕووداو: دوایین ئەلبوومت بەنێوی زمانی دایە، مەبەستت لە زمانی دایە چییە؟**

**نارین:** ئەو بەرهەمە تێکستی مامۆستا ئەدیب چەلکی و ئاوازی نیهاد عەلییە، ئامانجم ئەوەبوو کە هەرچەندە مێژووی زمانی کوردی لە گۆڕاندایە و چەندین شێوەزاری جیاوازیش هەبن، بەڵام هەمووی لە خزمەتی گۆرانی کوردییە و بەڕای خۆشم، ئەو بەرهەمە یەکێکە لە بەرهەمە باشەکانم.

**ڕووداو: تۆ یەکێکیت لەو هونەرمەندە کرمانجیانەی چەند گۆرانییەکت بەشێوەزاری سۆرانی گوتووە، بەردەوام دەبیت لە گوتنەوەی گۆرانی سۆرانی؟**

**نارین:** بێگومان بەردەوام دەبم، چونکە لای من شێوەزاری سۆرانی لەگەڵ شێوەزارەکانی دیکە جیاوازییان نییە و دەمەوێ لە هەموو ئەلبوومێکدا دوو تا سێ گۆرانی سۆرانی بڵێم.

**ڕووداو: بۆ گۆرانی سۆرانی کێ زیاتر هاوکاریی کردوویت؟**

**نارین:** زۆر هاوڕێم هەن لەوانەش ئەکرەم ئەمین بە تێکست و چەند موزیسیانێکیش.

**ڕووداو: دوو ساڵ لە بواری هونەر دوورکەوتیتەوە، بۆچی؟**

**نارین:** ڕاستە، حەزم کرد زیاتر گرنگی بە ڕۆنیای کچم بدەم، چونکە بوومە دایک و دەمویست کچەکەم بە ئارامی بژی.

**ڕووداو: کەی شووت کردووە؟**

**نارین:** چوار ساڵ لەمەوبەر. هاوژینەکەشم خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و ناوی عەلی شاکرە. ئەو ژەنیاری سازە و لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا موزیسیانێکی ناسراوە. لەگەڵ هونەرمەندان کازم ساهیر و نانسی عەجرەم و عاسی حەلانی کاری کردووە و هاوکارییەکی باشیشم دەکات.

**ڕووداو: لەگەڵ هاوژینەکەت ئاسوودەیت؟**

**نارین:** لەنێو هونەریی کوردیدا ئەگەر هاوژینت موزیسیان بێت زۆر ئاسوودە دەبیت، بۆیە ئەگەر هاوژینەکەم موزیسیان نەبووایە کارەکانم بە باشی نەدەچوونە پێشەوە، چونکە کاتێک من لە کاری هونەریم، ئەو لای کچەکەم دەبێت و بەپێچەوانەشەوە.

**ڕووداو: لە ماوەی ڕابردوودا و بەهۆی دروستبوونی شەڕ لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەرهەمێکت بڵاوکردەوە، هەست دەکەیت بەو بەرهەمەت توانیت کەمێک لە ئازارەکانیان کەم بکەیتەوە؟**

**نارین:** ئەو گۆرانییە بۆ پەنابەرانی ڕۆژئاوا و کۆبانێ بوو، بێگومان ویستم لەو ڕێگەیەوە ئازار و مەینەتییەکانیان نیشان بدەم و هیواداریشم توانیبێتم خزمەتێکی باشم کردبێتن، چونکە نزیکەی دوو ملیۆن کەس ئاوارەن کە ئەوەش هێندەی ژمارەی هاووڵاتیانی دەوڵەتێکە.

**ڕووداو: تۆ بەشداری سەمفۆنیای پێشمەرگە و شنگالت کرد کە بەسەرپەرشتی موزیسیان دڵشاد سەعید بەڕێوەچوو، ئەوکارەت بەلاوە چۆن بوو؟**

**نارین:** زۆر دڵخۆش بووم، چونکە هونەری کوردی تەنیا هەڵپەڕکێ نییە، بەڵکو دەبێت لەمەودوا کاری سەمفۆنیاش زیاتر بێتە پێشەوە.

**ڕووداو: لە کلیپەکاندا زۆر بە ئیحساسەوە دەردەکەوی، ناخی خۆت وایە یاخود چیرۆکی گۆرانییەکە وات لێدەکات؟**

**نارین:** هەردووکیانە، چونکە هونەر ئیحساسە و ئەگەر هونەرمەند ئیحساس بە بەرامبەر نەگەیەنێت، ئەو کاتە ناتوانین پێی بڵێین هونەر.

**ڕووداو: دەگوترێ کەسێکی زۆر کۆمەڵایەتی و کراوەیت؟**

**نارین:** بێگومان ئەوەش بەشێکیان پەیوەندی بە پیشەکەمەوە هەیە لە وڵاتی سوید، چونکە بەردەوام لەگەڵ پەنابەران کار دەکەم و ئەوەش ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسایەتیم جێهێشتووە.

هونەری کوردی تەنیا هەڵپەڕکێ نییە دەبێت گوێ لە سەمفۆنیاش بگرین

هاوژینەکەم لەگەڵ کازم ساهر و نانسی عەجرەم کاری کردووە

لەبەر کچەکەم دوو ساڵ وازم لە گۆرانیگوتن هێنا

دەبێت کار لەسەر فۆلکلۆر بکەین بۆ ئەوەی ون نەبێت

لە هەر ئەلبوومێکدا دوو تاوەکو سێ گۆرانی سۆرانی دەڵێم

کچە گۆرانیبێژ چنار بۆ (ڕووداو):

# حەز دەکەم ببمە پێشمەرگە





دەمێکە لە قسەکردن بۆ میدیاکان دوورکەوتووەوە، بەڵام ئەم ماوەیە بە گوتنەوەی گۆرانی "پەپولەی ئازادی"ی مەزهەری خالقی بووەوە ڕۆژەڤی میدیاکان. چنار وا ناسراوە کە زۆر بە کەمی باسی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات، بۆیە کەمترین زانیاری لەبارەی ژیانی تایبەتی بڵاوکراوەتەوە. تەنانەت لەم هەڤپەیڤینەش لەگەڵ (ڕووداو)دا پێی باش نەبوو زۆر لەسەر ژیانی تایبەتی خۆی قسە بکات. چنار لەدایکبووی شاری سلێمانییە و ئێستا لە سوێد نیشتەجێیە. دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی بەناوی تەلاری عەشق لە ساڵی 2004، ناوبانگی دەرکرد و هەواداری زۆری پەیدا کرد. دواتریش ئەلبوومێکی گۆرانیی بڵاوکردەوە.

دەرباز یونس

ڕووداو – هەولێر

**ڕووداو: دواترین کاری تۆ گوتنەوەی گۆرانی (پەپولەی ئازادی)ی مەزهەری خالقی بوو، چۆن بوو ئەم گۆرانییەت هەڵبژارد؟**

**چنار:** ئەمە یەکەم جارمە گۆرانییەک بڵێمەوە کە هی خۆم نەبێت و هی هونەرمەندێکی دیکە بێت، تاکە هۆکاریش کاریگەریی دەنگی مەزهەری خالقییە لەسەر من کە ئەم گۆرانییەم گوتەوە. من بۆ هەڵبژاردنی کارە هونەرییەکانم گوێ لە دڵ و هەستم دەگرم.

**ڕووداو: ئێستا کوردستان بە بارودۆخێکی تایبەتدا تێدەپەڕێت و ڕەنگە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە هونەرمەندان هەبێت، تۆ بۆچی ناگەڕێیتەوە کوردستان و پرۆژەیەک بۆ هاوکاری پێشمەرگە پێشکەش بکەیت؟**

**چنار:** هاوکاریکردنی خوشک و براکانمان کە لە بەرەکانی جەنگ لە دژی داعش شەڕ دەکەن گرنگترین و پیرۆزترین ئەرکی هەموو تاکێکی نیشتمانە، پێم خۆشە شانبەشانیان بجەنگم وەک هەموو ئەو کچە پێشمەرگە بەشەرەفانەی دەجەنگن، ئەوە جوانترین پرۆژەیە کە ئاواتەخوازم ئەنجامی بدەم، هیوادارم بتوانم بەشداربم لە هەر پرۆژەیەک کە خزمەت بە پێشمەرگە بکات، لێرەشەوە رایدەگەیەنم کە هەر کاتێک بوونی من بۆ هەر پرۆژەیەک پێویست بێت، بێ هیچ دوودڵییەک ئامادەم.

**ڕووداو: پلانی کاری داهاتووت چییە؟ بەنیاز نیت ئەلبوومی گۆرانی بڵاوبکەیتەوە؟**

**چنار:** کارکردن لەسەر بەرهەمهێنانی ئەلبوومی گۆرانی کارێکی ئاسان نییە، بۆیە هەوڵ دەدەم کارەکانم بەشێوەی تاک بڵاوبکەمەوە، ئەمە ئاسانتر و خێراترە بۆ گەیشتنی کارەکانم بە گوێگرانم، بۆیە جارێ بەنیازی ئەلبووم نیم.

ڕووداو: ئێستا شاڵاوی کۆچکردن بەرەو ئەوروپا هەیە، تۆش کە لە سوید دەژیت خەڵکێکی زۆر روو لەم وڵاتە دەکەن، لەوێ کۆچبەرانی کورد داوای یارمەتی و ڕێنیشاندان لە تۆ ناکەن؟

چنار: سوێد یاسای خۆی هەیە، هەر کەسێک بێتە ئێرە و داوای مافی پەنابەرێتی بکات. دەبێت بەپێی یاسای ئەو وڵاتە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، من وەک تاکێک ناتوانم هیچ کاریگەرییەکم لەسەر سوێد هەبێت، بۆ ڕێنیشاندان هاوکاری هەموو کەسێک دەکەم، بەڵام بۆ ئەوەی کاریگەریم هەبێت، ئەم بابەتە بوونی نییە.

**ڕووداو: تۆ یەکێکی لەو هونەرمەندانەی کە کەمترین زانیاری لەسەر ژیانی تایبەتی خۆت بڵاودەکەیتەوە، پێتوانییە هەوادارانت مافی خۆیانە زانیارییان لەسەر تۆ هەبێت؟**

**چنار:** نازانم بۆ ئەوە بڵێم چی، من وەک خۆم پێم خۆشە هەندێ شت کە پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی خۆمەوە هەیە تەنیا بۆ خۆم بێت.

**ڕووداو: زۆرجار باس لە شووکردنی تۆ دەکرێت، دەمانەوێت ڕاستی ئەم بابەتە لە دەمی خۆتەوە بزانین؟ ئایا منداڵت هەیە؟ چونکە تۆ گۆرانیت بۆ منداڵ گوتووە؟**

**چنار:** من شووم نەکردووە، پێموایە شوونەکردنەکەشم پەیوەندی بە چارەنووسەوە هەیە، یاخود ڕێکەوت، یاخود پەیوەندی بە ژیان و سروشتەوە هەیە. ئەو گۆرانییەی پێشتریش بۆ منداڵانم گوتووە تەنیا هۆکار ئەوەیە کە من حەزم کردووە گۆرانییەک بۆ منداڵانی کوردستان بڵێم، ئەگەر نا خۆم منداڵم نییە.

**ڕووداو: لەگەڵ برایەکت گۆرانییەکتان بەناوی "دایە" بڵاوکردەوە، ئێستا براکەت بۆ بێدەنگە؟**

**چنار:** بەڵێ گۆرانی "دایە" بەهاوبەشی لەگەڵ سەربەستی برام تۆمارمان کرد، دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی هەبوو، سەربەستی برام دەنگی زۆر خۆشە، بەڵام خەونی کەمە بۆ کارکردن لە بواری هونەریدا، هیوادارم جارێکی دیکە گۆرانییەکی لەو جۆرە بەیەکەوە بڵێینەوە.

**ڕووداو: لە ماوەی ڕابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریی زۆری هونەرمەندانی دەکرد بۆ بڵاوکردنەوەی گۆرانی و ئەلبووم، دەگوترێت تۆ پشکی زۆری هاوکارییەکانت بەرکەوتووە، ئەمە ڕاستە؟**

**چنار:** تاوەکو ئێستا هیچ هاوکارییەکی لەو شێوەیە نەکراوم نە لەلایەن حیزبەکانەوە نە لەلایەن حکومەتەوە.

گۆرانیم بۆ منداڵان گوتووە بەڵام منداڵم نییە

بۆ هەڵبژاردنی کارە هونەرییەکانم گوێ لە دڵ و هەستم دەگرم

حەز ناکەم خەڵک ژیانی تایبەتیم بزانن

ئەرسەلان عەبدوڵڵا، بێژەری وەرزشی لە تەلەڤزیۆنی ڕووداو:

# لە کوردستان بێژەری وەرزشی بە پلە دوو سەیر دەکرێت

بێژەری وەرزشـــییە لە تەلەڤزیۆنی ڕووداو، کەسێکی زۆر جددی و گەرموگوڕە لە گفتوگۆ، بەتایبەتی ئەگەر گفتوگۆ لەســـەر یاریی نێوان ریاڵ مەدرید و بەرسەلۆنا بێت. ئەرسەلان عەبدوڵڵا بە ڕۆژنامەفرۆشی دەستی پێکردووە و خوێندنەکەی بە قوربانی کارکردن کردووە. ئەو پێیوایە بێژەری وەرزشی لە کوردستان بە پلە دوو سەیر دەکرێت، بەڵام دەشڵێت حەزناکەم ببمە بێژەری هەواڵی سیاسی.

ئەرســـەلان عەبدوڵڵا لە ســـاڵی 1979 لەدایک بووە. لە ســـاڵی 1998وە کاری ڕۆژنامەنووســـی وەرزشی دەکات، لە زۆربەی ڕۆژنامە و ئاژانســـەکانی کوردستان لە بەشی وەرزشی کاری کردووە و ئێستاش لە تۆڕی میدیایی ڕووداو، وەک بێژەری وەرزشی کار دەکات.

دەرباز یونس
ڕووداو - هەولێر


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

> زۆر جار هیوام دەخواست ژنم نەبووایە

> چێژ لە کۆمێنتارانی کورد وەرناگرم

> هاوژینەکەم کچی گەڕەک بوو و پەیوەندی خۆشەویستیمان هەبوو

**ڕووداو: بۆچی خوێندنت تەواو نەکرد؟**

**ئەرســـەلان عەبدوڵـــڵا:** بەهـــۆی خراپی بارودۆخـــی ژیـــان کارم دەکـــرد، تاوەکـــو قۆناغـــی ناوەندیـــم خوێنـــدووە. پێشـــتر ڕۆژنامەفـــرۆش بووم، هەر بەو هۆیەشـــەوە نەمتوانی خوێندن تەواو بکەم.

**ڕووداو: بیرت لەوە نەکردووەتەوە ببیتە کۆمێنتاری وەرزشی؟**

**ئەرســـەلان عەبدوڵڵا:** بیـــرم لێکردەوە، چەنـــد هاوڕێیەکیـــش هەوڵیـــان لەگەڵـــدام کە بێمە نێو بواری کۆمێنتاری وەرزشـــی، بـــەڵام ئەمـــە کارێکی زۆر قورســـە، هەر وا ئاســـان نییـــە، پێویســـتە زانیـــاری زۆرت لەســـەر تیپـــەکان هەبێـــت، دەبێـــت خۆت بـــۆ هەمـــوو یارییەک ئامـــادە بکەیت، هەر ئەمەشـــە وایکردووە کە بینەری کورد زۆر چێژ لـــە کۆمێنتاری کورد وەرناگرێت وەک لە عەرەبەکان. کۆمێنتاری باشی وەرزشی لەنێـــو کـــورد زۆر کەمن، من ڕێـــزم بۆیان هەیـــە بـــەڵام چێـــژ لـــە کۆمێنتـــاری کورد وەرناگـــرم، هـــەر بۆیە ســـەیری کۆمێنتارە عەرەبەکان دەکەم.

> توانای وەرزشی مێسی شتێکی خوداییە

> ئەو تەکنیکەی مێسی هەیەتی ڕۆناڵدۆ نیەتی

**ڕووداو: هەمیشـــە لەگـــەڵ هاوڕێکانـــت گفتوگۆیەکی گەرمی وەرزشـــی دەکەن، تۆ هاندەری کام یانەو هەڵبژاردەی؟**

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا:** من هاندەری یانەی ریاڵ مەدریدم، هەرچەندە کەم کەس هەیە ئەم شـــتە بزانێت، هەڵبژاردەی ئەڵمانیاش لە خوێنی مندایە.

**ڕووداو: بەبۆچوونی تۆ مێسی باشترین یاریزانە یان ڕۆناڵدۆ؟**

**ئەرســـەلان عەبدوڵـــڵا:** مـــن ناتوانم ئەو بڕیارە بدەم، هەردووکیان یاریزانی باشن، بەڵام ئەو دەرفەتەی بۆ مێســـی ڕەخساوە بۆ ڕۆناڵدۆ نەڕەخســـاوە، لەگەڵ ئەوەشـــدا توانای وەرزشیی مێسی شتێکی خوداییە، ئـــەو تەکنیکەی مێســـی هەیەتـــی ڕۆناڵدۆ نیەتی، هەنـــدێ تایبەتمەندیـــش هەیە کە ڕۆناڵدۆ هەیەتی و مێسی نیەتی.

**ڕووداو: چـــۆن ژنـــت هێنـــا؟ بـــە خۆشەویســـتی بـــوو؟ هاوژینەکـــەت چۆن ناسی؟**

> هاندەری ریاڵ مەدریدم

> ئیرەیی بە گەنجی ئێستا دەبەم

**ئەرســـەلان عەبدوڵـــڵا:** بەڵـــێ بەخۆشەویســـتی بـــوو، هاوژینەکـــەم کچی گـــەڕەک بـــوو، یەکمـــان ناســـی و دواتـــر پەیوەندیمان دروستکرد و بووینە هاوژین، ماوەی 10 ساڵە بە یەکەوەین.

**ڕووداو: بەر لەوەی ژن بهێنی پەیوەندیت لەگـــەڵ کچی دیکە هەبـــوو؟ یەکەم کچ کە ماچـــی خۆشەویســـتیت لەگەڵـــی کرد کێ بوو؟**

**ئەرســـەلان عەبدوڵڵا:** بێگومان هەمبوو، بەڵام شـــتێکی هەرزەکارانە بوو، ئەگەرچی ئەوکاتـــە دەرفـــەت وەکـــو ئێســـتا نەبوو، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا خۆشەویســـتم هەبووە، یەکەم ماچیش، ماچی هاوژینەکەم بوو.

**ڕووداو: هاوژینەکـــەت دڵپیســـیت لـــێ ناکات؟**

**ئەرســـەلان عەبدوڵڵا:** بەڵێ تا ڕادەیەک هەبـــووە، ئافرەت هەمیشـــە حـــەز دەکات پیاوەکەی بەس بۆ خۆی بێت.

**ڕووداو: هەســـت دەکـــەی تـــۆ تەنیا بۆ هاوژینەکەت بووی؟**

> حەز ناکەم ببمە بێژەری هەواڵی سیاسی

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا:** بەڵێ بەدڵنیاییەوە بەس بۆ ئەوم، بەڵام لە ڕووی کارەکەمەوە خۆم بە موڵکی هەموو کەسێک دەزانم.

**ڕووداو: ژیانـــی گەنجیت چۆن بەڕێکرد؟ ژیانێکی خۆش بوو؟**

**ئەرســـەلان عەبدوڵڵا:** من نە بە منداڵی خۆش ژیاوم، نە بە گەنجێتی، وەک باســـم کرد ئەو کاتە دەرفەت بەمشـــێوەیە نەبوو، ژیانیـــش یارمەتیـــدەر نەبـــوو، بـــە گەنجی هەرگیـــز لەگەڵ کچێک نەچوومەتە دەرەوە لە کافتریا دابنیشـــم، من ئـــەو گەنجێتیەم نەبینـــی کـــە حـــەزم دەکرد ببینـــم، بۆیە حەسوودی بە گەنجی ئێستا دەبەم.

**ڕووداو: هەســـت دەکەیـــت لـــە ڕووداو تەواوی تواناکانی خۆت دەرخستووە؟**

**ئەرســـەلان عەبدوڵڵا:** ڕووداو شوێنێکی جیاوازە بۆ کارکردن، بەڵام من توانای زۆر و پلانی زۆرترم هەیە بۆ کارکردن، تاوەکو ئێســـتا دەرفەت نەبووە هەمـــوو تواناکانی خـــۆم بەکاربهێنم، ئەوەی پێمە زۆر زیاترە لەوەی دەرمخستووە.

**ڕووداو: ئەگـــەر بێـــژەری وەرزشـــی نەبوویتایـــە، حـــەزت دەکرد لـــە کام بوار بێژەری بکەیت؟**

**ئەرســـەلان عەبدوڵـــڵا:** هەرگیـــز نەمویستووە لە بواری سیاسەت کار بکەم و ناشـــمەوێت. مـــن ڕووداو بـــە ماڵی خۆم دەزانـــم و تـــا توانام هەبێـــت و ڕێگام پێ بدرێـــت حەز دەکەم لێـــرە بەردەوام بم، لە کوردستان تا ڕادەیەک بێژەری وەرزشی بە بێژەری پلە دوو سەیر دەکرێت، لەهەردوو ڕووی مـــادی و مەعنـــەوی. هیوادارم ئەوە نەمێنێ.

FM
پرۆگرامەکانی ڕادیۆی ڕووداو
102.7 - 102.9



**مژار:** پرۆگرامێکی گفتوگۆئامێزە سەبارەت بە مژارە گەرمەکانی کوردستان و جیهان.
کات: شەممە تاوەکو پێنجشەممە، کاژێر 11:00
پێشکەشکار: سروە هەورامی

**چاڤێ سێیەم:** باسی گرنگترین مژارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات
کات: شەممە، کاژێر 17:00
پێشکەشکار: حوسێن عومەر

**دەنگێ کۆبانێ:** باسی ڕووداوەکانی شاری کۆبانێ و دەوروبەری دەکات.
کات: یەکشەممە کاژێر 16:00
پێشکەشکار: عومەر کالۆ

**بەکاتی سـلێمانی:** گەرمتریـن ڕۆژەڤی هەفتەیەکی سـلێمانی شەنوکەو دەکات
کات: یەکشەممە کاژێر 17:00
پێشکەشکار: سامان بەشارەتی

**ب دەما ئامەدێ:** باسی مژارەکانی شاری ئامەد و باکوری کوردستان دەکات.
کات: دووشەممە، کاژێر 16:00
پێشکەشکار: ماشەڵڵا دەکاک

**گفتوگـــۆی ڕۆژنامەنووس:** باســـی دیارترین پـــرس و ڕووداوەکانی هەفتە دەکات
کات: دووشەممە، کاژێر 16:30
پێشکەشکاران: ئاکۆ محەممەد و ڕێبوار کەریم وەلی

**یاریگای ڕووداو:** شـــرۆڤەی یاری و پاڵەوانییەتیە وەرزشییەکانی ناوخۆ و جیهان دەکات.
کات: شەممە، کاژێر 16:00
پێشکەشکاران: ڕێبوار محەممەد و ئیحسان تاهیر و سەفین تەها.

**دەنگی ڕۆژهەڵات:** باسی ڕووداو و ڕۆژەڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات
کات: سێشەممە، کاژێر 17:00
پێشکەشکار: ئومێد بەرین

**ب دەما قامشلۆ:** گرنگترین مژاری شاری قامشلۆ و دەوروبەری دەبنە تەوەری پرۆگرام
کات: چوارشەممە، کاژێر 16:00
پێشکەشکار: ئاشتی تیشی

**زێڕی ڕەش:** گرنگی دەدات کەرتی نەوت و وزە و سامانە سروشتییەکان.
کات: چوارشەممە، کاژێر 17:00
پێشکەشکار: بیلال سەعید

**لە پەیامنێرانەوە:** گەیاندنی زانیارییە بە گوێگران لە ڕێگەی پەیامنێران لە هەرچوار پارچەی کوردستان و جیهان.
کات: پێنجشەممە کاژێر 16:00

**گوتوبێژ:** گرنگی بە مژارە سیاســـییەکانی باشـــووری کوردستان و پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا دەدات
کات: پێنجشەممە، کاژێر 17:00
پێشکەشکار: دڵدار هەرکی

**یـــادەوەری:** بـــاس لـــە بیرەوەریـــی کەســـایەتییە ناسراوەکانی کوردستان دەکات.
کات: هەینی کاژێر 11:00
پێشکەشکار: شوان مەنمی

**ڕۆنـــان:** بایەخ بـــە بابەتـــە ئەدەبییـــەکان و نوێترین بەرهەمی نووسەران دەدات.
کات: هەینی، کاژێر 16:00
پێشکەشکار: فەرهاد چۆمانی



■ ئومێد بەرین

## لە جزیرە چیم بینی؟

گەمـــارۆی جزیرە لەلایەن ســـوپای تورکیاوە درێـــژەی هەبـــوو، ئەنجامەکـــەی ئـــەوکات شـــەهیدبوونی 22 هاووڵاتـــی ســـڤیل بوو، لەو ڕۆژانەدا و لە گەرمەی ئاڵۆزییەکاندا سەردانی باکووری کوردستان و تورکیام کرد.

شـــەوی پێنجی ئەیلوول گەیشتمە دەروازەی ســـنووری ئیبراهیـــم خەلیل، ســـنوور بەهۆی بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆ لە شـــاری جزیرەی باکـــووری کوردســـتان، لەلایـــەن حکومەتـــی تورکیاوە داخرابوو. دەگوترا لە نێوان سوپای تورکیـــا و تەڤگـــەری گەنجانـــی وڵاتپارێـــزی شۆڕشگێڕ (YDG-H)، شەڕ هەیە و حکومەت جزیرەی گەمارۆ داوە.

دوای دوو ڕۆژ چاوەڕوانـــی، کاژێر 18ی ڕۆژی 7ی ئەیلـــوول دەروازەی ئیبراهیـــم خەلیـــل کرایـــەوە و ئاودیـــوی باکووری کوردســـتان بـــووم، بـــەڵام ڕێـــگای ســـلۆپی- جزیـــرە داخرابوو، بۆیە لەوێ مامەوە.

بەیانی چوومە ناو شار، ڕێگا نەکرابووەوە، شـــۆفێری تەکســـییەک پێیگوتـــم "جزیـــرە بووەتـــە غەززە، کەس بـــۆی نییە لەماڵەوە بێتـــە دەرێ، نان نییە، ئاو، کارەبا، مۆبایل و ئینتەرنێتیش پچڕاوە".

دوکاندارێکیـــش دەیگـــوت "ســـەربازانی ســـوپای تورک کچێکی تەمەن 10 ساڵانیان شـــەهید کردووە و ڕێگە نـــادەن تەرمەکەی بەخاک بســـپێردرێ، بنەماڵەکەی دوو ڕۆژە تەرمەکەیان لە بەفرگردا داناوە".

دوای نیـــوەڕۆ ڕێگاکە بۆ ماوەی نیو کاژێر کرایەوە، تەکسییەکم گرت بەرەو ئامەد.

لـــە دوو کیلۆمەتـــری جزیـــرەدا چەندیـــن دەبابە و زرێپۆش و دەیان ســـەربازی سوپا جێگیـــر کرابوون، ویســـتم وێنە بگرم، بەڵام شـــۆفێرەکە ڕێگـــەی نـــەدا، گەیشـــتینە ناو شـــاری جزیـــرە، دەبابە و زرێپۆشـــەکان لە هەمـــوو شـــوێنێک دەبینران، ســـەربازەکان ســـەنگەریان گرتبـــوو، هیـــچ هاووڵاتییـــەک نەدەبینـــرا، دەنگـــی تەقـــە دەهـــات، لەنێو زۆربـــەی کۆڵانەکانـــدا خەنـــدەق لێدرابوون، یان بە ئۆتۆمبێل و گاشە بەرد گیرابوون.

شـــوێنەواری شـــەڕ بەســـەر دیـــوار و ئۆتۆمبێلەکانـــەوە دەبینـــرا، گەیشـــتینە بەرزاییەکانـــی شـــار، لـــە چەنـــد شـــوێنێک ســـەربازی قەنـــاس بەدەســـتم بینـــی کـــە سێرەیان گرتبوو.

شۆفێری تاکسییەکە کاسێتێکی خستە نێو تەسجیلی ئۆتۆمبێلەکـــەی و دەنگی گۆرانیی شۆڕشگێڕی لە بڵندگۆی ئۆتۆمبێلەکەوە بەرز بووەوە. شـــوفێرەکە دەیگوت "هەموو سوپای دنیامان بێتە سەر، چۆک دانادەین".

شەو گەیشتمە ئامەد، شار میلیتاریزە کرابوو، لەگەڵ ژمارەیەک خوێندکارانی زانکۆی دیجلە دانیشتم، یەکێکیان سەبارەت بەشەڕ دەیگوت "ئاکەپـــە زۆرینـــەی پەرلەمانی لەدەســـتداوە، ئـــەوەش لە چاوی کورد دەبینێت و ئێســـتاش دەیەوێ تۆڵەمان لێ بکاتەوە".

لـــە گەراجی ئامـــەدەوە هیچ پاســـێک بەرەو شـــارەکانی تورکیـــا نەدەڕۆیشـــت، چونکـــە ڕەگەزپەرســـتە تورکەکان هێرشـــیان دەکردە ســـەر پاســـی کـــوردەکان، ڕێگـــە لە شـــاندی هەدەپـــە گیرابوو کە بچنە ناو شـــاری جزیرە، زیاتر لە 200 بارەگای هەدەپە لەلایەن تورکە ڕەگەزپەرســـتەکانەوە هێرشیان کرابووە سەر، لە ئەنجامی هێرشـــی گەریلاکانی پەکەکەشدا دەیان سەربازی تورک کوژرابوون.

ڕۆژی 9ی ئەیلـــوول بـــە فڕۆکـــە چوومـــە ئیســـتانبوڵ، گەنجێکـــی خەڵکـــی وان هاوســـەفەرم بـــوو، دەیگوت "بەهـــۆی ناوچە قەدەغەکراوەکانـــەوە خەڵـــک ناتوانـــن بچنـــە ســـەر کار و مەزراکانیان، منیش لەکارگەیەک کارم دەکـــرد، لەگەڵ ئەو شـــەڕە خاوەنەکەی دایخست و ئێستا بێکارم".

لە فڕۆکەخانەی ئەتاتورک ســـواری تەکســـی بـــووم بـــۆ مەیدانـــی تەقســـیم، بەڕێکـــەوت شـــۆفێرەکە کورد دەرچوو، دەیگوت "کوڕێکم لە ناوچەی گەڤەر سەربازە، کە تلەفۆنمان بۆ دێـــت دڵەخورپە دەمانگرێـــت و ناوێرین وەڵام بدەینـــەوە، ئێمـــە ئاشـــتیمان پێویســـتە نەک شەڕ".

کـــە گەیشـــتمە مەیدانـــی تەقســـیم، تورکـــە ڕەگەزپەرستەکان لەدژی کورد خۆپیشاندانیان دەکرد، لامدا بۆ شـــەقامی ئیســـتیقلال، تەنیا سەد مەتر خوارتر دوو گەنجی کورد سروودی شۆڕشگێڕییان دەگوتەوە، لەوێ گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە ئاشتی بەمزووانە ئەستەمە.


Empire World
Building the Future World
شوققەیەك بكرە و
تاپۆیەكەشی وەربگرە
دەتوانی هەر ئێستا
بە قیستی درێژخایەن
لە ئیمپایەر ۆرلد بژیت
Call: 0750 640 8811 - 0750 640 8822 - 0750 640 8833
www.empireiraq.com


MAJIDI LAND
ماجدی لاند ئێستا كراوەیە
هەولێر - ڕێگای كەسنەزان
WWW.MAJIDILAND.COM
MAJIDI LAND


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
بەخێلێ لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
Cihan Construction
CIHAN BANK
هەولێر - ڕێگای کەرکوک - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
ارز محمود
ممتاز
ارز ١١٢١ سيلة هند
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب

رووداو
ژنان
ژمارە (376) دووشەممە 2015/9/21



## پیرەژنێک خۆی دەکوژێ

**رووداو- سلێمانی**

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند رۆژی 2015/9/19 ژنێکی تەمەن 80 ساڵ کە بە تەنیا لە شوقەیەکی کۆمەڵگەی پاک ستی لە سلێمانی دەژیا، لە شووقەکەیەوە خۆی هەڵداوەتەوە و گیانی لەدەستداوە. نەقیب سەرکەوت هەروەها رایگەیاند پاشنیوەڕۆی هەمان رۆژ لە گەڕەکی وەیساوای سلێمانی کچێکی 12 ساڵ بە فیشەکی تاپڕ کە بەر دڵی کەوتووە گیانی لەدەستداوە "بە قسەی دایک و باوکی، خۆیان لەو کاتەدا لە ماڵەوە نەبوون و منداڵی دیکەی لێبووە، بۆیە پێیانوایە منداڵەکان دەستکاری تاپڕەکەیان کردبێ".

کچەکە پێش کوڕەکە خۆی کوشتووە

# دوو ئاوارەی ئەڤیندار خۆیان دەکوژن

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- زاخۆ**

ئاوارەیی و دووری لە زێدی خۆیان، عەشقەکەی لەناو نەبردن، بەڵام بەر لەوەی بە یەکدی بگەن، سەنا خۆی خنکاند و جەمیلیش چیدی نەیویست دوای مەعشووقەکەی درێژە بە ژیان بدات.

جەمیل سەعد، تەمەن 27 ساڵ و سەنا عوزێر، 17 ساڵ، دوو گەنجی کوردی ئێزدی بوون کە بەهۆی داگیرکردنی شارۆچکەکەیان (شنگال) لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، ئاوارە بووبوون، سەنا لەگەڵ خێزانەکەی لە کەمپێکی نزیک ناحیەی باعەدرێ دەژیا. جەمیل سەعدیش لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی قەزای زاخۆ بووبوون.

رۆژی 2015/9/13 سەنا عەزیز لە نێو خێوەتەکەیاندا لەو کەمپە خۆی خنکاند، دوای بیستنی هەواڵەکە، جەمیلیش رۆژی دواتر لە ماڵی خاڵی خۆی بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. پۆلیس دەڵێت کچەکە نەخۆشیی دەروونی هەبووە بۆیە خۆی خنکاندووە. کوڕەکەش وەک وەفایەک بۆ کچەکە خۆی کوشتووە.



### "داوای ژن بە ژنەیان دەکرد"

ماجید سەعد، برای جەمیل بە (رووداو)ی گوت، براکەی خۆشەویستێکی هەبووە و رۆژێک پێش ئەوەی خۆی بکوژێت، خۆشەویستەکەی لەنێو خێمەکەیاندا خۆی خنکاندووە، بۆیە براکەشی رۆژی دواتر بە کلاشینکۆفی خاڵی و هەر لە ماڵی خاڵی، خۆی کوشتووە.

بە گوتەی ماجید، جەمیل و سەنا نزیکەی ساڵێک بوو یەکدییان خۆشدەویست و دەیانویست ببنە هاوژینی یەکدی، بەڵام ماڵی باوکی کچەکە رێگربوون لەوەی بە یەکدی بگەن. ماجید گوتی "کەسوکاری کچەکە دەیانگوت دەبێ ئێوەش کچێکی خۆتان بدەنە کوڕێکی ئێمە، ئێمەش بەلامانەوە ئاسایی بوو، بەڵام تەنیا دوو خوشکمان هەیە کە یەکێکیان شووی کردووە و ئەوی دیکەش خۆشەویستی خۆی هەیە".

بە گوتەی ماجید، سەنا بەهۆی ئەوەی لەمپەر خراوەتە بەردەمی بۆ گەیشتن بە جەمیل، خۆی خنکاندووە. کاتێکیش لەلایەن خزمەکانیانەوە پەیوەندییان پێوە کراوە کە سەنا خۆی خنکاندووە، جەمیل زۆر بێتاقەت بووە.

ماجید گوتی "بەو پێیەی ئێمەش خزمی ماڵی سەنانین، بەشداری مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەمان کرد، بەڵام جەمیل نەهات و قسەشمان لەگەڵ کرد کە هیچ لە خۆی نەکات، بەڵام بە قسەی نەکردین و چووبووە ماڵی خاڵم و لەوێ خۆی کوشتبوو".

### "نەخۆشیی دەروونی هەبووە"

بەڵام کەسوکاری سەنا رەتیدەکەنەوە کە رێگرییان لە کچەکیان کردبێ شوو بەو کوڕە بکات و بەو هۆیەشەوە خۆی خنکاندبێ، بەڵکو دەڵێن لەبەرئەوەی نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بۆیە خۆی خنکاندووە.

حەجی خەلیل، مامی سەنا بە (رووداو)ی گوت "ئەو قسەیە راست نییە کە سەنا بەهۆی خۆشەویستییەوە خۆی خنکاندبێت، بەڵکو نەخۆشیی دەروونی هەبووە و راپۆرتی پزیشکیشمان هەیە". سەبارەت بەوەی کە دەگوترێ جەمیل لە پێناوی سەنادا خۆی کوشتبێ، حەجی خەلیل گوتی "ئەو قسەیەش راست نییە".

هەر لەوبارەوە فەهد عوزێر برای سەنا بۆ (رووداو)ی روونکردەوە کە خوشکەکەی نەخۆشیی دەروونی هەبووە و ئەو رۆژە کەسیان لە ماڵەوە نەبوون، ئەویش چۆڵبوونی ماڵەکەی بە هەل زانیوە، بۆیە خۆی خنکاندووە.

فەهد گوتی "پێشتر بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەشی بردمانە لای پزیشک لە شاری دهۆک، بەڵام چارەسەری نەبوو، جگە لەوەش پێمان سەیرە خۆی خنکاندووە، چونکە قەت نەیدەگوت خۆم دەکوژم".

پۆلیسی قەزای شێخان و زاخۆ دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە هەردوو رووداوەکە کردووە. رائید هێمن سلێمان، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک بە (رووداو)ی گوت "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان کچەکە نەخۆشیی دەروونی هەبووە بۆیە خۆی خنکاندووە. دواتریش خۆشەویستەکەی وەک دەربڕینی وەفایەک بۆ کچەکە، بە فیشەکی کلاشینکۆف خۆی کوشتووە".

# ئێسک و پروسکی ژنێک لە چیای ماکۆک دەدۆزرێتەوە

**عومەر چاوشین**
**رووداو- حاجیاوا**

ژمارەیەکی تایبەت پەیوەندی بە پۆلیسی حاجیاواوە دەکات و لە دۆزینەوەی تەرمێک ئاگاداریان دەکاتەوە کە هیچ گۆشتی پێوە نەماوە و تەنیا ئێسک و پروسکە، پۆلیس ئێسک و پروسکەکەی هەڵگرتووەتەوە، بەڵام نازانێ قوربانییەکە نێرە یان مێیە. بەشی دادپزیشکی لە نەخۆشخانەی گشتی رانیە دەڵێت "پێدەچێت تەرمەکە ژن بێت".

محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی رانیە بە (رووداو)ی راگەیاند، رۆژی 2015/9/10 کەسێک بە ژمارە تەلەفۆنێکی تایبەت (ژمارە تایبەت) پەیوەندی بە پۆلیسی حاجیاواوە کردووە و لە بوونی تەرمێک لە چیای ماکۆک ئاگاداری کردوونەتەوە، دوای ئەوەی هێزەکانی پۆلیس گەیشتوونەتە شوێنی رووداوەکە، تەنیا ئێسک و پروسکی مرۆڤێکیان دۆزیوەتەوە.

محەممەد باپیر گوتی "تەرمەکە هیچ گۆشتی پێوە نەمابوو، تەنیا ئێسک و پروسک بوو، بۆیە نازانین نێرە یان مێیە، تەرمەکەمان رەوانەی بەشی دادپزیشکی لە نەخۆشخانەی گشتی رانیە کرد، بۆ ئەوەی پشکنینی بۆ بکەن". گوتیشی "پێدەچێت ئەو کەسە سێ مانگ لەمەوبەر مردبێ و گەرمای هاوین لێی دابێت، بۆیە تەنیا ئێسک و پروسکی ماوە".

گوتەبێژی پۆلیس ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دادوەر بڕیاری داوە پشکنینی DNA بۆ تەرمەکە بکرێ بۆ ئەوەی خاوەنەکەی بدۆزرێتەوە، یان ئەوانەی کەسێکیان لێ ونبووە لە رێگەی ئەو پشکنینەوە تەرمەکە بناسنەوە.

بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەسەر مردنی کەسەکەدا تێپەڕیوە، بۆ پۆلیس روون نییە ئەو کەسە کوژراوە یان خۆی کوشتووە، یانیش لە شاخ هەڵدێراوە، بۆیە چاوەڕێی پشکنینەکانی پەیمانگای دادپزیشکی سلێمانی دەکەن.



بەقسەی گوتەبێژی پۆلیسی رانیە، ئەمساڵ ئەوە یەکەمین حاڵەتی لەو جۆرەیە دێتە بەردەمیان کە تەرمێک بدۆزنەوە و ماوەیەکی زۆر بەسەر مردنەکەیدا تێپەڕیبێ. گوتیشی تاوەکو ئێستا کەس لەسەر ئەو تەرمە دەستگیر نەکراوە و کەسیش خۆی بە خاوەنی نەزانیوە. ئەو کەسەشی پەیوەندی پێوەکردوون بە ژمارەیەکی تایبەت تەلەفۆنی کردووە و تەنیا لە بوونی تەرمەکە ئاگاداری کردوونەتەوە و هیچ زانیاری دیکەی نەداوە.

### "قژ و پێڵاوی ئافرەتانی لێبووە"

هەرچەندە تەرمەکە لە بەشی دادپزیشکی نەخۆشخانەی گشتیی رانیە پشکنینی بۆ کراوە، بەڵام ئەوانیش نەیانتوانیوە لەڕێگەی پشکنینەوە رەگەزەکەی دیاری بکەن.

رێبوار قادر، بەڕێوەبەری بەشی دادپزیشکی لە نەخۆشخانەی گشتیی رانیە بە (رووداو)ی گوت "بە گوێرەی پشکنینەکان تەرمەکە هیچ شوێنەوارێکی کوشتن یان زەبری دەرەکی بەسەرەوە نەبوو، پێدەچێ سێ مانگ بێ مردبێ، نەزانراوە بە تەمەنە یان گەنجە، چونکە هیچ گۆشت بە لاشەیەوە نەمابوو، تەنانەت سەریشی لەلاشەکەی جیاکراوەتەوە، بەڵام نەزانراوە کە بەکوشتن بووە یان دڕندەی کێوی خواردوویەتی و سەری لێکردووەتەوە". گوتیشی "لەو دەوروبەرەی تەرمەکەی لێ دۆزراوەتەوە شوێنپێی ئاژەڵی کێوی بینراوە، بۆیە پێدەچێت گۆشتی تەرمەکە لەلایەن ئاژەڵی کێوی و دڕندەوە خورابێ".

سەبارەت بە رەگەزی تەرمەکە، رێبوار قادر گوتی "تەرمەکە لە رەگەزی مێیە، چونکە قژی ئافرەت و جوتێک پێڵاوی ئافرەتان لە شوێنی تەرمەکە دۆزراونەتەوە". بۆ پشکنینی زیاتر، تەرمەکە رەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی کراوە.

### 13 دۆسیەی ونبوون هەیە

بەپێی ئاماری شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی رانیە و پشدەر، 13 دۆسیەی ونبوونی مرۆڤ بە هەردوو رەگەزەکەوە لەلای پۆلیس تۆمار کراون، بەڵام تاوەکو ئێستا نەزانراوە ئەو کەسانە چۆن ونبوون و چارەنووسیان بە کوێ گەیشتووە.

گوتەبێژی پۆلیسی رانیە گوتی "دوای دۆزینەوەی ئەو تەرمە، هیچ کەس لە خاوەنی ئەو 13 کەسە ونبووە پەیوەندی پێوە نەکردووین".

# لە خەفەتی نەخۆشییەکەی خۆی خنکاند

هاوژینەکەی: پێشتریش دەیگوت خۆم دەکوژم

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- کەرکووک**

ژنێکی دانیشتووی کەرکووک خۆی دەخنکێنێ و کەسوکارەکەی قسەی جیاواز لەبارەی رووداوەکە دەکەن، مێردی ژنەکە دەڵێت ژنەکەی نەخۆشیی شێرپەنجەی هەبووە و پێشتریش چەند جارێک هەڕەشەی خۆکوشتنی کردووە، بەڵام خوشکێکی ژنەکە دەڵێت خوشکەکەی خۆی نەخنکاندووە، بەڵکو پاش وەرگرتنی چارەسەری کیمیایی مردووە.

ئیمان عەلی، 49 ساڵ، خەڵکی پارێزگای سەلاحەددین بوو، دوای هاتنی داعش بۆ ناوچەکەیان، وەکو هەزاران خێزانی ناوچەکە ئاوارەی شاری کەرکووک بوون. خێزانی ئیمان ساڵێک و پێنج مانگە زێدی خۆیان جێهێشتووە و لەگەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکووک نیشتەجێ بوون کە زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن.

ئەو ژنە لە شارەکەی خۆیدا یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک بووە، بەڵام دوای تووشبوونی بە نەخۆشیی شێرپەنجە و بێهیوابوون لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی، رۆژی 2015/9/9 لە ئاوارەییدا خۆی خنکاند.

رافد ئەحمەد، 52 ساڵ و هاوژینی ئیمان، بە (رووداو)ی راگەیاند، ژنەکەی ماوەیەک بوو تووشی شێرپەنجەی مەمک بووبوو، بۆ وەرگرتنی چارەسەر بردوویانە بۆ بەغدا و لەوێ نەشتەرگەرییان بۆ کردووە، ئەو مەمکەی کە تووشی شێرپەنجە بووە بڕیویانەتەوە.

بە گوتەی رافد، دوای نەشتەرگەرییەکەش، هاوژینەکەی هەر ئازاری هەبووە و لەسەر راسپاردەی پزیشکەکانی چارەسەری کیمیاییان بۆ بەکارهێناوە، بەهۆی زۆر بەکارهێنانی چارەسەری کیمیایی وردە وردە قژی هەڵوەریوە.

رافد و ئیمان خاوەنی سێ کوڕ و کچێک بوون. رافد دەڵێت هاوژینەکەی بەو نەخۆشییە زۆر بێ تاقەت بووبوو، چونکە ئەویش وەک زۆر کەسی دیکە بە هەڵە تێگەیەنراوە کە نەخۆشیی شێرپەنجە چارەسەری نییە، هەر بۆیەش چەند جارێک هەڕەشەی خۆکوشتنی کرد و تەنانەت چەند جارێک داوای لێکردووە بیکوژێت، بۆ ئەوەی لە دەست نەخۆشییەکە رزگاری ببێ.

رافد گوتی "ئیمان چەند جارێک بە خۆم و منداڵەکانی دەگوت دەزانم کە دەمرم، وەرن بمکوژن، یان خۆم دەکوژم، ئێمەش هەموو جارێک پێماندەگوت باشە ئەگەر ئێمە بتکوژین، ئەی چۆن وەڵامی خودا بدەینەوە".


رافد ئەو هەڕەشانەی ژنەکەی بە هەند وەرگرتووە، بۆیە بەردەوام چاودێریی کردووە نەوەک هەوڵی خۆکوشتن بدات، بەڵام چاودێرییەکانی بێ سوود بوو. رافد باسی کاتی رووداوەکەی کرد و گوتی "شەوەکەی، پێش رووداوەکە بۆ ئەوەی ئاگاداری بم، درەنگ خەوتم و نزیکەی کاژێر 5ی بەیانی هەستام نوێژم کرد و ویستم بخەومەوە، بەڵام هەر ئەوەندەم زانی یەکێک لە کوڕەکانم هاواری کرد و گوتی باوکە باوکە دایکم خۆی کوشتووە".

بەپێی قسەی رافد، ژنەکەی دەرفەتی لە خەوتنی ئەوان هێناوە و بە خۆی و پەتێکەوە چووەتە ژووری چێشتلێنان و لەوێ چووەتە سەر کورسییەک و پەتەکەی بە شیشی پانکەی ژوورەکەوە بەستووە و خۆی پێ هەڵواسیوە.

خەمەکان بۆ رافد بوون بە دوو هێندە، خەمی ئاوارەیی و خەمی لە دەستدانی ژنەکەی. ئەو دەڵێت "ئێستا بەلامەوە کێشە نییە کە ئاوارەین، بەڵکو بێتاقەتی لەدەستچوونی هاوژینەکەمم، چونکە رۆیشتنی بۆ من زۆر قورسە و دەبێت خەمی منداڵەکانیش بخۆم".

رافد رەتیکردەوە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ژنەکەی هەبووبێت و خۆخنکاندنی ژنەکەی تەنیا بۆ نەخۆشییەکەی گەڕاندەوە. ئەو گوتی "خوای گەورە ئاگادارە جگە لەو نەخۆشییە هیچ کێشەیەکمان نەبووە، بە پێچەوانەوە یادگاری هێندە خۆشمان لەگەڵ یەکدی هەن، قەت بیرم ناچنەوە".

سیهام عەلی، خوشکی ئیمان هێشتا رەتیدەکاتەوە کە خوشەکەکەی بە خۆهەڵواسین مردبێ و دەڵێت پاش وەرگرتنی چارەسەری کیمیایی لە ماڵەوە مردووە، بەڵام سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی رەحیماوا بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو ژنە لەڕێگەی خۆهەڵواسینی بە حەبلێکەوە خۆی کوشتووە و دواتریش تەرمەکەی رەوانەی پزیشکی دادی کەرکووک کراوە و لێکۆڵینەوەش لە رووداوەکە بەردەوامە.



ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (376) دووشەممە 2015/9/21

## تووندیان بەست، خنکا




**ڕووداو- هەولێر**

لە گوندێکی سەر بە شاری هەولێر، منداڵێکی ساوا لە نێو لانکەکەیدا خنکا. موقەدەم کاروان عەبدولکەریم، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2015/9/20 لە گوندی عەرەبکەندی سەر بە ناحیەی شەمامک، منداڵێکی تەمەن یەک ساڵ لە نێو لانکەکەیدا خنکاوە "خنکانی منداڵەکە بەهۆی کەمتەرخەمی دایکییەوە بووە، چونکە لەنێو لانکەکەدا توند بەستوویەتییەوە، دوای ڕووداوەکەش تەرمی منداڵەکە ڕەوانەی پزیشکی دادیی کراوە و پەڕاویش بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە".

تۆمەتی بردنی 36 هەزار دۆلاری درابووە پاڵ

# لە شەرمی ئاشکرابوونی کێشەیەک خۆی دەکوژێت



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

برا گەورەکەی و هاوڕێیەکی، سەردانی ماڵەکەی دەکەن بۆ ئەوەی کێشەکەی بۆ چارەسەر بکەن، بەڵام کاتێک ئیسماعیل دەزانێت برا گەورەکەی بە کێشەکەی ئەوی زانیوە، بەر لە گەیشتنیان بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ.

ئیسماعیل عیززەت، تەمەن 41 ساڵ، دانیشتووی یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی بوو. لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا لە ژوورەکەی خۆیدا فیشەکێکی نا بە چەناگەی خۆیەوە و لە سەری دەرچوو. ئیسماعیل 15 کاژێر لەژێر چاودێریی پزیشکدا لە نەخۆشخانە مایەوە، بەڵام بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە مرد.

خوشکەزایەکی ئیسماعیل بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، خاڵی وەکو شۆفێر لای خێزانێکی ناسراوی شاری سلێمانی کاری کردووە و تێکەڵاویی خێزانییان لەگەڵ یەکدی هەبووە. لە مانگی یەکی ئەمساڵدا هاوڕێیەکی خاوەنکارەکەی ئیسماعیل بڕی 36 هەزار دۆلاری بە ئیسماعیل داوە بۆ ئەوەی ڕەوانەی بکات بۆ کەسێک لە شاری بەغدا، ئەویش گەیاندوویەتی، بەڵام دواتر ئەو کەسەی پارەکەی پێدراوە، دیار نەماوە.

ئەو خوشکەزایەی ئیسماعیل کە حەزی نەکرد ناوی بڵاوبکرێتەوە بە بیانووی ئەوەی لە خێزانێکی ناسراون، گوتی "کێشەکە تاوەکو چەند مانگێک درێژەی کێشا و چەند جارێکیش ئەو کەسەی پارەکەی داوەتە خاڵم گوتبووی ئەو پارەیە نەگەیشتووە بەو کەسە لە بەغدا، چیت لە پارەکە کردووە؟ خاڵیشم سوێندی خواردبوو کە پارەکەی نەخواردووە و گەیاندوویەتی بە شوێنی خۆی".

وەکو خوشکەزاکەی باسی کرد، لە هاوینی ئەمساڵیشدا خاوەنی پارەکە چووەتە لای خاوەنکارەکەی ئیسماعیل و گوتوویەتی "ئەو پارەیەم داوە بە ئیسماعیل، بەڵام ئەو کەسەی دەبێت پارەکە وەربگرێ دیار نییە، خاوەنکارەکەشی قسەیەکی هەقی کردووە و پێیگوتووە بۆچی بێ ئاگاداری خۆم پارە دەدەی بە ئیسماعیل یاخود کەسی دیکە. بەڵام خاڵم ڕازی نەبووە خاوەنکارەکەی بێتە ناو کێشەکە و گوتوویەتی خۆم چارەسەری دەکەم".

هەر بەپێی قسەکانی خوشکەزاکەی، چەند ڕۆژێک پێش ڕووداوەکەش برایەکی خۆی، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە چووەتە لای خاڵیان و خاڵیشی پێیگوتووە "دەڕۆم بۆ بەغدا و ئەو کەسە دەهێنم کە پارەکەی وەرگرتووە بۆ ئەوەی بە بەڵگەوە بیسەلێنم کە پارەکەم نەخواردووە".

بە گوتەی خوشکەزاکەی، خاڵی 15 ڕۆژ پێش ئەوەی خۆی بکوژێ نەچووەتەوە سەر کارەکەی، بۆ ئەوەی کێشەی دیارنەمانی پارەکە چارەسەر بکات، لەهەمانکاتیشدا حەزی نەکردووە برا گەورەکەی بەو کێشەیە بزانێت.

ئەو گوتی "ئێوارەی ڕووداوەکە خاڵە گەورەکەم و هاوڕێیەکی خاڵە ئیسماعیلم چوونەتە ماڵەکەی بۆ ئەوەی نەهێڵن بچێتە بەغدا، بەڵام خاڵە ئیسماعیل کاتێک زانیویەتی خاڵە گەورەکەم بە کێشەکەی زانیوە، بەر لەوەی ئەوان بگەنە ئەوێ، خۆی کوشتووە".

خوشکەزاکەی ئیسماعیل، زۆر پەسنی خاڵی دا و گوتی "خاڵم کەسێکی زۆر شەرمن بوو، زۆریش بێ کێشە بوو، لەبەرئەوەی پارەکەشی نەخواردووە، بە خاوەنکارەکەی نەگوتووە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکەی بۆ بکەن". گوتیشی "دوای ڕووداوەکە خاوەنکارەکەی پێیگوتین ئەگەر ئیسماعیل قسەی بکردایە، کێشەکەم بۆ چارەسەر دەکرد".

دوای خۆکوشتنی ئیسماعیل، ئەو کەسەی پارەکەی پێدابوو هیچ پەیوەندییەکی پێوە نەکردوون و ئەوانیش هیچ پەیوەندییان پێوە نەکردووە و سکاڵاشیان تۆمار نەکردووە، خوشکەزاکەی ئیسماعیل گوتی "خاوەنکارەکەی گوتی ئێمە چارەسەری کێشەکە دەکەین، هەر بۆیەش سکاڵامان تۆمار نەکرد".

ئیسماعیل لە خانوویەکی کرێدا ژیاوە و خاوەنی کوڕ و کچێکە و بە گوتەی خوشکەزاکەی، یەکێکیان ئەمساڵ دەڕواتە بەر خوێندن. هاوژینەکەشی لەدوای ڕووداوەکەوە چاوی بەرایی نادات جارێکی دیکە پێ بخاتەوە نێو خانووەکەیان.

هاوڕێیەکی ئیسماعیل کە چەند ساڵێکە لە نزیکەوە دەیناسێ بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر ئیسماعیل باسی ئەو کێشەیەی بکردایە، نەماندەهێشت بگاتە ئەو ڕادەیەی خۆی بکوژێت و بۆمان چارەسەر دەکرد".

# لە کاتی دزینی موەلیدەی گوندێک دەکوژرێت

گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان: ئەو کەسانە بۆ دزیکردن چوونەتە گوندەکە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- چەمچەماڵ**

سێ کەس کە دەگوترێ بۆ دزینی موەلیدەیەک چوونەتە گوندێکی سەر بە قەزای کفری، لەلایەن دانیشتووانی گوندەکەوە تەقەیان لێدەکرێت و یەکێکیان دەکوژرێ، دواتر دوو کەسەکەی دیکە و دوو لە دانیشتووانی گوندەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێن، بەڵام باوکی کوژراوەکە دەڵێت "نازانم کوڕەکەم بۆ دزیکردن چووەتە ئەو گوندە یان نا".

شەوی 2015/9/14 چەند کەسێک کە خەڵکی ناحیەی قادرکەرەم و قەزای چەمچەماڵ بوون، چوونەتە گوندی تەختی مینا کە تەنیا ماڵی دوو برای تێدایە، ئەوان کە گومانیان هەیە بۆ دزینی موەلیدەکەیان هاتبن، بە چەکەوە پەلاماریان داون و لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریدا لەنێوان هەردوولا کەسێک کوژراوە.

گوندی تەختی مینا نزیکەی دوو کاژێر لە قەزای چەمچەماڵەوە دوورە، بەڵام لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ناحیەی نەوجولی قەزای کفرییە. ئەو کەسانەی چوونەتە گوندەکە، لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی چەمچەماڵ و نەوجول و ئاسایشی سەنگاوەوە لە ناحیەی قادر کەرەمی سەر بە قەزای چەمچەماڵ دەستگیرکراون.

موقەدەم حەسەن محەممەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سێ کەس کە تەمەنیان 18 ساڵ و 20 ساڵ و 31 ساڵ بووە، لەسەر دزینی موەلیدەی گوندی تەختی مینا لەگەڵ دانیشتووانی گوندەکەدا بووەتە شەڕیان و بەهۆی تەقەکردنیشەوە یەکێک لە دزەکان کوژراوە و تەرمەکەشی ڕەوانەی پزیشکی دادیی کەلار کراوە".



بەو پێیەی ئەو کەسانە لە سنووری قەزای چەمچەماڵ دەستگیرکراون، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی چەمچەماڵ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکەن و چوار کەسیان لە هەردوولا دەستگیر کردووە.

عەقید حەیدەر محەممەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو کەسانەی بەمەبەستی دزینی موەلیدەکە چوونەتە سەر گوندەکە دراوسێی گوندەکەن، گومان دەکرێت کوژراوەکە یەکێک بێت لە دزەکان و ماڵی کوژراوەکەش سکاڵای یاساییان تۆمار کردووە. ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە دوای ڕووداوەکە، خەڵکی گوندی تەختی مینا تاوەکو کاتی یەکلابوونەوەی دۆسیەکە ماڵەکانیان جێهێشتووە.

بەپێی زانیارییەکان، نرخی موەلیدەی گوندەکە بە 3000 دۆلار دەخەملێندرێت، لە ئەنجامی شەڕە تەقەکەشدا موەلیدەکە زیانی زۆری بەرکەوتووە.

لەو ڕووداوەدا ئاسۆ محەممەد کە دانیشتووی ناحیەی قادرکەرەمە و باوکی دوو منداڵە، فیشەکێک بەر شانی کەوتووە و دواتر گیانی لەدەستداوە. ئاسۆ لە کۆمپانیایەک کاری کردووە، ماڵی باوکیشی دانیشتووی گوندی کۆشکن کە لەگەڵ گوندی تاجی مینا سنووریان بەسەر یەکەوەیە.

محەممەد ساڵح باوکی کوژراوەکە بە (ڕووداو)ی گوت، کاژێر 10ی شەو کوڕەکەی پەیوەندی پێوە کردوون و گوتوویەتی بریندارە، دواتریش کوڕێکی بچووکتری بە ماتۆڕ چووە بە هانایەوە، بەڵام ئاسایش گەیشتووەتە سەریان و دەستگیری کردوون، ئاسۆ کاژێر یەکی شەو لە نەخۆشخانەی قەزای کەلار گیانی لەدەستداوە.

بەپێی زانیارییەکانی باوکی ئاسۆ، کوڕەکەی لەگەڵ گەنجێک کە خەڵکی قەزای چەمچەماڵە چوونەتە گوندەکە، بەڵام نازانێت ئاخۆ بە مەبەستی "دزیکردن" چوونەتە ئەو گوندە یاخود نا، ئەو گوتی "لەبەرئەوەی کوڕەکەم ماڵی جیای هەیە، نازانم بۆ دزینی موەلیدە ڕۆیشتوون یاخود نا، بەڵام پێشتر بەهیچ شێوەیەک دزی نەکردووە".

باوکی ئاسۆ گوتیشی، تەنانەت کوڕەکەی خەڵکی ئەو گوندەش ناناسێت و کێشەی لەگەڵیاندا نییە. ئەی ئاسۆ بۆچی کوژراوە؟ باوکی دەڵێت "نازانم بۆچی کوژراوە و کێ بکوژی کوڕەکەمە، بەڵام سکاڵام تۆمار کردووە لە سەریان".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## خۆ کوڕەکەم شێت نییە

باوکێک سکاڵای لەسەر کوڕەکەی هەبوو گوایە بەردەوام کێشە بۆ ماڵ دەنێتەوە. ئەو باوکە دەیگوت 11 منداڵی هەن، هەموویان بەلایەک و ئەو کوڕەیان بەلایەک. جگە لەو دوو برای کوڕەکەش سکاڵایان لەسەر ئەو کوڕە هەبوو.

کاتێک گوتەیان وەرگیرا، باوکەکە گوتی "کوڕەکەم تەمەنی 20 ساڵانە، هەڵسوکەوتی هیچ باش نییە، ڕۆژ بە ڕۆژیش خراپتر دەبێت، بەردەوام ئاواژە دەنێتەوە و کێشەی کۆمەڵایەتی و قەرزمان بۆ دروست دەکات. هیچ کارێک ناکات، هەموو شەوێک درەنگ دەگەڕێتەوە". دوو کوڕەکەشی هەمان قسەی باوکیان هەبوو.

ئیفادەی هەرسێکیان ڕەوانەی لای دادوەری لێکۆڵینەوەی توندوتیژیی خێزانی کرا. بڕیاری دەستگیرکردن بۆ کوڕەکە دەرچوو. لەکاتی دەستگیرکردنیدا تۆمەتبار گوتی "ڕاستە من هەڕەشە لەماڵ دەکەم، بەڵام باوکم منی فەرامۆش کردووە، تەنیا بە لێدان و هەڕەشە لەگەڵم دەجوڵێتەوە".

زۆرمان هەوڵ دا کوڕەکە لەگەڵ باوک و براکانی ئاشت بکەینەوە، بەڵام بێ سوود بوو، کوڕەکە دەیگوت "من هیچ کات لە براکانم خۆش نابم، چونکە زۆر خراپ لەمنیان داوە، هەموو لەشیان شکاندووم، بەڵام داوام تۆمار نەکردووە. کە منیان بردە نەخۆشخانە بۆ چارەسەری، من نەمگوت براکانم لێیان داوم. قەیناکا من داوا تۆمار ناکەم، بەڵام خۆم دەزانم چۆن تۆڵەیان لێ دەکەمەوە".

هەرچەندە بە کوڕەکە ڕاگەیەنرا کە ئەو قسانەی ئەو دەبێتە بەڵگەی تاوان لەسەری کاتێک دەڵێ تۆڵەی خۆم دەکەمەوە، بەڵام لەگەڵی بێ سوود بوو، بۆیە ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی توندوتیژیی خێزانی کرا بە مەبەستی دیاریکردنی چارەنووسی، دادوەر بڕیاری دا بە بەندکردنی و ئامادەکردنی لەبەردەم لێژنەی ئاشتەوایی و چارەسەرکردنی لەلایەن پزیشکی دەروونی.

دوای ئەوەی پزیشکی دەروونی قسەی لەگەڵ کرد، بۆی دەرکەوت ئەو کوڕە کەسێکی ئاسایی نییە، خۆی حەز ناکات کەسێکی شەڕانگێز بێت. کاتێک باوکەکە گوتی بۆچی منداڵەکانی دیکەم هیچ کێشەیان نییە و تەنیا ئەو کوڕەم سەر بە کێشەیە؟ پێیڕاگەیەنرا کە پێویستە سەردانی پزیشکی دەروونی بکات و چارەسەر بکرێ بۆ ئەوەی ڕەوشی دەروونیی ئاسایی ببێتەوە، بەڵام باوکەکە گوتی "خۆ کوڕەکەم شێت نییە تاوەکو بیبەمە لای پزیشکی دەروونی". بۆ باوکەکە ڕوونکرایەوە کە کوڕەکەی شێت نییە، بەڵکو نەخۆشیی دەروونی هەیە، مەرج نییە ئەوەی ببرێتە لای پزیشکی دەروونی، شێت بێت. دواتر بەشێوەی زارەکی بەڵێننامە لە باوکی وەرگیرا کە ئاگاداری ڕەوشی دەروونیی منداڵەکەی بێت، تاوەکو ئاسایی دەبێتەوە.

لەکاتی ئاشتکردنەوەیاندا کوڕەکە هاتە دەنگ و گوتی "زۆر پەشیمان دەبمەوە لەو کارانەی دەیانکەم، هەر بۆیە چەندینجار هەوڵی خۆکوشتنم داوە، بەڵام ماڵەوە تەنیا بە لێدان لەگەڵم دەجوڵێنەوە".

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناوەڕۆکی ئەو کێشەیە، هەر کاتێک دەرکەوت کەسێک لەماڵەوە جا چ کوڕ بێت یان کچ، هەڵسوکەوتەکانی جیاوازە لە منداڵەکانی دیکە، لە جیاتی ئەوەی بە توندی وڵامی بدرێتەوە، پێویستە ببرێتە لای پزیشکی دەروونی. چونکە ئەگەر چارەسەر نەکرێت دوور نییە تاوانێکی گەورە بکات و زۆرجاریش ئەو جۆرە کەسانە تاوانەکە هەر لە چوارچێوەی خێزاندا دەکەن، جا کوشتنی خۆیان بێت، یان ئەندامانی خێزانەکە.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# خاشاکی سلێمانی هەڕەشە لە تەندروستیی هاووڵاتیان دەکات

سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و ژینگە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی:

## لە شەش مانگی ئەمساڵدا 500 کەس لە سلێمانی تووشی شێرپەنجە بوون



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

ئاوارەیی و دووری لە زێدی خۆیان، عسەرۆکی لیژنەی تەندروستی و ژینگە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لەبارەی مەترسیی خاشاکی سلێمانی بۆ سەر تەندروستیی هاووڵاتیان هۆشداریی دەدات و دەڵێت "تەنیا لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە سلێمانی 500 کەس تووشی شێرپەنجە بوون".

رۆژانە نزیکەی 1200 تۆن خاشاکی سلێمانی لەلایەن سێ کۆمپانیا و تیمەکانی شارەوانییەوە دەگوازرێتەوە بۆ چەمی تانجەرۆ، هەڵگرتنەوەی ئەو بڕە خاشاکەش ساڵانە 25 ملیار دینار لەسەر حکومەت دەکەوێت.

خاشاکی ماڵ و شەقامەکانی سلێمانی لەلایەن ئەو سێ کۆمپانیایە و خاشاکی نەخۆشخانەکان لەلایەن کۆمپانیای دیکەوە کۆدەکرێنەوە و بۆ ناوچەی تانجەرۆ دەگوازرێنەوە و لەوێ دەخرێنە ژێر خۆڵەوە، بەڵام چۆڕاوی پاشماوەکان دەڕژێتە ئاوی تانجەرۆ و بەنداوی دەربەندیخانەوە کە لەلایەن جووتیارانی ناوچەکەوە بۆ کشتوکاڵ بەکاردەهێنرێ.

رێبوار ئەحمەد، سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و ژینگە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (رووداو)ی گوت، بەدواداچوونێکی مەیدانییان بۆ ئەو خۆڵ و خاشاکە کردووە و گرفتەکانی پرۆسەکەی لە چەند خاڵێکدا باسکرد "کێشەی یەکەم ئەو گرێبەستەیە کە لە نێوان کۆمپانیاکانی کۆکردنەوەی خاشاک لە نەخۆشخانەکاندا لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و کۆمپانیاکانی خاشاکی ماڵان و شەقامەکان لەلایەن شارەوانییەوە کراون، چونکە کۆمپانیاکان پابەند نەکراون بەوەی بەشێوەیەکی زانستی خاشاکەکە لەناوببەن".

لیژنەی تەندروستی و ژینگە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ئەنجامی بەدواداچوونەکەیان بەشێوەی یاداشت ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی و دەستەی چاککردنی ژینگە کردووە.

یەکێکی دیکە لەو کێشانەی رێبوار باسی کرد، کاتی گواستنەوەی خاشاکە بۆ تانجەرۆ و گوتی "لە گرێبەستەکەدا وا دانراوە بەلایەنی کەمەوە پاشەڕۆی نەخۆشخانەکان دوو مەتر بخرێتە ژێر خاکەوە، بەڵام لە تانجەرۆ تەنیا فڕێ دەدرێت و بە بلدۆزەرێک پاڵی پێوە دەنرێت بۆ چاڵەکان و چۆڕاوی خاشاکی ماڵانیش زۆر مەترسیدارە، دەڕواتەوە نێو ئاوی تانجەرۆ و دەربەندیخان".

رزگار ئەحمەد، بەرپرسی بەشی خزمەتگوزاریی شارەوانی سلێمانی دەڵێت لە تانجەرۆ بەشێوەی سەرەتایی خاشاکەکان دەخرێنە نێو چاڵەوە و دادەپۆشرێن، کەرەستەی نەخۆشخانەکانیش دەسووتێنرێن، بەڵام خاشاکی ماڵان مەترسی لەسەر زەوی و ئاوەکە دەمێنێتەوە و خۆڵەمێشی خاشاکی نەخۆشخانەکانیش هەرچەندە دەخرێتە ژێر خاکەوە، بەڵام مەترسی دەمێنێت، جگە لەوە هەندێک لەو دوکانە پزیشکییانەی لە گەڕەکەکاندا کار دەکەن پاشماوەکانیان لەگەڵ پاشماوەی ماڵاندا تێکەڵ دەکرێن و ئەوەش مەترسیدارە.

ئەو بەرپرسەی شارەوانیش جەختی لەسەر قسەکانی رێبوار کردەوە و گوتی "بەشێک لە چۆڕاوی خاشاکەکان دەچێتە ئاوی ژێر زەوی و دەڕواتە چەمی تانجەرۆ و بەشێکیشی دەچێتە ئاوی دەربەندیخان، ئەو سەوزەیەی رۆژانە خەڵک دەیخۆن بەو چۆڕاوە ئاو دەدرێت و بەدڵنیاییەوە مەترسی دروستبوونی شێرپەنجە و نەخۆشی درێژخایەنی هەیە".

رێبوار ئەحمەد ئاشکرای کرد "لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 500 کەس لە شاری سلێمانی تووشی شێرپەنجە بوون کە رۆژانە دەکاتە چوار کەس".

رێبوار رەخنەی لە گرێبەستی شارەوانی و کۆمپانیاکان گرت، چونکە بەگوتەی ئەو، شارەوانی دەبووایە پابەندیان بکات بەوەی بەشێوەیەکی رێکوپێک پاشەڕۆکان کۆبکەنەوە، بەڵام رزگار ئەحمەد ئەو قسەیەی رەتکردەوە و گوتی "ساڵانی رابردوو تەنیا کۆکردنەوە و گواستنەوەی خاشاک لە ئەستۆی کۆمپانیاکان بووە، بەڵام نزیکەی پێنج ساڵە برگەی داپۆشینی خاشاکەکانیشیان بەشێوەیەکی سەرەتایی بۆ زیاد کردوون".

چارەسەری زانستی و بنەڕەتی بۆ کێشەی خاشاکی سلێمانی دروستکردنی کۆمپانیای ریسایکلینە کە یەکێکە لە پرۆژە ستراتیژییەکانی سلێمانی و بڕی ملیۆنێک و 200 هەزار دۆلاری تێدەچێت و بڕیار بووە لەم مانگەدا تەواو ببێت، بەڵام سێ مانگە کۆمپانیای جێبەجێکار کارەکانی وەستاندووە.

رزگار ئەحمەد گوتی "کۆمپانیاکە کارەکانی خۆی بە باشی جێبەجێ کرد، بەڵام لەبەر دابیننەکردنی ئاو و کارەبا و رێگەوبان و وەرگرتنی مۆڵەتی وەبەرهێنان پرۆژەکە تەواو نەبووە، جگە لەوە حکومەتیش پارەکەی بۆ خەرج نەکردوون، هەتا ئەو پرۆژەیەش نەکەوێتە کار ئەو مەترسییە زیاتر دەبێت".

# کرێکاران منداڵەکانیان لە قوتابخانە دەردێنن

سەرۆکی لقی سلێمانیی سەندیکای کرێکاران:

## کرێکارمان هەیە پێنج منداڵی لە قوتابخانە دەرهێناوە



**پشتیوان جەمال**
**رووداو - سلێمانی**

دەیان کرێکار بەهۆی بێکاری و کەمدەرامەتییەوە بۆ ساڵی نوێی خوێندن منداڵەکانیان لە خوێندن بێبەش دەکەن، سەندیکای کرێکارانیش دەڵێن حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم کاتەدا ناتوانێ بیمەی کۆمەڵایەتی دابین بکات.

رۆژی 15ی ئەیلوول، وەرزی خوێندنی 2015-2016 لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا دەستی پێکرد، نزیکەی ملیۆنێک و 700 هەزار قوتابی روویان لە قوتابخانە و پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە کرد، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی کارەوە، چەندین کرێکار منداڵەکانیان لە خوێندن بێبەش کردووە.

سەرباز قادر، کرێکارێکی تەمەن 55 ساڵە، ئەمساڵ سێ لە منداڵەکانی نەناردن بۆ قوتابخانە. ئەو گوتی "ماوەی ساڵێک و هەشت مانگە بێکارم، ئەگەر کاریشم دەستبکەوێت ئەوا لە مانگێکدا دوو رۆژ یان سێ رۆژە، جگە لەوەش لە خانووی کرێدام و هیچ مووچەیەکم نییە، بۆیە ناچاربووم سێ منداڵم کە لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیین، لە خوێندن بێبەش بکەم، چونکە ناتوانم خەرجییان بکێشم".

بڕیار عومەر، کرێکارێکی دیکەی تەمەن 32 ساڵە و خاوەنی 3 منداڵە، بەڵام لەبەرئەوەی هەندێجار بە دوو هەفتە جارێک، دوو رۆژ کاری دەستکەوێت و لە خانووی کرێشدا ژیان بەسەر دەبات، بۆیە بە ناچاری بڕیاری بێبەشکردنی منداڵەکانی لە خوێندن داوە.

بڕیار گوتی "منداڵێکیانم لە دووی بنەڕەتی و ئەوەی دیکەش لە چواری بنەڕەتییە، بەڵام بەهۆی خراپیی باری داراییەوە بەکولەمەرگی دەژین، بە ناچاری بڕیارم داوە لە خوێندن بێبەشیان بکەم، چونکە ئەگەر ئەمساڵ بیاننێرمەوە بۆ خوێندن، هەریەکەیان لانیکەم مانگانە 50 هەزار خەرجییان دەوێت و ئەو پارەیەش بە من پەیدا ناکرێت".

سەندیکای کرێکارانی بیناسازی ئاگاداری ژیانی کرێکارانە کە هەندێکیان منداڵەکانیان لە خوێندن بێبەش دەکەن. عوسمان حەمەسەعید، سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای کرێکارانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "لە ماوەی ساڵی رابردووەوە و بەهۆی قەیرانە داراییەکەوە ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا ناچار بوون منداڵەکانیان لە خوێندن بێبەش بکەن "رۆژانە کرێکاران سەردانمان دەکەن و لە کاتی قسەکردندا دەڵێن بەهۆی بێکارییەوە ناتوانن منداڵەکانیان بنێرنەوە بۆ خوێندن".

عوسمان بێبەشکردنی منداڵی کرێکارەکانی بۆ دوو جۆر پۆلێن کرد، بەشێکیان ئەوانەن کە لە قۆناغی ئامادەیی دەرچوون، بەڵام لەبەرئەوەی نەیانتوانیوە نمرەی پێویست بۆ زانکۆ و پەیمانگەی حکومی بهێنن و لەبەر گرانیی زانکۆ تایبەتەکانیش ناچارن لە خوێندن بێبەش بن، جۆری دووەمیش ئەو منداڵانەن کە لە قۆناغی بنەڕەتی و ناوەندی و ئامادەیین. بە گوتەی ئەو "خێزان هەیە 5 منداڵی لە خوێندن بێبەش کردووە".

سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای کرێکاران بە ئاماژەدان بە وڵاتانی دەرەوە، دەڵێت لە کاتی قەیرانەکاندا حکومەت بەشێوەی "بیمە" هاوکاریی کرێکاران دەکات تا بتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان تائێستا نەیتوانیوە ئەو بیمەیە بۆ کرێکاران دابین بکات.

سەبارەت بە ئەرکی ئەوانیش، عوسمان حەمەسەعید روونیکردەوە کە ناتوانن لەڕووی ئابوورییەوە هاوکاریی کرێکاران بکەن، بەڵکو کێشەکانیان دەگەیەننە لایەنی پەیوەندیدار.

بەپێی یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ژمارە 39ی ساڵی 1971 کە پەرلەمانی کوردستانیش ساڵی 2012 بە یاسای ژمارە 4 هەمواری کردووەتەوە، کرێکار لەکاتی کارکردندا دەبێت دەستەبەر بکرێ و دواتریش کە خانەنشین کرا مووچەی بۆ ببڕدرێتەوە، بەڵام زۆر لە کرێکارانی کوردستان کاری رۆژانە دەکەن، بۆیە دەستەبەر نەکراون و ناتوانن داوای خانەنشینکردنیان بکەن.

شیروان مەجید، بەڕێوەبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران لە سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند "بەپێی هەمواری ئەو یاسایە، لەبەرئەوەی ئەو کرێکارانە دەستەبەر نەکراون، حکومەت ناتوانێ هیچ هاوکارییەکیان بکات، بەڵام هەمواری یاساکە داوای لە حکومەت کردووە سیستەمێک بۆ ئەو کرێکارانەش دابنێت کە دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەوانیش بگرێتەوە".

# کورد بە ئۆتۆمبێل ناچنە بەغدا

شۆفێرانی کورد: رێگاکە مەترسیدارە

شۆفێرانی عەرەب: هیچ مەترسییەک لە رێگاکەدا نییە




(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

جاسم مستەفا پێش ئەوەی سواری ئۆتۆمبێل بێت، دوعایەکی سەفەری خوێند و گوتی "خوای گەورە ئەمجارەش لەو رێگەیە سەلامەتمان بکەیت". جاسم ناحەقی نییە دوعا بخوێنێ، چونکە ئەو بە رێگایەکدا دەڕوات کە رەنگە لە هەر چرکەیەکدا لەلایەن گرووپێکی چەکدارەوە برفێندرێت و جارێکی دیکە رووناکی بە چاوەکانی خۆی نەبینێتەوە.

جاسم پیاوێکی باڵا بەرزی ئەسمەری تەمەن 45 ساڵە و بەهۆی خراپیی رەوشی ئەمنیی بەغداوە، ماڵەکەی هێناوەتە شاری سلێمانی. 3 کوڕ و کچێکی هەیە و لە سلێمانی کرێکاری دەکات، جاروبار بۆ هەندێک مامەڵەی فەرمانگە یاخود سەردانی گرنگی کەسوکاری دەڕواتەوە شاری بەغدا. ئەو گوتی "ئەو کاتانەی دەڕۆمەوە هەر بە ئۆتۆمبێل هاتوچۆ دەکەم، هەرچەندە دەشزانم رێگەکە مەترسیدارە، بەڵام هەرچۆنێک بێت بەراورد بە فڕۆکە هەرزانترە".

شۆفێرانی کوردی هێڵی سلێمانی- بەغدا داد و بێدادیانە بەدەست نەبوونی نەفەرەوە بۆ شاری بەغدا، ئەوەش بەهۆی خراپیی رەوشی ئەمنیی رێگەکە، لەبەرامبەریشدا کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسمانی ئیشیان لەوپەڕی باشیدایە.

لە هێڵی نێوان سلێمانی- بەغدا 282 ئۆتۆمبیل کار دەکەن کە 148 ئۆتۆمبێلیان شۆفێرەکانیان خەڵکی سلێمانین و 134یشیان خەڵکی بەغدان، ئەمە جگە لە کارکردنی ژمارەیەک پاسی بچووکیش، ماوەی سلێمانی- بەغدا زیاتر لە چوار کاژێرە و کرێی نەفەرێکیش 40 هەزار دینارە.

فەرهاد دەروێش، بەرپرسی هێڵی سلێمانی- بەغدا بە (رووداو)ی راگەیاند رێژەی هاتوچۆکردنی هاووڵاتیان بەتایبەتیش کورد بەڕێگەی تۆتۆمبێل بۆ شاری بەغدا بەراورد بە جاران زۆر کەمی کردووە "ئێستا کورد بە رێگەی ئۆتۆمبێل ناڕۆن بۆ بەغدا، چونکە لە رێگەکە دەترسن، هەر هاووڵاتییەکیش مامەڵەی هەبێت بریکارنامەیەک دەکاتەوە و زۆرجار هەر شۆفێرەکانی خۆمان بۆیان جێبەجێ دەکەن".

کەمبوونەوەی ئیشی ئۆتۆمبێلەکان وەک فەرهاد باسیکرد بەجۆرێکە پێشتر رۆژ نا رۆژێک ئۆتۆمبێلەکانیان دەڕۆیشتن، بەڵام ئێستا بە پێنج رۆژ جارێکیش ئۆتۆمبیلێکیان ناڕوات "زۆربەی خەڵک بە فڕۆکە هاتوچۆ دەکەن، چونکە کورد لەبەر ترسی رێگە و عەرەبەکانیش کە دێن لە فڕۆکەخانە داوای کەفیلیان لێناکەن، بەڵام لە بازگەکانی کوردستان داوای کەفیلیان لێدەکەن و دواتریش بە ئۆتۆمبێل دەڕۆنەوە".

فەرهاد دەروێش ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە دوای دەستبەسەرداگرتنی شاری رومادی لەلایەن داعشەوە ئیشیان بە تەواوی کەم بووەتەوە، گوتیشی "هەر هاووڵاتییەکی عەرەبیش خەڵکی رومادی بێت، لە بازگەی بەغدا ناهێڵن بڕۆنە ناوەوە و دەبێت کەفیل ببەن".

بەهۆی خراپیی بارودۆخی ئەمنیی عێراقەوە، زۆرجار لە رێگەی نێوان خاڵس دووزخورماتوو رێگە لە ئۆتۆمبێل دەگیرێت و هاووڵاتیان دەڕفێنن، دواتربش بە بڕە پارەیەکی زۆر ئازادیان دەکەن، یاخود زۆرجار دوای وەرگرتنی پارەکەش هاووڵاتییەکە دەکوژن.

عوسمان محەممەد شۆفێری هێڵی سلێمانی- بەغدا لە مانگی رەمەزانی ئەمساڵدا بە بەرچاوی خۆیەوە یەکێک لە سەرنشینەکانی داگیراوە و دواتر بە بڕە پارەیەکی زۆر ئازادیان کردووە.

ئەو گوتی کە لە رێگەی خاڵس بوون بۆ بەغدا دەڕۆیشتن، لەناکاو ئوتومبێلێکی سەربازی هاتووەتە بەردەمیان و یەکێک لە سەرنشینەکانیان دابەزاندووە و بردوویانە، دواتر زانیویەتی بە بڕی 30 هەزار دۆلار ئازاد کراوە. عوسمان گوتی "لەبەر خراپی ئاسایشی رێگەکە هاووڵاتیان ناتوانن بە ئۆتۆمبێل هاتوچۆ بکەن، بۆیە پەنا بۆ فڕۆکە دەبەن".

بەڵام شوفێرە عەرەبەکان قسەیەکی دیکەیان هەیە لەبارەی رێگاکە و دەڵێن هیچ مەترسییەک لە رێگاکەدا نییە. ئیبراهیم خزر شۆفێرێکی دانیشتووی بەغدایە و لەو هێڵە کار دەکات، ئەو گوتی "رێگەکە زۆر باشە و هیچ مەترسییەکی نییە، شەو و رۆژ هەر کاتێک بمانەوێ دەتوانین هاتوچۆ بکەین"، هەر بە گوتەی ئەو شۆفێرە، کارکردنی ئەوان لە فڕۆکە زیاترە و گوتی "خەڵک زیاتر بە ئۆتۆمبێل هاتوچۆ دەکەن، بەتایبەتیش کورد".

ماوەی گواستنەوەی هاووڵاتیان لە سلێمانی بۆ بەغدا بە فڕۆکە نزیکەی نیو کاژێرە و نرخی بلیتی فڕۆکەکەش 88 دۆلارە.

دلێر عیززەت، بەرپرسی ئۆفیسی سلێمانی کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی عێراقی بە (رووداو)ی راگەیاند، ماوەی چەند مانگێکە ئیشیان زۆر باش بووە، بەجۆرێک جاران رۆژانە یەک فڕۆکەی بچووک کە نزیکەی 70 نەفەر دەگرێت، بە نزیکەی 30 نەفەرەوە دەڕۆیشت، بەڵام ئێستا لە رۆژێکدا نزیکەی 3-4 گەشتیان بە فڕۆکەی گەورەتر هەیە کە هەر فڕۆکەیەکیش نزیکەی 170 نەفەر دەگرێت.

دلێر گوتی "ئێستا کورد و عەرەب بە گشتی هۆشیار بوونەتەوە و بە فڕۆکە هاتوچۆ دەکەن، چونکە ماوەکەی کەمترە و لەڕووی ئەمنیشەوە سەلامەتن".

# قاچاخچییەکان تاوانبارن یان فریادڕەس؟

## قاچاخچییەک: لە ڕێگەی کارەکەمەوە ڕژێمی ئێران هەراسان دەکەم



(فۆتۆ: AFP)

کورت ناگڵ
ڕووداو- رانیە

بۆ دەرچوون لەو دۆخە نالەبارەی وڵاتەکەیانی تێکەوتووە، بە هەزاران کۆچبەری کورد بڕیاری مان یان نەمانی خۆیان دەدەن و چارەنووسی خۆیان دەدەنە دەستی خەڵکی نەناس.

بەشێک لەو کۆچبەرانە هانا بۆ قاچاخچییەک دەبەن کە ناوی بێسنوورە و خۆی دەڵێت سەدان ژن و پیاو و منداڵی بە نایاسایی لە عێراق و هەرێمی کوردستانەوە رەوانەی وڵاتانی ئەوروپا کردووە.

بێسنوور، ناوێکی دیکەی هەیە، بەڵام بۆ ئەم ریپۆرتاژە ئەو ناوەی هەڵبژارد. بڕیاردان لەسەر ناوەڕۆکی کاری ئەو بە هیچ شێوەیەک ئاسان نییە. هەندێک پێیانوایە ئەو فریادڕەسی راستەقینەیە و کۆچبەران بەرەو ژیانێکی تازە رێنوێنی دەکات. بەڵام هەندێکی دیکە وەک تاوانبارێک دەیبینن کە بێبەزەییانە خەڵکی هەژار دەدۆشێ و بەرەو دڵەڕاوکێ و تەنانەت مەرگیان دەنێرێت.

بەڵام بۆ بێسنوور ئەمە ئیشێکە وەک هەر ئیشێکی دیکە. بە هەزار دۆلار، یان وەک خۆی دەڵێت "دە وەرەقە"، بەڵێنی ژیانێکی پڕ ئومێد دەداتە خەڵکێکی بەگشتی نائومێد.

بێسنوور، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئومێد دەفرۆشێت. بێگومان لە ئێرانێکی پڕ لە ستەمکاری و عێراقێکی تژی لە ترسدا، دەکرێت بڵێین ئەو قاچاخچییە بازاڕێکی بێسنووری هەیە.

ئەو دەڵێت "خەڵک بەگشتی دەستەوەستانن و دەیانەوێت لەو دۆخە دەرچن. نە کاریان هەیە و نە خوێندوویانە و نە ئومێدیشیان ماوە."

لە رانیە، لەناو چوار دیواری کۆندا کە پێدەچێت ئۆفیسی بێسنوور بێت، بەیەک دەگەین. زوو زوو دەڵێت "هەزاران کەسی دیکە ئامادەن ئەم کارەی من بکەن، ئەگەر من واز بێنم. خەڵک ناوەستن."

بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە بێسنوور لە کارێکی ئاساندایە. دەمانچە چواردەخۆرەکەی بەر باخەڵی خێرا بیرت دەهێنێتەوە کە ژیانی قاچاخچییەک پڕە لە فرت و فێڵ و بەرتیلدان و ساختەکاری و راکردن.

لە تەمەنی 40 ساڵیدا، تاڵی سپی پاشەکشەی بە قژە مەیلە و رەشەکەی بێسنوور کردووە. ئەو دەڵێت شەوانە بە چەکەوە دەخەوێت لە ترسی ئەوەی رەنگە بە هۆی یارمەتیدانی خەڵکەوە بیانەوێت بیکوژن.

بەڵام هەموو کاتێک هەر وا نەبووە. لە کۆتایی هەشتاکاندا بێسنوور لەمدیو بۆ ئەودیوی سنووری ئێران کەلوپەلی دەهێنا و دەبرد و بژێویی خۆی و ماڵەوەیانی دابین دەکرد. بەڵام کاتێک ئێران لە 1999دا سنوورەکانی بە جارێک داخست، ئیدی ناچار بوو بیر لە کارێکی دیکە بکاتەوە.

ئەو دەڵێت "حەزم لە دەربازکردنی خەڵکە لە رێگەی قاچاخەوە. کە من دەستم پێکرد کەس نەیدەتوانی ئەوە بکات. بەڵام ئێستا ورد و درشت دەڵێن قاچاخچین."

### شارێگەی ئومێد

بەشێکی زۆر لەوانەی روو لە بێسنوور دەکەن، بە تایبەت نەیارانی سیاسیی ئێران، ئامادەن ئەو مەترسییانە قبووڵ بکەن کە لە شێوازی کاری بێسنووردا هەیە.

هیوا کە ئێستا 27 ساڵی تەمەنە، کاتێک لە ئێران دەرچوو، تەمەنی 18 ساڵان بوو. ئەو لەوە دەترسا کە حکومەت بەهۆی چالاکیی سیاسییەوە پەلاماری ماڵەوەیان بدات. هیوا سنووری نێوان ئێران و عێراقی بڕی و چوار ساڵ هەوڵی دا بگاتە دەرەوە.

ئەو دەڵێت "بێڕێزییەکی زۆریان پێ دەکردم. وەک کۆچبەر هیچ مافێکم نەبوو. تەنانەت نەمدەتوانی سیمکارتێک بکڕم."

هیوا کە ناوێکی دیکەی هەیە و خۆی داوای کرد وا ناوی بهێنین، دەڵێت "خۆمم زۆر بەبێ مورادی هاتە بەرچاو، بۆیە بڕیارم دا لە شوێنێکی دیکە ببمە کۆچبەر، شوێنێک کە بەلای کەمەوە رێز لە مافەکانم بگرێت."

هیوا تەلەفۆنێکی بۆ بێسنوور کرد تاوەکو لە سنوورەکان دەربازی بکات.

ئەو دەڵێت "لەملا و ئەولا پرسیارم کرد بزانم کێ قاچاخچییەکی باشە. زۆر کەس گوتیان بێسنوور دەتوانێت بۆ کوێ بمەوێت بمنێرێت. ئاگادارم کۆمەڵێکی زۆر لە چالاکوانی ئێرانی لەڕێگەی ئەوەوە گەیشتنە وڵاتانی ئەوروپا."

هیوا دەستوبردی کرد و 1500 دۆلارێکی لە کوڕە مامێکی وەرگرت و کاژێر چواری سەرلەبەیانی، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە باوەشی لە دایک و باوکی دا و بەرەو هەندەران کەوتە رێ.

ئەو دەڵێت "بێگومان ماڵەوەمان دەترسان، چونکە دەیانزانی من هەموو شتێک دەخەمە گرەوی ئەم رێگەیە."

### گۆڕانکاری لە شێوەدا

چیرۆکی کۆچی هیوا لە هەرێمی کوردستانەوە زۆر نزیکە لە بەسەرهاتی زۆرینەی ئەوانەی ئەم ناوچەیەیان وەک کۆچبەر بەرەو تورکیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا بەجێهێشتووە.

هیوا دەگێڕێتەوە کە لە رۆژی دەرچوونیدا، کاژێر حەوتی بەیانی لە گەراجی رانیە چاوەڕێی بێسنوور دەبێت. هیوای لە داری دونیادا تەنیا یەک خاولی و فڵچەیەکی ددانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە و هیچی تر. تەنانەت ناسنامەشی پێ نەبووە.

دوای چەند کاژێرێک لە گەراج، بێسنوور هیوا دەخاتە ناو ئۆتۆمبێلێک و بەرەو سنووری تورکیا بەڕێی دەکات. دوای تێپەڕین بە سەرجەم خاڵی پشکنینەکاندا دەگەنە گوندێکی سەر سنوور کە لەوێوە هیوا ئاودیو دەکەن.

هیوا دەڵێت "هەموو شۆفێرەکان تەلەفۆنیان بۆ بێسنوور دەکرد و ئاگاداریان دەکرد کە گەیشتووینەتە خاڵێکی تازە."

یەکێک لە شۆفێرەکان بەر لە پەڕینەوە بۆ تورکیا سەری هیوای تاشی و چاویلکەکانی لابرد. هیوا دەڵێت لەسەر سنوور سەربازە تورکەکان دەستیان بە پشکنینی ئۆتۆمبێلەکان کرد. ئەو دەڵێت رۆژێک پێشتر گەریلاکانی پەکەکە چەند پۆلیسێکی تورکیایان کوشتبوو، هەر بۆیە رێوشوێنی توندی ئەمنییان گرتبووە بەر.

هیوا بە ترس و لەرزەوە دادەنیشێ تاوەکو پاسەوانەکانی سنوور ئۆتۆمبێلەکانیان پشکنین و دواتر رێگەیان دان دەربچن. بێسنوور دەڵێت بەرتیلدان بووەتە بەشێک لە کارەکە بۆ ئەوەی لە خاڵی پشکنین خێرا رزگارت بێت.

دوای ئەوەی لە سنوور تێپەڕین، هیوا و قاچاخچییەکی دیکە بەرەو شارێکی تورکیا بە ناوی یوکەسکۆڤا کە لەسەر سنووری ئێرانە، بەڕێکەوتن.

کاتێک گەیشتنە ئەوێ، یەکێکی دیکە لە هاوکارانی بێسنوور وێنەیەکی هیوای گرت و خێرا ناسنامەیەکی ساختەی تورکی بۆ دروستکرد.

سێ رۆژ دواتر، هیوا و پیاوەکە سواری پاسێکی پڕ لە تورک بوون. یەکەم وێستگەی پشکنینیان بەبێ کێشە تێپەڕاند. لە وێستگەی دووەم پۆلیس داوای ناسنامەی لە هەموو گەشتیاران کرد بە هیواشەوە.

هیوا دەڵێت "یەکسەر بیرم کردەوە کە ئیدی کەوتوومەتە کێشەوە. ناسنامەکەمم دا بە پۆلیس و سەیرم کرد ئەوەی لەگەڵم هاتبوو لە پرخەی خەودا بوو."

پۆلیس ناسنامەکانی بە کۆمپیوتەرێکدا تێدەپەراند و دەیدانەوە بە خاوەنەکانیان و رێی دەدا پاسەکە بڕوات.

لە کۆتاییدا گەیشتنە شاری وان کە 200 کیلۆمەترێک لە یۆکسەکۆڤاوە دوورە. لەوێ کابرای قاچاخچی هیوای بردە لای باڵاخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەوێ بەجێیهێشت. هیوا تەلەفۆن بۆ باوکی دەکات و پێیدەڵێت پارەکە بداتە بێسنوور.

هیوا دەڵێت کاتێک پەنابەران کارتی ناسنامە لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەردەگرن، قاچاخچی دیکە هەن کە یارمەتییان دەدەن لە تورکیا دەربچن. چۆنیەتی دەرچوون لە تورکیا جیاوازە. هەندێک بە فڕۆکە دەردەچن و هەندێک بە کەشتی و بەلەم.

رێگەکە لە بەندەری ئیزمیری تورکیاوە دەست پێدەکات بەرەو یۆنان و دواتریش وڵاتێک لە یەکێتی ئەوروپا.

### چالاکڤان یان تاوانبار؟

لە رانیە، مۆبایلەکەی بێسنوور هەر نیو خولەک جارێک پێوەندییەکی بۆ دێت و ناچاری دەکات قسەکانی لەگەڵ ئێمەدا ببڕێت و بپەرژێتە سەر کاری خۆی.

یەکێک لە تەلەفۆنەکان هی باوکی کچێکی کۆچبەر بوو کە ماوەیەک بەر لە ئێستا دەرچووە، بەڵام دوو هەفتەیە لە یۆنان پۆلیس دەستبەسەری کردووە. پێدەچێت هەموو گەشتەکان وەک ئەوەی هیوا سەرکەوتوو نەبن.

کچەکە کە ماوەیەک پێشتر بێسنوور لە تورکیاوە رەوانەی کردووە، ئێستا لە یۆنان گیراوە. بێسنوور دەڵێت بە دەگمەن روو دەدات کە خەڵک بگیرێت، بەڵام کە دەگیرێن یارمەتییان دەدات بۆ ئەوەی رزگار ببن. ئەو پارێزەرێک بە هەزار دۆلار دەگرێت و لەگەڵ ماڵی کابرای گیراودا دەبێت تا بەریدەدات.

ئەو دەڵێت زۆربەی دەستگیرکراوان ئەوانەن کە بەپێ بۆ یۆنان چوون. گەیشتن بە یۆنان لە رێگەی ئاوەوە جیاوازە. زۆر لە قاچاخچییەکان رەچاوی قەبارە و توانای بەلەمەکان ناکەن. بێسنوور دەڵێت ئەو قاچاخچییانە بەس بە دوای پارەوەن و شتی دیکەیان بە لاوە گرنگ نییە.

ئەو دەڵێت "ئەمە کارێکی نامرۆڤانە و دوور لە رەوشتە. من هەرگیز کاری وا ناکەم. ویژدانم رێگەم نادات. من دەمەوێ بە ئاسوودەیی و بە ویژدانێکی ئارامەوە بژیم."

بێسنوور دەڵێت نزیکەی 200 دۆلار بۆ خۆی دەمێنێتەوە لە هەر کۆچبەرێک، کارەکە ناکات ئەگەر ئاسایشی پەنابەرەکە لە مەترسیدا بێت.

جۆ میلان، پسپۆڕی بواری مافی مرۆڤ کە لەگەڵ رێکخراوی نێودەوڵەتی پەنابەران کار دەکات، دەڵێت بە گشتی قاچاخچێتی بە مرۆڤ کارێکی باش نییە، بەڵام پێویستیشن، چونکە ئەگەر ئەوان نەبن هەندێک کەس ناتوانن لە وڵاتەکانی خۆیانەوە کۆچ بکەن.

میلان دەڵێت "قاچاخچی دەتوانێت دوو کەسایەتی هەبێت. دەتوانێت باشترین هاوڕێ و یاریدەدەری پەنابەرێک بێت، بەڵام ئێمە دەزانین بەشێکی زۆر لە قاچاخچییەکان رفاندن و گوشار و ئەشکەنجە بەکاردەهێنن تەنیا بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکەن."

بەڵام بۆ هیوا و ئەوانەی بە سەرکەوتوویی گەیشتوونەتە شوێنی مەبەست، بێسنوور تاوانبار نییە.

هیوا دەڵێت "من هێشتا منەتباری بێسنوورم کە یارمەتی دام بە نایاسایی لە سنوور بپەڕمەوە. بە دڵنیاییەوە حاڵەتی وا هەیە کە قاچاخچی بە خراپ کەڵک لە کۆچبەران وەردەگرێت، بەڵام یارمەتیدانی خەڵک کە پێویستیان بە هاوکارییە، هەڵە نییە."

هیوا کە ئێستا خەریکی خوێندنی مافی مرۆڤ و فەلسەفەیە لە کەنەدا، بە چاوێکی دیکەوە سەیری بێسنوور و قاچاخچییەکانی دیکە دەکات.

ئەو دەڵێت "قاچاخچی هەبێت و نەبێت خەڵک مافی خۆیانە بەرەو شوێنی ئارام بچن و داوای ژیانێکی ئازاد بکەن. مرۆڤ دەبێ بەبێ ترس ژیان بباتە سەر و هەر کەسێک یارمەتیدەر بێت لەو رێگەیەدا، بەدڵنیاییەوە چالاکڤانێکی بواری مافی مرۆڤە، جا قاچاخچی بێت یان کارمەندی بنکەیەکی پەنابەران."

### نائومێدی لە ماڵەوە

بێسنوور خۆی دەڵێت زۆر رقی لە ژیانە لە هەرێمی کوردستان و حەز دەکات لە ئەمریکا بژیێت. خێزانەکەی و منداڵەکانی زۆر باسی ئەوە دەکەن کە وڵات بەجێبهێڵن و ئەو خۆیشی چەند ساڵێک بەر لە ئێستا سوێندی خواردبوو ئێرە بەجێبهێڵێ.

بێسنوور لەگەڵ قسەکردندا دەستێک بۆ دەمانچەکەی دەبات وەک بڵێی بیەوێت بیرمان بهێنێتەوە کە ژیانی هەموو کاتێک لە مەترسیدایە و دەڵێت "قاچاخچێتی مرۆڤ بە گشتی کارێکی باش نییە."

ئەو دەڵێت زۆر دەترسێت لەوەی ئێران تیرۆری بکات. دەشڵێت بەرپرسانی ئێران زۆر هەوڵیان داوە لەسەر یارمەتیدانی خەڵکی وەک هیوا و چالاکڤانی دیکە دەستگیری بکەن.

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەزانن بێسنوور کاری قاچاخچێتی دەکات "بەڵام چونکە دەزانن کارەکە بە رەوشت و ویژدانەوە دەکەم، وازیان لێ هێناوم".

بێسنوور دەڵێت یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی ئەو کارە دەکات ئەوەیە کە رژێمی ئێران هەراسان بکات.

داهاتووی بێسنوور پێدەچێ لێڵ بێت، ئەگەرچی کاروباری لە هەر کاتێک باشترە. رەنگە رۆژێک بێت و ئەو و خێزانی هەمان ئەو رێگەیە بگرنەبەر کە خەڵکێکی زۆر لەڕێگەی بێسنوورەوە گرتوویانەتە بەر.

دیارە، ئەگەر لە عێراق رزگاری بێت و بگاتە دەرەوە، خانوو و شوێنی مانەوە زۆر کێشە نابێت. ئەو بە پێکەنینەوە دەڵێت: "لە ماڵی ئەوانە دەمێنمەوە کە یارمەتیم داون کۆچ بکەن".

> **قاچاخچییەکان چالاکڤانن یان تاوانبار؟**
>
> **کۆچبەرێک:**
> هەر قاچاخچییەک یارمەتی کۆچبەران بدات بۆ گەیشتن بە وڵاتێکی ئازاد، چالاکڤانێکی مافی مرۆڤە
>
> **کارمەندێکی رێکخراوی نێودەوڵەتی پەنابەران:**
> بوونی قاچاخچییەکان پێویستن، بەڵام زۆربەیان بۆ دەستکەوتنی پارە شێوازی رفاندن، گوشار و ئەشکەنجە بەکاردێنن.
>
> **قاچاخچییەک:**
> قاچاخچێتی بە مرۆڤ کارێکی باش نییە

# کۆمەڵگەی ئێرانی تووشبووانی ئایدز پەراوێزتر دەخات

ئارینا موڕادی
ڕووداو- هەولێر

شادی، تەمەن 12 ساڵ، ڕۆژگاری منداڵیی بە تەنیا تێپەڕاندووە. ئەو نە بەشداریی بۆنە و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و نە دەتوانێت خۆراک لەگەڵ کەسدا بەش بکات. ڕۆژی وا هەیە خەریکی لێخوڕینی پایسکیلەکەی دەبێت و بە دەوری ماڵە چۆڵەکەی دایکییەوە دەخولێتەوە. کاتەکانی دیکەش بە تاقی تەنیا شەو بە ڕۆژ دەسپێرێتەوە.

شادی جوان و تەندروستە و بە حەزی خۆی لە خەڵک دانبڕاوە. خەڵکی گەڕەک لە شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانن باوکی شادی بە ئایدز مردووە و دایکیشی هەڵگری هەمان ڤایرۆسە. ئێستا شادی بەهۆی دایک و باوکییەوە دوورەپەرێز خراوە.

هەر لەو ساڵە سەختانەدا کە شادی و دایکی گۆشەگیر کراون، ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی ئایدز (HIV) بە شێوەیەکی مەترسیدار هەڵکشاوە. لە 2011دا، سەید حەسەن هاشمی، وەزیری تەندروستیی ئێران ڕایگەیاند کە لە ماوەی 11 ساڵدا ڕێژەی تووشبووان بەم ڤایرۆسە 900 جار زیادی کردووە.

بەڵام سەرباری ئەوەی کە ژمارەی نەخۆشان هەڵکشاوە، هێشتا تێگەیشتنی خەڵک لە ئێران لەبارەی ئایدزەوە زۆر سەرەتایی و نازانستییە. دوو ساڵ بەر لە ئێستا، وەزیری تەندروستی لە یادی ڕۆژی جیهانیی ئایدزدا سەرکۆنەی تێڕوانینی گشتیی خەڵکی ئێرانی بەرامبەر بە قوربانیانی ئەم نەخۆشییە کرد و بە ڕەخنەوە باسی بەرنامە و کاری کۆمەڵگە و قوتابخانەکانی کرد لەم بوارەدا.

وەزیر گوتی "خەڵکی ئێران بەهۆی زانیاریی کەم و بۆچوونی نازانستییەوە ترسێکی زۆریان لە ئایدز هەیە. هەر بۆیەشە ئەم نەخۆشییە وەک تەلیسمێک ماوەتەوە."

لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە ساڵی 2013دا لەلایەن گرووپێکی پزیشکی ئێرانییەوە نیشانی دا کە سەرووی 22 هەزار کەس تووشی ئایدز بوونە، بەڵام ژمارە ڕاستییەکە زۆر زیاترە و ڕەنگە نزیکەی 100 هەزار بێت.

کامیار عەلائی کە لە زانکۆی هارڤارد بڕوانامەی پزیشکی پێ بەخشراوە و دەمێکە کار لەسەر ئەو نەخۆشییە دەکات و لە سەردەمی مەحموود ئەحمەدی نەژاددا زیندانی کراوە، دەڵێت نزیکەی 70%ی ئەوانەی نەخۆشییەکەیان هەیە، ئاگاداری نەخۆشییەکەیان نین.

مەحبووبە، 28 ساڵ، دایکی شادی، دەڵێت "مێردەکەم 10 ساڵ بەر لە ئێستا کۆچی دوایی کرد. ڕۆژێک هاتەوە و وەک بڵێی پەسیوی گرتبێت، لە پڕێکدا تەندروستیی تێکچوو. ئەوکات ئێمە زۆر نیگەران نەبووین، بەڵام هەر هەفتەیەک دواتر گیانی سپارد."

پشکنینی پزیشکی دواتر دەریخست کە ڤایرۆسی HIV سیستەمی بەرگریی مێردەکەی مەحبووبەی تێکشکاندبوو. ماوەیەک دواتر دکتۆرەکان بۆیان دەرکەوت کە مەحبووبەش هەڵگری هەمان ڤایرۆسە، بەڵام شادی کە ئەوکات تەمەنی دوو ساڵ بوو، هیچ نیشانەیەکی نەخۆشییەکەی پێوە دیار نەبوو.

مەحبووبە دەگێڕێتەوە "من تا ئێستاش بۆم دەرنەکەوت مێردەکەم چۆن تووشی ئایدز بوو. ئەمە گەورەترین پرسیاری ژیانی منە. جاری وا هەیە زۆر تووڕە دەبم لێی کاتێک بیری لێ دەکەمەوە، بە تایبەت چونکە ماڵەوەیان ئۆباڵی نەخۆشیی ئەویان خستە ئەستۆی من."

مەحبووبە بە دەم گریانەوە فرمێسکی سەر ڕوومەتی دەسڕێتەوە و لەولایشەوە شادی بە چاوە ڕەش و گەشەکانییەوە لە دایکی ڕادەمێنێ و بەبێدەنگییەوە یاری بە پرچە لوولەکەی دەکات.

بۆ ئەوەی نهێنییەکەیان پارێزراو بێت، شادی و مەحبووبە داوا دەکەن ناوی دووەمیان نەنووسرێت. لەم شارە بچووکەدا ئەم خێزانە بە تەنیا و بێ دراوسێ ژیاون. ئەوانەی تووشی ئایدز دەبن، دواتر دەکەونە بەر تێڕوانینی نەرێنیی کۆمەڵگە و جیاکاری و ناوزڕاندن. هەر بۆ نموونە، مەحبووبە و شادی بانگێشتی ئەو دانیشتنە کۆمەڵایەتیانە ناکرێن کە ژن و منداڵی گەڕەکەکە بە یەکەوە کۆدەبنەوە.

مەحبووبە دەڵێت "ئێمە بۆ هیچ میوانییەک بانگێشت ناکرێین. کچەکەم نەخۆش نییە، بەڵام ئەویش لە بێزی و تەنیایی بێبەش نەبووە".

شادی کە گوێی بۆ قسەکانی دایکی گرتبوو، بێدەنگی دەشکێنێ و دەڵێت "جارێک لە قوتابخانە ویستم کێکەکەم لەگەڵ کچەکەی دراوسێمان بەش بکەم، بەڵام ئەو نەک هەر دەستی بۆ کێکەکەم نەبرد، بەڵکوو زۆریش تێکچوو و لێم دوورکەوتەوە."

بەڵام کێشەکان هەموویان کۆمەڵایەتی نین. مەحبووبە سێ جار کاری لەدەستداوە کاتێک خاوەنکارەکانی زانیویانە نەخۆشە. جارێکیان وەک یاریدەدەری پزیشک بۆ ئافرەتان کاری دەکرد، دکتۆرەکە کە زانیی نەخۆشە داوای لێکرد کارەکەی بەجێبهێڵێ.

مەحبووبە دەڵێت: "ئەو پزیشک بوو، دەبووایە جیاواز بێت لە خەڵکی ئاسایی. بەڵام کاتێک زانیی کە من ئایدزم هەیە گوتی کە بەداخەوەیە بۆم، بەڵام دەبێ لە خەمی کلینیکەکەیدا بێت، منیش یەکسەر ئەوێم بەجێهێشت."

ئێستا مەحبووبە وەک خزمەتکارێک کار دەکات. ئەو دەڵێت خاوەنکارە نوێیەکەی نازانێت کە نەخۆشە.

ئێستا، تەندروستیی مەحبووبە جێگیرە. ئەو دەرمانی دژە بڵاوبوونەوە دەخوات و هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی شادی بێ پشتیوان نەمێنێتەوە. ئەو پزیشکەی چارەسەری مەحبووبە دەکات، دەڵێت زیاتر نیگەرانی باری دەروونیی مەحبووبەیە لەناو کۆمەڵگەیەکدا کە ئەوی پەراوێز و بە شەرمدا خستووە.

دکتۆر عەلیرەزا مەعرووفی، پێیوایە حکومەتی ئێران پێویستە بەرنامەی بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی هەبێت بۆ ئەوەی پرسی HIV ئاسایی بکاتەوە و لە تابۆ بیهێنێتە دەرەوە.

ئەو دەڵێت "من دەرمانی پێدەدەم بۆ باشتربوونی وزەی جەستەیی، بەڵام کێ ئەو وزەیە دەدات بە مەحبووبە و کچەکەی تا بە گژ نەزانی و بەدحاڵیبوون و تەنیاییدا بچنەوە."




## ئایدز لە ئێران:

- نزیکەی 100 هەزار تووشبووی ئایدز لە ئێران هەن
- تەنیا 28 هەزار کەس وەکو تووشبوو تۆمارکراون
- UNدەڵێت 4000 ئێرانی بە ئایدز مردوون و 9300 ژن و 1000 منداڵیش تووشبووی ئایدزن.
- سێکس و ئەو دەرزی و نیدڵانەی بۆ تریاک کێشەکان بەکاردەهێنرێن، هۆکاری سەرەکی گواستنەوەی ئایدزن لە ئێران
- حکومەتی ئێران بڕیاری داوە پرۆگرامێکی تۆکمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئایدز دابڕێژێت.
- توێژەرانی کۆمەڵایەتی داوا دەکەن پشکنینی ئایدز بکرێتە مەرجی گرێبەستی هاوژینی.
- 70%ی تووشبووان نازانن ئەو نەخۆشییەیان هەیە
- لە سەردەمی نەژاد سانسۆرێکی زۆر خراپە سەر چالاکانی بواری ڕێگری و چارەسەری ئایدز.
- پزیشکێکی ئێرانی لە ساڵی 2008 بە دوو ساڵ و نیو زیندانی کرا، بەهۆی ئەوەی بەشداری لە کۆنفرانسێکی زانستی لە ئەمریکا دەربارەی ئایدز کردبوو.



دکتۆر ئیکرام حوسێن

## کۆچ مەکەن، نێرگەلە بکێشن

لەو کاتەوەی قەیرانی دارایی دەستی پێکردووە، گەنجان بێکار بوون و کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ ئەورووپا هەڵکشاوە، تاکە چارەسەرێک کە حکومەت بیری لێکردبێتەوە، یان تاکە بڕیارێک لە بەرژەوەندی گەنجان درابێت، هەرزانکردنی نرخی نێرگەلە بووە.

لە سلێمانی دیوانی چاودێریی بازرگانی هەیە، هەموو کات هەوڵەکانی بەڕێز سۆران عەبدولغەفور، سەرۆکی دیوانەکە جێگای ڕێز بوون، ئێستا کە حکومەت هەیبەتی نەماوە و خەڵکی کەمتر هەست بە بوونی دەکەن، هەوڵەکانی چاودێریی بازرگانی، لە داخستنی شوێنە ناتەندروستەکان و گرانفرۆشەکان، جێگای ڕێزن، دوا هەوڵیشیان ڕێکخستن یان دابەزاندنی نرخی نێرگەلە بوو لە هەفتەی ڕابردوودا.

دیوانی چاودێریی بازرگانی، دەڵێت لەبەرئەوەی دیاردەی نێرگەلە کێشان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەدواداچوونیان بۆ نرخی نێرگەلە کردووە و دەرکەوتووە تێچوویەکی کەم بەڵام نرخێکی گرانی هەیە، بۆیە بڕیاریان داوە نرخەکەی دابەزێنن. لە ڕاستیدا ئەوان بە کاری خۆیان هەستاون وەک دیوانی چاودێریی بازرگانی سلێمانی، لەو ڕوانگەیەوە کە ئێستا ژمارەیەکی زۆر نێرگەلەکێش هەن.

هەموو پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان هەواڵەکەیان بڵاوکردووەتەوە، بەڵام پێگەیەک نییە لەگەڵیدا باسی زیانە تەندروستییەکانی نێرگەلە بکات. لە ڕاستیدا ئێستا ئێمە میللەتێکی نێرگەلەکێشمان لێ دەرچووە، لەوانەیە هەواڵسازی پێگە ئەلیکترۆنییەکانیش زۆربەیان نێرگەلەکێش بن، بەهۆی قەیرانی داراییەوە، ئەو شوێنانەی شمەکیان تێدا دەفرۆشرێت بوونەتە چۆڵەوانی، تەنیا نێرگەلەخانەکان نەبێت کە جمەیان دێت و ژمارەیان لە زیادبووندان.

کورد لە مێژە گوتوویەتی شەڕ لە بەتاڵی باشترە، هۆکاری یەکەمی زیادبوونی ژمارەی نێرگەلەکێشان، بێکارییە، بەڵام هەرزانکردنی نرخەکەی زیانی گەورە لە تەندروستیی خەڵک دەدات. لە کاتی گرانیی نرخەکەیدا، چەند نێرگەلە فرۆشێک سوود وەردەگرن، بەڵام لە کاتی هەرزانکردنیدا، هەزاران خەڵک زیانیان پێدەگات، مرۆڤ پارەی زیاتر بدات باشترە لەوەی دووکەڵی زیاتر هەڵمژێت، یان پارەی پێ نەبێت، باشترە لەوەی نێرگەلەیەک بە نرخێکی هەرزان بکڕێت و سییەکانی خۆی پێ قان بدات.

لە وڵاتان ڕیکلامی جگەرە بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە، وێنەی شێواو لەسەر پاکەتی جگەرە دادەنرێت، لە هەندێک وڵات دەبێت بە بەرچاوەوە نەبێت تا خەڵک ئارەزووی نەکات، نرخەکەشی زۆر گرانە بۆئەوەی خەڵکی نەتوانێت بە ئاسانی بیکڕێت، بۆ نموونە پاکەتێک جگەرە نرخەکەی لە کوردستان بە هەزار دینار بێت، لە بەریتانیا بە 10 یان 13 هەزار دینارە، گرانییەکەی بەڕاستی بووەتە هۆکار بۆئەوەی کەمتر بکێشرێ.

هەرزانکردنی نرخی نێرگەلە هانی گەنجان دەدات بۆ کێشانی، کاتێک پێنج کەس پێکەوە نێرگەلەیەک دەکێشن، کەمتر نۆرەیان بەردەکەوێت و کەمتر دووکەڵ هەڵدەمژن و کەمتر زیانیان پێدەگات، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە هەرزان ببێت، ئەوا بەو پارەیەی پێشوو دوو یان سێ نێرگەلە داوا دەکەن و دوو یان سێ هێندە زیاتر زیانیان پێدەگات.

کێشانی نێرگەلە بە شێوەیەکی ڕێکخراو، دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و سی و سیل، ئەوە بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی کالیفۆرنیا، بەڵام زیانەکان خێراتر و خراپتر و کاریگەرتر دەبن ئەگەر کێشانی نێرگەلەیەک زیاتر بێت لە 45 خولەک، هەرزانبوونی نرخی نێرگەلە وا دەکات، هەر کەسێک بەتەنیا نێرگەلەیەک بۆ خۆی داوا بکات، بەوەش کەسەکە بۆ زیاتر لە 45 خولەک نێرگەلە دەکێشێت.

بەپێی توێژینەوەیەکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، لە کاتی کێشانی نێرگەلەیەکدا، کەسێک سەد هێندەی دووکەڵی جگەرە هەڵدەمژێت.

کەواتە ئێوە چاکتان کرد بۆئەوەی خراپتری بکەن.

# چۆن ڕێگا لە تووشبوون بە شێرپەنجە بگرین؟

ڕووداو- DW

بیستنی هەواڵی تووشبوون بە شێرپەنجە، بە "هەواڵە ناخۆشەکە" ناسراوە، بۆ زۆربەی خەڵکیش تووشبوون بە شێرپەنجە حاڵەتێکی کتوپڕ و ناخۆشە. ئەوەی جێی دڵخۆشییە، نیوەی حاڵەتەکانی شێرپەنجە دەکرێ ڕێگەیان لێبگیرێ.

**ئەمانە هەندێک ڕێگەچارە و ڕێنماییین بۆ دووربوون لە تووشبوون بە شێرپەنجە:**



### 1 دوورکەوتنەوە لە جگەرە:

جگەرە هۆکاری پێنجیەکی حاڵەتەکانی شێرپەنجەیە. جگەرەکێشان هۆکاری چەندین جۆری شێرپەنجەیە، بەڵام تاکە هۆکاریش نییە.



### 2 دوورکەوتنەوە لە قەڵەوی:

قەڵەوی دووەمین هۆکاری بەربڵاوی شێرپەنجەیە. بەهۆی قەڵەوییەوە ئەگەری ڕوودانی چەندین شێرپەنجە زیاد دەکەن، لەوانە شێرپەنجەی زراو و گورچیلە و سورێنچک. دەگوترێ هۆکاری ئەم پەیوەندییەی قەڵەوی و شێرپەنجە، بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ئینسۆلین لە جەستەدا دەگەڕێتەوە. لە خانمانیشدا قەڵەوی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنە مێینەییەکان و بەوەش ئەگەری ڕوودانی شێرپەنجەی مەمک و منداڵدان زیاد دەکات.



### 3 وەرزشکردن:

وەرزش و چالاکیی جەستەیی لەمپەر دروستدەکەن لەبەردەم دروستبوونی شانەی شێرپەنجەییدا، ئەویش لە ڕێگای دابەزاندنی ئاستی ئینسۆلین کە ئەنجامەکەی کەمکردنەوەی ئەگەری قەڵەوبوونە. مەرج نییە وەرزش تەنیا لەڕێگای چالاکیی زۆر ماندووکەرانەوە بێت، بەڵکو لە ڕێگەی هاتوچۆکردن بە پایسکیل و تەنانەت بەپێ ڕێکردنی ڕۆژانەش یارمەتیی خۆپاراستن لە شێرپەنجە دەدەن.



### 4 واز لە کحول بێنە:

کحول ڕەگەزێکی دروستکەری شێرپەنجەیە، دەرکەوتووە کحول ڕێگە خۆش دەکات بۆ تووشبوون بە شێرپەنجەی دەم و سورێنچک و گەروو. خۆ ئەگەر کەسێک لە هەمانکاتدا جگەرەکێش بێت و کحولیش بخواتەوە، ئەوە ئەگەری تووشبوونی بەشێرپەنجە زۆر زیاتر دەکات.



### 5 گۆشتی سوور کەم بکەوە:

چەند لێکۆڵینەوەیەک پەیوەندییان لەنێوان زۆر خواردنی گۆشتی سوور و شێرپەنجەی کۆڵۆندا دۆزیوەتەوە. توێژینەوەکان دەڵێن مەترسیدارترین جۆری گۆشت بۆ شێرپەنجە گۆشتی مانگایە، دواتر گۆشتی بەراز، بەڵام گۆشتی ماسی پێچەوانەی ئەوانەیە و ئەگەری تووشبوون بەشێرپەنجە کەم دەکاتەوە.



### 6 گۆشتی برژاویش باش نییە:

برژاندنی گۆشت دەبێتە هۆی دروستبوونی ماددەگەلی دروستکەری شێرپەنجە وەکو ماددە ئەرۆکاتییە فرە زنجیرەییەکان. توێژینەوەکان لەسەر ئاژەڵ دەریانخستووە ئەو ماددانە هۆکارێکی تووشبوونن بە شێرپەنجە، بەڵام تاوەکو ئێستا لە مرۆڤدا ئەوە نەسەلمێنراوە.



### 7 واز لە فاستفود بێنە:

لەبری خواردنە خێراکان، ڕووبکەرە خواردنی سەوزە و میوە و ڕیشاڵە خۆراکییەکان، ئەمانە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە کەم دەکەنەوە.




### 8 خۆت لە تیشکی خۆر بپارێزە:

تیشکی سەروو وەنەوشەیی لە هەتاودا دەتوانێت درزە بکاتە نێو زنجیرەی ترشە ناوکییەکان، بەوەش گۆڕانکاریان تێدا دەکات و ئەگەر زۆر دووبارە ببێتەوە، ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی پێست زیاد دەکات.



### 9 تیشکە پزیشکییەکان:

تیشکی سینی زیان بە ترشە ناوکییەکان دەگەیێنێت. بەڵام وێنەی تیشکی سینی ئاسایی زیانێکی کەمتری هەیە بە بەراورد بە پشکنینی برگەیی (سیتی سکان)، هەرچی لەرینەوەی موگناتیسی (MRI) یە ئەوە زیانی نییە لەو ڕووەوە.



### 10 هەوکردنەکان و شێرپەنجە:

ڤایرۆسی پاپیلۆما دەکرێ ببێتە هۆی تووشبوون بە شێرپەنجەی ملی منداڵدان لە خانماندا. هەرچی هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر لە جۆرەکانی B و C یە ئەوە ڕێگە بۆ تووشبوون بە شێرپەنجەی جگەر خۆش دەکەن. هەروەک بەکتریای هێلیکۆبەکتەر پایلۆری لە گەدەدا، ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی گەدە زیاد دەکات.



### 11 حەبی مەنع

حەبی ڕێگری لە منداڵبوون لەلایەکەوە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمک زیاد دەکات، لەلایەکی دیکەوە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی هێلکەدان کەم دەکاتەوە. دەگوترێ بەگشتی لەڕووی تووشبوون بە شێرپەنجەوە، حەبی ڕێگری لە منداڵبوون سوودی لە زیانی زیاترە.

ڕووداو هەمەجۆر
ژمارە (376) دووشەممە 2015/9/21

## تەمەنی حەمید بەشی خۆشەویستی ناکات



**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو- هەولێر**

حەمید عوسمان گۆرانییەک کلیپ دەکات کە 105 کەس بەشدارییان تێدا کردووە و دەرهێنەری کلیپەکەش دەڵێت باشترین بەرهەمە کە تاوەکو ئێستا کاری دەرهێنانی بۆ کردبێ.

بڕیار فەتاح دەرهێنەری کلیپەکە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم کارەی حەمید زۆر جیاوازە لەگەڵ کارەکانی دیکەی ئەو هونەرمەندە چ لە ڕووی دەنگ و چ لە ڕووی کلیپەوە". گۆرانی "تەمەن زۆر کورتە و بەشی خۆشەویستی ناکات" تێکستەکەی لەلایەن حەمەسەعید ئیبراهیم نووسراوە، ئاریۆس ئاوازی بۆ داناوە و دابەشکردنی میوزیکیشی بۆ کردووە. بڕیار فەتاحیش جگە لە دەرهێنان کاری وێنەگرتنی کلیپەکەی کردووە.

## عەبدالی ڕووداو دەچێتە لەندەن




**ڕووداو- دهۆک**

فیلمێکی دۆکیومێنتاری کوردی بەناوی عەبدال لە بەشی پێشبڕکێی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی بی بی سی دۆکیۆمێنتاری وەرگیراوە کە بە سپۆنسەری تۆڕی میدیایی ڕووداو بەرهەم هاتووە. دەرهێنەری کورد کامەران بیتاسی، دەربارەی ئەو فیلمە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارە فیلمی عەبدال لە 28ی مانگی داهاتوو لە لەندەن نمایش بکرێت و بەشداری پێشبڕکێی فێستیڤاڵەکە بۆ وەرگرتنی خەڵات بکات".

کامەران چیرۆکی فیلمەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "فیلمەکە چیرۆکی دایک و کوڕێکی مەسیحی دەگێڕێتەوە کە بوونەتە موسڵمان". گوتیشی "فیلمەکەم بە سپۆنسەری تۆڕی میدیایی ڕووداوە و داوەتی چەند فێستیڤاڵێک کراوە". کامەران بیتاسی تاوەکو ئێستا چوار فیلمی دۆکیومێنتاری و چوار کورتە فیلمی هەیە و لە فێستیڤاڵی سێیەمی فیلمی دهۆک خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی وەرگرت.

## "ئیسپانییەکان هۆرەی هەورامییان بردووە"



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دەرهێنەرێکی کورد فیلمێکی دۆکیومێنتار لەسەر لێکچوونی میوزیک و گۆرانیی چەند شارێکی ئیسپانیا و هۆرەی هەورامی دروست دەکات.

یاد دین دەرهێنەری کورد کە لە ئیسپانیا دەژی، لەبارەی ئەو فیلمە بە (ڕووداو)ی گوت "دەمێکە ئامادەکاری بۆ ئەو فیلمە دەکەم، بەهۆی گەڕان و لێکۆڵینەوەم لە میوزیکی فلامینکۆ و هۆرەی هەورامی بە بەڵگە دەیسەلمێنم کە ئیسپانییەکان هۆرەی هەورامیان بردووە و میوزیکی خۆیان پێ دەوڵەمەند کردووە".

یاد گوتیشی" ئەم دۆکیومێنتارییە لە نێوان شارەکانی مەدرید و غەرناتە و ناوچەی هەورامان وێنە دەگیرێت و بڕیارە لە بەهاری داهاتوودا تەواو بکرێت و لە فێستیڤاڵەکاندا نمایش بکرێ".

لەم دۆکیومێنتارەدا چەند پسپۆڕێکی بواری میوزیکی ئیسپانیا بە ئاشکرا دان بەوەدا دەنێن کە کاتی خۆی سوودیان لە هۆرەی هەورامی وەرگرتووە، بەڵام دەرهێنەرەکە پێی باش بوو وردەکارییەکان ئاشکرا نەکات بۆ ئەوەی ببێتە سوپرایز بۆ هەورامییەکان.

## زیندانی ئامەد دەکرێتە فیلم



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەکتەری باکووری کوردستان سوعاد ئۆست بەشداری لە نوێترین فیلمی درێژدا دەکات کە باس لە گرتووخانەی شاری ئامەد دەکات.

سوعاد لەبارەی فیلمەکە بە (ڕووداو)ی گوت "فیلمێکی 100 خولەکی لەسەر زیندانەکانی شاری ئامەد بەتایبەتی مەزڵوم دۆغان و هاوڕێکانی کە مانیان لە خواردن گرتبوو، من ڕۆڵی سەرەکیی فیلمەکە دەگێڕم و ڕۆڵی هایری دۆرمش بەرجەستە دەکەم".

سوعاد گوتیشی "فیلمەکە لە شاری ئامەد وێنە دەگیرێت و هەردوو دەرهێنەران ئیلهام و هاشم کاری دەرهێنانی بۆ دەکەن، گرتووخانەیەکی نوێ هاوشێوەی گرتووخانەی ئامەد دروست دەکرێت و وەک ستۆدیۆیەک کاری وێنەگرتنی تێدا دەکرێت".

سوعاد ئۆست لە چەندین فیلمی کوردیدا وەک فیلمەکەی هونەر سەلیم و شەوکەت ئەمین و چەند دەرهێنەرێکی دیکە کاری کردووە و ڕۆڵی سەرەکی بینیوە، تاوەکو ئێستاش چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتی وەرگرتووە.

## کۆچ ڕۆژ و ڕەنج کۆدەکاتەوە

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**


ڕەنج سەنگاوی شاعیر و پێشکەشکاری بەرنامەی لەگەڵ ڕەنج لە کەناڵی ڕووداو، تێکستێک لەبارەی کۆچەوە دەداتە هونەرمەند ڕۆژ کەریم بۆ ئەوەی بیکاتە گۆرانی.

ڕۆژ کەریم بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا خەریکی تۆمارکردنی گۆرانییەکم کە تێکستەکەی لەلایەن ڕەنج سەنگاوییەوە نووسراوە، خۆشم ئاوازم بۆ گۆرانییەکە داناوە، بڕیارە لە دوو هەفتەی داهاتوودا بەشێوەی دەنگ بڵاوببێتەوە نەک بە کلیپ، چونکە کاتم نییە بۆ کلیپکردن".

ڕۆژ ناوی گۆرانییەکەی ئاشکرا نەکرد، تەنیا گوتی "ئەم بەرهەمە لەسەر کۆچ و کۆچبەرانە. بە داخەوە ئەوەی دەیبینیت ئەمڕۆ بیر لە جێهێشتنی کوردستان دەکاتەوە، هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازی بکات بۆ ئەوەی کوردستان بە ئاوەدانی بمێنێتەوە".



## سلێمانی موزیک باران دەکرێت




**ڕووداو- سلێمانی**

شاری سلێمانی، خۆی بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی موزیک ئامادە کردووە و یادەکەش دوو ڕۆژ دەخایەنێ.

بەختیار سەعید، بەڕێوەبەری تەلاری هونەر لە شاری سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بە مەبەستی یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی موزیک کە هەمووساڵێک لە سەرتاسەری جیهاندا لە ڕۆژی یەکی تشرینی یەکەم بەڕێوەدەچێت، دوو کۆنسێرتی میوزیک لە شاری سلێمانی بەڕێوەدەچن. کۆنسێرتی یەکەم لە ڕۆژی 29ی ئەیلوول، موزیسیان سامان تەها بە ئامێری پیانۆ سازی دەکات و دووەمیش ڕۆژی 3ی تشرینی یەکەم لەلایەن موزیسیان ئەحمەد شەممەوە ساز دەکرێت.

## دالیا پشتگیری لەیلا دەکات






**ڕووداو- سلێمانی**

دالیا ڕێبوار بەشداربووی ساڵی ڕابردووی شاجوانی مەزنی نێودەوڵەتی بە مەبەستی پشتگیری لەیلا چوبانی و نیشاندانی فیلمێک لەسەر کۆبانێ، سەردانی تایلەند دەکات.

دالیا ڕێبوار بە (ڕووداو)ی گوت، لەسەر بانگهێشتی ڕێکخەرانی مەراسیمی شاجوانی مەزنی نێودەوڵەتی "miss grand international" مانگی داهاتوو سەردانی وڵاتی تایلەند دەکات بۆ دوو مەبەست، یەکەمیان بۆ پشتگیری لەیلا چوبانی کچە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەمساڵ بەشداری ئەو پێشبڕکێیە دەکات، دووەمیش نیشاندانی فیلمێک لەسەر ئازار و مەینەتییەکانی شاری کۆبانێ کە لە مانگی مایسی ئەمساڵ لەسەر ئەو شارە لەگەڵ ستافێک بەرهەمیان هێناوە.

ئەو گوتی "توانیم بە بەڵگەوە بیسەلمێنم کە بەشداریکردنم لەو پێشبڕکێیە لە ساڵی ڕابردوو تەنیا بۆ دەرخستنی جەستەم نەبوو، بەڵکو بۆ ناساندنی زیاتری کورد بوو لەسەر ئاستی کیشوەری ئاسیا".

## کانی بێکەس و خەمبار تێکەڵ دەکات



**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

ژنە هونەرمەند کانی، بەشێک لە هۆنراوەی دوو شاعیری کورد دەکاتە گۆرانییەکی نوێ و کلیپی بۆ دەکات.

(خەو نەبوو) کە تێکستی شاعیری کۆچکردوو شێرکۆ بێکەسە و (وەرزە ئاڵەکانی عەدەم) کە تێکستی جەمال خەمبارە، کانی بەشێک لە هەردوو هۆنراوەکەی بۆ گۆرانییە نوێیەکەی هەڵبژاردووە.

کارزان مەحموود، موزیسیان و هاوژینی کانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئاواز و دابەشکردنی گۆرانییەکە لەلایەن خۆیەوە دانراوە و گۆرانییەکەش تایبەتە بە منداڵان. گوتیشی "بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکە چەند موزیسیانێکی بەتوانای سویدی بەشدارییان کردووە و ئێستاش لەگەڵ کۆمپانیایەکی گەورەی سوید بیر لە کلیپکردنی دەکەینەوە".

## بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ

ڕووداوەکانی ئێستا دەبنە سەرچاوەی بیرۆکەی نوێ بۆ تۆ و دڵنیات دەکەنەوە کە ژیان هەمووی گەمە نییە و بەشێکی زۆر جدییەتی تێدایە. مەرج نییە هەموو ئەو شتانەی دەیانبیستی ڕاست بن.

### گا

بەردەوام پشت بە زانیاری ببەستە، ئەم ڕۆژانە لە هەنگاوەکانی داهاتوو دڵنیا دەبیتەوە. هەوڵ بدە پەیوەندییەکانت ئاسایی بێت و بەدەستی خۆت ناحەز بۆخۆت دروست مەکە.

### دووانە

بابەتە بچووکەکان گەورە مەکە، ئەو کەسانە مەدوێنە کە بێزارت دەکەن، لەیەکەم ڕۆژی جەژنەوە هەست دەکەیت تێگەیشتنت بۆ بابەتەکان زیاتر دەبێت، بەتایبەت بۆ هەڵسوکەوتی چواردەورەکەت.

### قرژاڵ

بە وردی بیر لە هەموو شتەکان دەکەیتەوە بۆیە ئەگەر شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕوویدات، بەلای تۆوە نامۆ نابێت. هەست دەکەی پێویستییەکانت زۆرن و بە ئاسانی ناتوانی پڕیان بکەیتەوە.

### شێر

بوونی ئەستێرەکانی (مارس، ڤینۆس) لە کەلوکەت تێڕامانی بۆ دروست کردوویت، لە هەموو شتێک ورد دەبیتەوە و دەچیتە ناوەڕۆکی بابەتەکان کە لە کۆتاییدا کاتت بەهەدەر دەدەن و سوودیشی نابێت.

### فەریک

لەم هەفتەیەوە حەزی خۆدەرخستن زیاتر دەبێت کە لە کۆتاییدا بە قازانجت ناشکێتەوە، ئەو هەواڵەی چاوەڕوانی دەکەیت هیچ گۆڕانکارییەک دروست ناکات. بۆ ئاسوودەبوون بێدەنگی هەڵبژێرە.

### تەرازوو

سەرەتای هەفتە هەست بە دوودڵی دەکەیت، خۆت لە بڕیار و هەڵچوونی خێرا بەدوور بگرە. هەوڵ دەدەی بەردەوامی بەو ململانێیە بدەیت کە لە مێژە بەرامبەرەکەتی بەتەواوی بێزار کردووە.

### دووپشک

گوێ لە بیروڕای نزیکەکانت بگرە، سوود لە ئەزموونیان وەردەگری. پەیوەندیی سۆزداری دڵنیاییت ناداتێ بەڵام ئاسوودەی کردوویت. خەیاڵەکانت زۆر دەبن و لە هەندێک کاتدا ڕەشبین دەبیت.

### کەوان

دوودڵ مەبە ئەو گۆڕانکارییەی لە کارەکەتدا ڕوودەدات لەگەڵ بەرژەوەندییەکانت دەگونجێت. کارەکان کەوتوونەتە سەر ڕێگەیەکی باش و پاشان دەتوانی بەرەو ئاراستەیەکی باشتریان ببەیت.

### گیسک

ماندووبوون و دووبارە بوونەوەی ڕۆتینی ژیان بەشێوەیەک پەیوەستی کردوویت کە بۆ پشووی ئەم هەفتەیە حەز دەکەیت سەفەر بکەیت و هەتا ڕێگا هەبێت دووربکەویتەوە، ئەمەش ئارامیی تەواو بە دەروونت دەدات.

### سەتڵ

چالاکیی زۆر ئەنجام دەدەی و ماندووبوون خۆشحاڵت دەکات. پەلەکردن لە پەیوەندیی سۆزداری باش نییە. لەنێو ئەو کارانەی بیریان لێدەکەیتەوە، هەرە گرنگیان هەڵبژێرە بۆ جێبەجێکردن کە دڵنیابیت لەگەڵ توانات دەگونجێت.

### نەهەنگ

تواناکانت زۆرن، بەڵام هەوڵ بدە لە بابەتێکدا شارەزایی بەدەست بهێنە. دەستکەوتی دارایی باشتر دەبێت. هەوڵ دەدەیت گۆڕانێک لەماڵدا بکەی یان کەلوپەلی نوێ بکڕیت، مامەڵەیەکی نەرمتر لەگەڵ هاوبەشەکەت بکە.

# تەمەنی گونجاو بۆ پەروەردەی سێکسیی منداڵ

بە گشتی، دایکان و باوکان لە هۆشیارکردنەوەی منداڵەکانیان، بۆ دوورکەوتنەوە لە مەترسیی ئەو کەسانەی دەکرێت زیانیان پێ بگەیەنن، درێغی ناکەن، بەڵام ئەو شێوازەی ئەوان دەیگرنەبەر بۆ هۆشیارکردنەوەی منداڵەکانیان، زیان بە هەڵسوکەوتیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەگەیەنێت. بە روونی دەردەکەوێت کە چاندنی ئەو ترسە لە ناخی منداڵدا بەوەی گوایە گەورەکان دەیانەوێ زیان بە منداڵ بگەیەنن، لە زیهنی منداڵاندا رق بەرامبەر بە گەورەکان دەچێنێ.

بەردەوام پرسیاری "خراپ بەکارهێنان چییە؟ کێ دەیکات؟ چۆن دەبێت؟" لە ناخی منداڵدا دروست دەبێت و پاشان تەواوی زیهنیان داگیر دەکات. ئەگەر منداڵێک بەم جۆرە پەروەردە بکرێت، ناتوانین بڵێین پەروەردەیەکی دروستی دەروونیی وەرگرتووە. کەوایە دەکرێت بپرسین دایکان و باوکان چۆن منداڵەکانیان پەروەردە بکەن، بەجۆرێک کە رێگە بگرن لەوەی رووبەڕووی مەترسی و خراپەکاری ببنەوە، خۆیان بپارێزن لە خراپ بەکارهێنان و لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە زیانیان پێ نەگات؟ بە وردی سەرنجی ئەم باسە بدەن کە لە بارەی تەمەنی گونجاو بۆ پەروەردەی سێکسیی منداڵ بۆتان دەخەمەڕوو، تا بزانن دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانتان بکەن.

تەمەنی منداڵی، قۆناغی مەراق خواردنە. لەم قۆناغەدا منداڵ بێ ئەوەی پێویستی بە پێگوتن هەبێت، حەزی لە زانینی هەرچی هەبێت بە ئاراستەی ئەو شتە دەڕوات و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی (مەراقەکەی) چی لەدەست بێت دەیکات. زۆر جار منداڵ، ئەو شتانەی بەردەستی دەکەون دەیانبات بۆ دەمی و گازیان لێ دەگرێت بۆ ئەوەی رەقی، نەرمی و تامی شتەکە بزانن. هەندێک جاریش تا دەتوانێت هەڵیدەدات بۆ ئەوەی دەنگی فڕێدانی شتەکە بزانێت. منداڵ بەم جۆرە هەوڵی ناسینەوەی شتەکانی دەوروبەری دەدات.

لەم قۆناغەدا، منداڵ چالاکە بۆ فێربوونی شتی نوێ، بەڵام گەورەکان بە پێچەوانەوە ناچالاکن. بەجۆرێکی تر دەتوانین بڵێین ئەوە منداڵە دەستنیشانی دەکات کە دەیەوێت لەبارەی چییەوە فێر ببێت و بزانێت، نەک گەورەکان بۆی دەستنیشان بکەن. منداڵ حەزی لە چی بێت، رووی وەردەگێڕێت بۆ ئەوە و هەوڵی فێربوونی دەدات. ئەوەی کە دەکەوێتە سەرشانی دایکان و باوکان و باشترین شتێک کە دەبێت بیکەن ئەوەیە، تا منداڵەکانیان دەگەنە چوار ساڵان، باسی ئەو شتانە بۆ منداڵەکانیان بکەن کە خودی زارۆکان پێیانخۆشە.

هاوشێوەی مەراق، ئەم تەمەنە تەمەنی تەکتیکیشە. دایکان و باوکان یان سەرپەرشتیاران، دەبێت هەڵسوکەوتەکانیان بەو جۆرە لێبکەن کە دەیانەوێت قاڵبی منداڵەکانیانی پێ دیاری بکەن. نەک خۆیان بە جۆرێک مامەڵە بکەن و داوا لە منداڵەکانیان بکەن بەجۆرێکی تر بن. بۆ نموونە، ناکرێت دایک یان باوک مرۆڤێکی هەڵەشە بێت و داوا لە منداڵەکەی بکات لەسەرخۆ بێت!

دوای چوار ساڵان، چیتر منداڵان لەخۆیانەوە فێر نابن و توانایان بۆ فێربوون کەم دەبێتەوە، بەڵکو پێویستیان بە هاوکاریی گەورەکان هەیە. ئەم قۆناغە کە لە چوار ساڵییەوە بۆ حەوت ساڵی بەردەوام دەبێت، باشترین دەرفەتە بۆ دایکان و باوکان تا منداڵەکانیان ئاراستە بکەن. واتە بەر لە چوار ساڵی، منداڵ هەوڵ دەدات دەوروبەری خۆی بناسێت، کەچی لەدوای چوار ساڵییەوە تا حەوت ساڵی، داوا لە گەورەکان دەکات یارمەتیی بدەن بۆ فێربوون. منداڵ لەوە تێدەگات کە دونیا هەر ئەوە نییە لەبەردەستی ئەودایە. لەو تەمەنەدا بۆی دەردەکەوێت کە چیتر ناتوانێ بگاتە ئاسمان و بچێتە ژێر زەوی. هۆکاری ئەمەشە کە منداڵ دەیەوێت بزانێت ئەستێرەکانی ئاسمان چین و چۆنن و مێروولەکان لە ژێر خاکدا چۆن و بەچی دەژین. کە دەیەوێت لەبارەی ئەمانەوە بزانێت و فێر ببێت، پێویستی بە گەورەیەک هەیە یارمەتی بدات.

ئەگەر لەم قۆناغەدا دایکان و باوکان یان سەرپەرشتیاران، بتوانن رێبەریی بکەن، حەزی فێربوون لە ناخی منداڵەکەدا تا دێت زیاد دەکات. کەچی زۆرینەی دایکان و باوکان لەبری رێبەریکردنی منداڵەکانیان، هەوڵی "ئاراستە"کردنیان دەدەن. ئەمەش دەبێتە هۆی دواخستنی پرۆسەی فێربوونی منداڵ.

ئەگەر دایکان و باوکان بە وریاییەوە لەم تەمەنەدا مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیاندا بکەن، دەبینن پێناسێکی رەگەزی (سێکسی)ی گونجاویان داوەتە دەستی منداڵەکانیان.

**وەرگێڕانی: محەممەد ئیسماعیل**


***ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبی (پەروەردەی رەگەزیی منداڵ) ی نووسەری تورک ئادەم گیونەش کە وەرگێڕدراوە و بەشێوەی زنجیرە وتار لە (رووداو) بڵاودەکرێتەوە.**

## عەتا نەهایی:

# حەزم دەکرد لە کەرکووک بیان

بە زریکە دەستی بە نووسینی چیرۆکەکانی کرد. بەختی خۆی لە نووسینی دوایین رۆماندا بەناوی "گرەوی بەختی هەڵاڵە" تاقی کردەوە و ئەو رۆماننووس و چیرۆکنووسەی هێندەی دیکە ئاشنای خوێنەرانی کورد کرد. عەتا نەهایی، لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ رادیۆی رووداو، وەڵامی زۆر پرسیاری دایەوە. ئەو دەڵێ رۆمانێکی نووسیوە کە چەند ساڵێکە ئامادەیە بۆ چاپ، هەروەها دەڵێ کۆمەڵە چیرۆکێکیشی ئامادەیە. لەو گفتوگۆیەدا باسی هۆکارەکانی بڵاونەکردنەوەیان دەکات.

هەڤپەیڤین: فەرهاد چۆمانی



هەمیشە شمشێری دیمۆکلیسی سانسۆر بەسەر سەرمانەوە بووە

لەوەدا ژیر بووم کە زوو زانیم ناتوانم ببمە شاعیرێکی باش

10 ساڵە هیچ کتێبێکم بڵاونەکردووەتەوە

رۆمانی باڵندەکانی دەم با نزیکترین رۆمانە لە خۆم

**رووداو: رەوتی چیرۆکنووسین لە رۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی بەراورد بە پارچەکانی دیکەی کوردستان؟**

**عەتا نەهایی:** رەوتی چیرۆکنووسین لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەمەنێکی کەمتری هەیە لەچاو رەوتی چیرۆکنووسین لە باشووری کوردستان. رەنگە لە-20 25 ساڵی رابردوودا دەستی پێکردبێت، یەکەم رۆمان کە بڵاوبووەوە رۆمانی "پێشمەرگە"ی رەحیمی قازییە، هەروەها یەکەم کۆمەڵە چیرۆکیش، کۆمەڵە چیرۆکی "زریکە"یە کە تەمەنی بڵاوکردنەوەیان لە 20 تا 23 ساڵ زیاتر نییە. ئەمە دەڵێم بۆ ئەوەی بڵێم کە کاروانی نووسین لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ئەو چەند دەیەی رابردوو، لەگەڵ هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی لەسەر رێیەتی، بەهۆی ئەوەی کە بواری نووسین لە رۆژهەڵات زۆر کەم بووە، خوێنەری زۆر کەم بووە بەهۆی ئەوەی تا ئەمڕۆکەش خوێندنەوە و نووسینی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان شتێکی فەرمی نییە، بەهۆی ئەوەی کە مۆڵەتی چاپ کێشەی زۆرە، بەهۆی ئەوەی کە کەشی کولتووری و رۆشنبیری لەماوەی ئەو بیست و ئەوەندە ساڵەدا لەچەند قۆناغێکی جیادا زۆر داخراو بووە، بەڵام پێموایە کە ئەو رەوتە رەوتێکی پێشکەوتووە. کوڕە گەنجەکانی ئێمە، نووسەرانی ئێمە، بە تایبەت لە بواری چیرۆکدا، لە هەموو شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، توانیویانە بەو هەموو بەربەستانەوە کارەکانیان بڵاوبکەنەوە و سەرنجی بەشێکی زۆری خوێنەران رابکێشن. بەرهەمەکانیان نەک تەنیا لە رۆژهەڵات، بەڵکو لە باشووری کوردستانیش بڵاودەبێتەوە، تەنانەت بەشێکیان بەرهەمەکانیان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی.

ئەمە ئەگەر خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ بکەم، رەوتەکە بەرەوپێشە، هەڵبەت ئەوەش بڵێم کە خوێندنەوەیەکی ئاوا گشتی ناتوانێ ماف بداتە کارەکان، بەڵام بەشێک لە بەرهەمەکان باشن، هەندێکیشیان مامناوەندن و هەندێکی دیکەشیان لایەنی لاوازیان هەیە.

**رووداو: لە رۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵێک کارخانەی چیرۆک و ئەنجوومەنی ئەدەبی هەن، سەرباری ئەوەی کە زمانی کوردی زمانی فەرمی نییە و سەرباری ئەو ئاستەنگانەی کە هەن، چ شتێکە گوڕ و تین دەداتە ئەو چالاکییە ئەدەبییانە؟**

**عەتا نەهایی:** پێموایە ئەمە دوو هۆی هەیە، یەکەمیان: پەیوەندی بەو بڕیارە ئازایانەوە هەیە کە خەڵکی ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان داویەتی، بۆ ئەوەی شوناسێکی کولتووری بۆخۆی دەستەبەر بکات. دووهەمیشیان: بە بڕوای من سەرکێشیی نووسەران، سەرکێشیی رۆشنبیرانە کە توانیویانە سەرباری ئەو رەوشە بنووسن و بڵاوبکەنەوە، ساڵانە کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتن، ساڵانە کۆڕی شیعر، ساڵانە ئەنجوومەنەکانی ئەدەب چالاکییان هەیە، ئەمە بەبڕوای من سەرکێشیی رۆشنبیران و نووسەران بووە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و سەرکێشییەکی زۆر ئازایانەش بووە. هەروەها پشتگیریی تاڕادەیەک باشی گەلی ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

**رووداو: ئەگەر بە رێژەییش قسە بکەین، پچڕانێک لەنێوان پارچەکانی کوردستاندا هەیە، ئەمە وایکردووە کە کەلێنێک لەنێوان پارچەکانی کوردستاندا پەیدا بێت، ئەمە ئەگەر بۆ هەردوو شێوەزاری کورمانجی و سۆرانی روونتر دیار بێت، بەڵام بۆچی لەنێوان باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو کەلێنە بەدی دەکرێت؟**

**عەتا نەهایی:** راستی زۆر تێناگەم ئەو کەلێنە چییە! من پێموایە لەدوای راپەڕینەوە ئەو ئازادییەی لە باشووری کوردستان هەیە، ئەو هەموو بواری چاپ و بڵاوکردنەوەیە، ئەو هەموو گۆڤار و رۆژنامە و چاپ و پەخشە توانیویەتی خزمەتێکی زۆر بە رەوتی ئەدەبی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکات، واتە دەروویەکی لێ بکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا لە هەندێ لە قۆناغەکاندا داخرانێکی رۆشنبیری زۆر بە قایمی لێرە هەبووە، ئەو دەرووە، ئەو هیوایە کە نووسەرانی ئێمە بەتایبەت گەنجەکانمان دەتوانن لە باشووری کوردستان کارەکانیان چاپ و بڵاوبکەنەوە، پاڵنەرێکی باش بووە بۆ ئەو سەرکێشییە و درێژە پێدانی. من کەلێنێک نابینم، راستە جیاوازییەک هەیە لەنێوان نووسین لەم پارچەیە و لە باشووری کوردستان کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی خوێندەواریی نووسەرانی ئێمە لەو دوو پارچەیە، نووسەرانی ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەریان بە کتێبخانەی دەوڵەمەندی فارسییەوەیە، لە رێگەی ئەدەبی فارسییەوە ئاگاداری ئەدەبی جیهانیشن، هەروەها زەوقی ئەدەبیی نووسەرانی ئێمە زیاتر لە زەوقی ئەدەبیی نووسەرانی ئێران نزیکە، بەڵام لە باشووری کوردستان رەنگە زەوقی ئەدەبی بە ئاراستەیەکی تۆزێ جیاوازدا رۆیشتبێ.

**رووداو: بەوەی کە کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش بووە، ئایا ئەمە زیانی لە زمان و رەوتی ئەدەبیی کوردی نەداوە و بەتەواوی نەکەوتووەتە ژێر کاریگەریی وڵاتانی سەردەست؟**

**عەتا نەهایی:** دەبێ تۆزێ بە کراوەتر باسەکە بکەین، چونکە باسەکە پان و بەرینە، من پێموایە

# بۆنسای و پیاوە پیرەکە

**سعود ئەلسەنعووسی**

ساڵانێکە کڕیومە، "بۆنسای"، یان وەکو هەندێک پێی دەڵێن "درەختە کورتەباڵاکە". بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامەیەی لەو وڵاتەی لێیەوە هاتووە و لەگەڵیدایە، تەمەنی لە حەفتا ساڵ تێپەڕیوە، درێژییەکەی کەمێک لە پەنجا سانتیمەتر زیاترە، گەڵاکانی چڕ و پڕن، سەرەڕای تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵانەی تەمەنی، کەسکییەکەی هەر تۆخە، لاربوونەوەی قەدەکەی و ئاوساوی و چاڵ و چۆڵیی هەڵکەندراوی توێکڵەکەی، کاریان لە تەندروستی نەکردووە و تا ئێستاش تەندروستیی باشە، ئای ئەم کورتەباڵایە چ هەیبەتێکی هەیە و چەندم خۆشدەوێ.

دڵم زۆر پێیەوە پەیوەستە و گرنگییەکی لەڕادەبەدەری پێ دەدەم، جگە لە ئاودان و هەڵپاچینی، جگە لەوەی ناوە ناوە گەڵاکانی دەدەمە بەر هەتاو، وام لێهاتووە لەگەڵیشی دەئاخڤم، دوودڵی و نیگەرانییەکانم لای وی دەدرکێنم، هەموو ئەو شتانەی بۆ باس دەکەم کە بە خەیاڵمدا دێن، ئەویش گوێ لە من و لە خەمەکانم دەگرێ، بەڵام بە داخەوە، هەرگیز وەڵامم ناداتەوە.

ئاخۆ ئەم (بۆنسای)ـە چەند وڵات گەڕاوە؟ لە چەند بەندەر پەڕیوەتەوە؟ ئاخۆ بەر لەوەی گۆشەیەکی ژوورەکەی من داگیر بکات، لە چەند نەمامگەدا بارگەی داناوە و لەگەڵ چەند کەسدا ژیاوە؟ چەند حیکایەتی گوێ لێ بووە؟ چەند نهێنی لە نێوان هێڵە چاڵ و چۆڵەکانی و لەناو قەدەکەیدا شاردووەتەوە؟ لە ماوەی ئەم حەفتا ساڵەی ژیانیدا، چەند رووداوی مێژوویی بە رەگەکەیدا چووەتە خوارەوە؟ هیوام دەخواست قسەی کردبا و بۆی باس کردبام، تامەزرۆی ئەوە بووم گوێم لە حیکایەتەکانی بایە و نهێنییەکانیم زانیبا، بەڵام ئاخ کە بۆنسای زمانی نییە!

مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە گوێی یەکێکە کە خەمەکانی ببیستێ، بەڵام زیاد لە پێویست گوێم بۆ بۆنسای رادێرا و پەرۆشیم بۆ ئەوە زیادی کرد کە ئاخۆ دەبێ چی لە نێوان ئەو بێدەنگییەیدا هەبێ؟

پەیوەندیم لەگەڵ درەختەکەمدا بەم شێوەیە بەردەوام بوو، هەفتەی جارێک ئاوم دەدا، جاری واش هەبوو، هەموو رۆژێک ئاوم دەدا، بەڵام ئەو هیچ حیکایەتێکی نەگێڕایەوە، هیچ دەمودوویەکی نەکرد و فزەی لێوە نەهات، تینوێتی من و پێویستیم بە وشە هەر وەکو خۆی مایەوە، تا ئەو کاتەی گەیشتمە پیاوێک.

پیاوێکی تەمەن حەفتا ساڵ، جگە لە بێدەنگییەکەی، هەمووشتەکانی دیکەی هاوشێوەی درەختەکەم بوو، بچووکیی قەبارەی، ئەو چاڵاییەی زەمەن لەسەر ڕوخساری دروستی کردبوو، پرچە چڕ و پڕەکەی، ئەو هەیبەتەی هەیبوو، هەموو ئەم وردەکارییانە وێنەی درەختەکەی من، وێنەی "بۆنسای"یان هەبوو، بە هەموو گەڵا و لق و قەد و چاڵ و چۆڵیی توێکڵەکەی و گەڵا چڕ و کەسکە تۆخەکەیەوە، هەروەها بە تێپەڕینی کات، ئەو رەگەی لە خاکی جیاوازەوە ئاوی لێ هەڵمژیوە و ئەو سەردەمانەی تێیدا ژیاوە.

لەوکاتەوەی ئەو پیرە پیاوەم ناسیوە، درەختەکەم فەرامۆش کردووە، ئەوەندەی گوێ بۆ ئەو پیاوە رادەدێرم، ئەوەندە قسەی لەگەڵ ناکەم، وشەکانی، وێنە و بۆن و دەنگ



# کرماشان لەدایک بام

ڕاستە زمانی کوردی لە هەر پارچەیەکی کوردستان لەژێر کاریگەریی ئەو دەوڵەتەیە، بۆ نموونە ڕۆژهەڵات زۆر لەژێر کاریگەریی زمانی فارسیدا بووە، هەروەها باکووریش و تا بەر لە ڕاپەڕینیش لە باشوور، ئەو سنوورانە نەک هەر ئەمڕۆ، بەڵکو لە سەدەکانی ڕابردووشەوە بەربەستێک بوون بۆ ئەوەی ئەدەبی کوردی و شیعری کلاسیکی کوردیش لەیەک نزیک بن و نەتوانن کاریگەری و باندۆریان لەسەر یەکدی هەبێت، وەک دەزانین شاعیرێکی وەک مەولەوی هاوسەردەمی ژیانی نالی و کوردی بووە، بەڵام کاریگەرییان لەسەر یەکدی نەبووە، یان لە باکوور شیعرە کلاسیکەکانمان هەر بەم شێوەیە بووە، بەڵام بە بڕوای من لەم 20-30 ساڵەی دواییدا ڕەوشەکە گۆڕاوە و تێکەڵاوییەکی ئەدەبی دروست بووە، لانیکەم ئاگادارییەکی ئەدەبی لە پارچەیەکەوە دروست بووە، لەگەڵ ئەوەش من پێموایە ئەو دابڕانە لایەنێکی پۆزەتیڤیشی هەبووە، ئەوەی کە ئەدەبی کوردی، هەر نەبێ ئەدەبی هاوچەرخی کوردی لەو یەک ئاستییە یان لەو یەک تیپییە دەربچێت و ڕوانین بۆ شیعر، چیرۆک و ڕۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاوازتر بێت لە باشوور، ئەمە خۆی لە خۆیدا مەترسیی نییە، بەڵکو دەرفەتێکە کە نووسەران و ڕۆشنبیران لەهەر چوار پارچەی کوردستان دەتوانن بیکەنە دەرفەتێک بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی کوردی، بۆ ئەوەی هەموومان بە چاوێک سەیری ئەدەب نەکەین. بۆ ئەوەی هەموو لە کانییەکی ئەدەب و سەرچاوەیەک نەخۆینەوە. ئەگەرچی زۆر نەمانتوانیوە ئەو دەرفەتە بقۆزینەوە، بەڵام لەو ئاستە کەمەشیدا من پێموایە بە لایەنی باشدا شکاوەتەوە.

**ڕووداو: لەماوەی ئەو 25 ساڵەی بڵاوکردنەوەی کتێب و نووسینی چیرۆک و ڕۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆ تاچەند لە ڕەوتی ئەدەبیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕازیت، ئایا هێندەی ژمارەی ساڵەکان توانیویەتی گەشە بکات؟**

**عەتا نەهایی:** ژمارەی ئەو ڕۆمانانەی لە ماوەی 20 ساڵی ڕابردوودا چاپ و بڵاوکراونەتەوە، ڕەنگە زۆر نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک بەرهەمی زۆر باشمان هەیە. پێموایە نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو لە پارچەکانی دیکەش ئەدەبی داستانی چیرۆک و ڕۆمان کە پەیوەندی بە دونیای سەردەمی مۆدێرنەوە هەیە جگە لە چەند بەرهەمێکی دەگمەن، پێویستە کاری زۆرتری لەسەر بکرێ، هێشتا لە ئاستی خۆزگە و خەونی نوخبەی ئەدەبیماندا نین.

**ڕووداو: لە ئێران بەگشتی سانسۆر لەسەر چاپ و بڵاوکردنەوە هەیە، ئەمە تاچەند کاریگەری لەسەر ئەدەبی کوردی هەبووە؟**

**عەتا نەهایی:** سانسۆر لە ماوەی 100 ساڵی ڕابردوودا ژەهرێکە لە دەماری کولتووری ئێرانیدا بەگشتی، واتە لە 100 ساڵی ڕابردوودا هەموو حکومەتەکان زۆر بە جددی نووسینی کوردی و فارسییان سانسۆر کردووە، ئەم سانسۆرە تەنیا سانسۆری حکومەتی نەبووە، سانسۆری کۆمەڵایەتی و ئاینییشە، ئێمەی نووسەران و شاعیران هەمیشە شمشێری دیمۆکلیسی سانسۆر بەسەر سەرمانەوە بووە، چ بە وشیارانە چ سانسۆری خۆمان کە کۆمەڵگا و ئایین بەسەرماندا دەسەپێنێ. لەم 20 ساڵەی ڕابردوودا کەم بەرهەمی ئەدەبی جیهانی وەرگێڕدراوی فارسی هەیە کەم یان زۆر لێی نەقرتابێ و دەستی بۆ نەبردرابێ. بەڵام ئەو ڕۆمانانەی من تەرجەمەم کردوون وشە بە وشە بەراورد کراون لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکان. ئەگەر لەمەوە بیبەستمەوە بە پرسیاری دووەمت، بەداخەوە خوێنەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر نییە، لە ئێرانیشدا زۆر نییە، ئێستاش لە ئێرانێکی 70 ملیۆنیدا تیراژی کتێب لە چەند هەزار دانەیەک تێناپەڕێ و هی کوردییش لە 500 یان هەزار دانە زیاتر نییە.

**ڕووداو: ئێوە سەرەتا بە کۆمەڵە چیرۆکی "زریکە" دەستتان بە نووسین کرد، دواتر ڕۆمانتان نووسی، زۆربەی ئەو ئەدیبانەی کە دێنە نێو دونیای نووسینەوە بە شیعر دەستپێدەکەن، ئێوەش شیعرتان نووسیوە؟**

**عەتا نەهایی:** منیش ئەو تاوانەم کردووە، لە سەرەتای گەنجیمدا بە شیعر دەستم پێکرد، هەر بەر لە شۆڕش، ئەو کاتەی 16-17 ساڵ بووم، شیعرێکم نووسی، دوای شۆڕشیش چوار پێنج ساڵ شیعرم دەنووسی، چەند شیعرێکیشم بە ناوی خوازراوەوە لە گۆڤارە حیزبی و سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بڵاوکردەوە، من ئەگەر لە زۆر شتدا ژیر نەبووبێتم، لەوەدا ژیر بووم کە زوو زانیم ناتوانم ببمە شاعیرێکی باش، واتە ئەو شاعیرەی کە خۆم چاوەڕوانم دەکرد، وازم هێنا و تاوم دایە چیرۆکی کورت.

**ڕووداو: سروشتی بانە وەک شارێکی بچووکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا چەند ڕەنگدانەوە و کاریگەری لەسەر نووسینەکانت هەبووە؟**

**عەتا نەهایی:** من لەو دەگمەن نووسەرانەم کە لە منداڵییەوە هەر لە بانەدا ژیاوم، لەو دەگمەن نووسەرانەشم کە 40 ساڵ لە ماڵێکدا ژیانم بەسەر بردووە، لەو دەگمەن نووسەرانەشم کە لەسەدا نەوەدی چیرۆک و ڕۆمانەکانم لە ژوورێکدا نووسیوە.

بێگومان بانە وەکو شار، وەکو خەڵک کاریگەری لەسەر کارەکانم هەبووە، بەتایبەتی لە چیرۆکەکانی سەرەتامدا لە زریکە، بانە شارێکی جوانە، بەڵام من لەو کەسانە نیم کە جوانی و دیمەنی سروشتی کاریگەری زۆرم لەسەر بکا، من کەسێک بووم کە مامۆستایەتیم لێ سەندراوەتەوە، مافی خوێندنم لێ سەندراوەتەوە، گەڕاوم، لەنێو خەڵک کارم کردووە، کاسبیم کردووە، بێگومان ئەو دۆخە کاریگەری لەسەر من هەبووە، بەڵام نایشارمەوە لە بانە کاریگەریی کتێب لەسەر من زیاتر بووە. من هەمیشە گلەییەک لە چیرۆک و ڕۆمانی کوردی دەکەم کە شوێن ئامادەیی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە چیرۆکەکانی زریکە بەڕاستی شوێنەکان شاری بانەیە، سیتینگی ڕۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە" شاری بانەیە، ڕووداوەکان، بەتایبەت ڕووداوە مێژووییەکان بە شێوەیەک ڕووداوەکانی شاری بانەن، ئەگەرچی لە کارەکانی مندا ئەو شوێنەی هەیە شارێکی تایبەت نییە، ئەگەر لە ڕۆمانی "باڵندەکانی دەم با" کۆدەکانی دەمانباتەوە سنە، کە یەکێک لە گەورەترین شارەکانی کوردستانە. بەڵام دوای کۆمەڵە چیرۆکی زریکە هەوڵم دا جوگرافیای شوێن لە نووسینی خۆم فراوانتر بکەم.

**ڕووداو: تێگەیشتنێکی باو هەیە دەڵێ ئەدەبی داستانی ئەو ئەدەبەیە کە بەر شارە گەورەکان کەوتبێ، فرەجۆریی کار و پیشە و کاراکتەری تێدا هەبێت، ئێوەش لە بانەن، ئایا تا چەند دەکرێ ئەزموونی خوێندنەوە و خەیاڵکاری ئەو بەربەستە بشکێنێ؟**

**عەتا نەهایی:** شتێک هەیە لای ئێمە بە هەڵە تێگەیشتووین، بێگومان ئەدەبی داستانی ئەدەبی شارە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە دەبێ حەتمەن شوێنی چیرۆکەکان شار بێت، من ئێستا دەتوانم 10 ڕۆمانی زۆر باشی مۆدێرنتان بۆ بژمێرم کە چیرۆکەکە لە گوندێک ڕوویداوە، بەڵام ئەوە حاشای لێ ناکرێ کە ئەدەبی داستانی بە تایبەتی ڕۆمان زیهنیەتی شارە، بەڵام زیهنیەتی شار بە مانای ژیان لەنێو شاری گەورەدا نییە، مرۆڤ دەتوانێ لە گوندێکیشدا بژی، بەڵام زیهنیەتێکی شاریی هەبێت. زیهنیەتی شاری واتە دابڕان لەو زیهنیەتەی بەر لە مۆدێرنە، واتە دابڕان لەو عەقڵیەتە کە هەموو شتەکان بۆ چاک و خراپ دابەش دەکات. پێموایە تاوەکو ئێستاش بەشێکی ئەدەبی ئێمە، چیرۆک و ڕۆمان، ئەگەر لە شارە گەورەکان دەنووسرێ، بە زیهنیەتی دیکارت و گالیلۆ و ئەنیشتاینەوە نانووسرێ، بەڵکو بە زیهنیەتێکی گوندییەوە دەنووسرێ. من هەوڵم داوە، ئەگەرچی لە بانەدا دەژیم، بەڵام تەنیا بە جەستە لە شارێکی بچووکدا بژیم. ئەوەندەی پێمکرابێت هەوڵم داوە بە خوێندنەوە، بە گەڕان، بە سەفەرکردن و تێکەڵاوبوون لەگەڵ ژیانی خەڵک لە شارە گەورەکاندا لەو زیهنیەتە گوندییە دابېڕێم، لەو هەموو ڕوانینە قەتعیە و عەقڵیەتە دوالیزمە کە هەموو شتێک چاکە یان خراپە، هەوڵمداوە کەسایەتی دابهێنم، کەسانێک کە لەدەوروبەرماندا دەژین، هەوڵم داوە لە چیرۆک و ڕۆمانەکانمدا حوکم نەدەم، قەزاوەت نەکەم، ئەوەی من دەیڵێم قسەی تەواو نەبێت، هەوڵم داوە پەروەردەی گومان بکەم، هەموو شتێک لەژێر تەمێکی گوماندایە.

من حەزم دەکرد لە کەرکووک لەدایکبوومایە و بژیامایە، بۆچی؟ چونکە پڕە لە کولتووری جیاواز، ئاینی جیاواز، خەڵکی جیاواز، نەتەوەی جیاواز، یان لە کرماشان، یان لە ئامەد کە مێژوویەکی دوور و درێژی چەند هەزار ساڵەی شارستانیەتی هەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە تەنیا دەکرێ لەو شارانە چیرۆک و ڕۆمان بنووسرێ.

**ڕووداو: بەدرێژایی مێژووی نووسینی خۆت لە زریکەوە تاوەکو گرەوی بەختی هەڵاڵە، تاچەند هەوڵت داوە خۆت وەک نووسەری ئەو بەرهەمانە بەر بەشێک لەو ئەزموونانە بکەوی کە دەیانکەی بە چیرۆک و ڕۆمان؟**

**عەتا نەهایی:** هەموو چیرۆکنووسێک ئەزموونەکانی ژیانی خۆی، ئەزموونە زیهنیەکانی خۆی تێکەڵ دەکات لەگەڵ ئەزموونی داهێنەرانە و دەیکاتە بەشێک لە ئەزموونی ژیانی کاراکتەرەکانی، هەتا هەندێکجار خۆیشی نایناسێتەوە، منیش وەکو نووسەرێکی ئەزموونگەر، لەجیاتی ئەوەی دەربەستی ئەوە بم زیاتر کار بکەم، هەوڵم داوە لە هەر کتێبێکمدا ئەزموونێکی نوێ تاقی بکەمەوە، گرنگترین داڵغەم ئەوە بووە خۆم بنووسمەوە، بەڵام ئەوە ئەو عەتایە نییە کە لە بانە دەژی، خۆم ئەو عەتایە بەو زیهنیەتەوە کە ڕەنگە مەودایەکیشی ببێ لەگەڵ ئەو ژیانە واقیعیەی خۆمدا، هەوڵم داوە لە هەموو چیرۆکێکدا هەندێک لە خۆمی تێدابێت، ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەو کەسایەتییانە خۆم بم، کەسانی دەوروبەرم بن، من لە چیرۆکەکانمدا زیاتر گرنگیم بە بارودۆخەکان داوە، ڕەنگە لە چیرۆکەکانی زریکە کەسایەتییەکان وەکو دەموچاو بناسمەوە، بەڵام نەهاتووم ژیانی خەڵکی بنووسمەوە.

لێت ناشارمەوە ڕۆمانی "باڵندەکانی دەم با" نزیکترین ڕۆمانە لە خۆم، بەو مانایە نا کە نزیکترین ڕۆمانە لە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەی خۆم، بەڵکو نزیکترین ڕۆمانە بەو زیهنیەتەی خۆم، ئەو دڵەڕاوکانەی خۆم، ئەو داڵغانەی خۆم، داڵغەی کۆمەڵایەتی و عاتفیی خۆم. بەڵام لە هەندێک ڕۆماندا، لە "گرەوی بەختی هەڵاڵە" چونکە ئەزموونم نەبووە بۆ ژیان لەدەرەوەی وڵات، هەوڵم داوە زیاتر ئەزموونی هاوڕێکانم بنووسمەوە.

**ڕووداو: بەڵام گرەوی بەختی هەڵاڵە دوای سەفەرێکی ئێوە نووسرا بۆ دەرەوەی وڵات، دەکرێ سەفەر ئەزموونێکی گرنگ بێت بۆ نووسین؟**

**عەتا نەهایی:** بێگومان یەکێک لە گرنگترین شتەکان سەفەرکردنە، سەفەر دەرگای تازەت لێدەکاتەوە، کولتووری تازەت نیشان دەدا، ڕووبەڕووی ڕوانین و دیدگای تازەت دەکاتەوە.

**ڕووداو: ئێوە لەپاڵ نووسینی خۆتان، ساڵانێکە کاری وەرگێڕانیش دەکەن، ئایا هیچ تایبەتمەندییەک لە پشت ئەو کتێبانەوە هەیە کە وەریاندەگێڕیتە سەر زمانی کوردی؟ لەگەڵ ئەوەشدا ماوەیەکی زۆرە هیچ کتێبی چیرۆک یان ڕۆمانمان نەگەیشتووەتە دەست کە خۆت نووسیبێتت، هۆکاری چییە؟**

**عەتا نەهایی:** زۆر ڕاستە من 10 ساڵە کتێبم بڵاونەکردووەتەوە، لە دوای "گرەوی بەختی هەڵاڵە" ڕۆمانم بڵاونەکردووەتەوە، بەڵام ئەو کەسانەی کە من لە نزیکەوە دەناسن، دەزانن من تەمبەڵ نیم، دیارە چاوەڕوانیی خوێنەرەکانم و چاوەڕوانیی خۆشم لەخۆم، وایکردووە کە حەزناکەم و ناشتوانم هەموو شتێک کە دەینووسم بڵاوی بکەمەوە، لەماوەی ئەو 10 ساڵەدا دانەنیشتووم، تەنیا وەرگێڕانیشم نەکردووە، خەرمانێکم نووسیوە، بەڵام پێمواننییە هیچی بایی ئەوەندە بێت کە تێمپەڕاندووە لە بەرهەمەکەی پێش خۆی، دیارە بەراورد بە ئەزموونی خۆم نەک ئەزموونی کەسانی تر. ئێستاش ساڵانێکە ڕۆمانێکم تەواو بووە و چەند جارێکیش پێیدا چوومەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا منی ڕازی نەکردووە، بێگومان تا منیش ڕازی نەکات، دڵنیام خوێنەرەکانی من ڕازی ناکات، کۆمەڵە چیرۆکێکم نووسیوە، هەرچەندە تاک و تەراش بڵاوم کردوونەتەوە، بەڵام ئەوە نییە بوێرم لە کتێبێکدا بڵاویان بکەمەوە.

و دەنگدانەوەیان هەیە، کاتێ لەگەڵم دەدوێ سیحرم لێ دەکات.. ئەدەب.. زانست.. مێژوو.. ئایین و فەلسەفە.... بەرەو سەردەمی جیاواز هەڵمدەفڕێنێ، بەو کەسانەم دەناسێنێ کە ڕەنگە لەگەڵیاندا ژیابێ و دەمێکە کۆچیان کردووە، ئەو کەسانەی ئەویان جێهێشتووە بۆ ئەوەی ببێتە شاهیدێکی سەردەمەکە، ژیان بەبەر ئەو کەسانەدا دەکاتەوە کە لەبارەیانەوە شتم بیستووە، یان شتم لەبارەیانەوە خوێندووەتەوە، بە ناوهێنانیان گیانیان بۆ دەگەڕێنێتەوە و دەیانکاتە نموونەیەکی زیندوو، کە هەڵگری سەردەمێکی تێپەڕیون، دەموچاوی بە گوێرەی ئەو سەردەمانەی باسیان دەکات دەگۆڕێت، پاشان لە ناکاو دەگەڕێتەوە سەر گەنجێتییەکەی خۆی، بە دەنگە کۆنەکەی دەدوێت و باسی ئەو کاتە دەکات کە بەهۆی بیروبۆچوونە سیاسییەکانی لە بەندیخانەی یەکێک لە وڵاتەکان دەستگیر کراوە و دواتر دەرچووە، پاشان دەموچاوی وەکو منداڵێکی لێ دێت و بە خەمباری و زەردەخەنەیەکی خنکێنراو باسی منداڵییە چارەڕەشەکەی خۆی دەکات، بەڵام ئەمە زۆر ناخایەنێ، وەکو تەقینەوەیەک بە دەنگێکی بەرز پێدەکەنێ و هەڵوێستێک دەگێڕێتەوە کە لە سەردەمی هەرزەکاریدا بەسەری هاتووە و ئەو پاڵەوانی ڕووداوەکە بووە، دواتر لەناکاو بێدەنگ دەبێت، ئینجا تەماشای بۆشاییەک دەکات، وەکو ئەوەی وشەکانی لەو بۆشاییەوە دەربێنێ و حونجەیان بکا، منیش وەکو ئەو تەماشای بۆشاییەکە دەکەم، بەڵام من زمانی ئەو بۆشاییە نازانم کە ئەو دەیخوێنێتەوە، دوای ئەو بێدەنگییە، گوێم لە دەنگی دەبێت کە بە هێمنی دەکەوێتەوە قسە، بە دەنگێکی بیستراو ئەو هێڵانەی مێژوو دەخوێنێتەوە کە لە لاپەڕەکانی یادەوەرییدا نووسراون.

ئای لە تۆماری ئەم پیاوە! زمانم توانای وەسفکردنی نییە، بە قوڵایی ئەو سەردەمەدا ڕۆدەچم کە تێیدا ژیاوە.

ئەو پیاوە هاوسەنگیی بۆ گێڕامەوە، زەوییە تینووەکەی ناخم ئاوی لەسەر ڕژا، تێربووم و گەڕامەوە ژوورەکەم، بەم هەموو حیکایەتەوە، بەرامبەر درەختە فەرامۆشکراوەکەم هەڵتروشکام، ئەوەی گوێم لێبووە، بۆی دەگێڕمەوە، ڕابردووی خۆی بیر دەهێنمەوە.. دوای ئەوەی فەرامۆشم کردبوو، دیسان لقەکانی گەڵا دەردەکەن و دەگەشێنەوە.

بە تێپەڕینی کات، هەردووکیان، درەختی بۆنسای و پیاوە پیرەکە، لە ناخی مندا دەبنە یەک، هەردووکیان بوونە مەخلوقێکی ئەفسانەیی کە نیوەی درەختە و نیوەکەی دیکەی مرۆڤ، تا ئەو ڕادەیەی کە ئێستا نازانم، بە ناوی "بۆنسای"یەوە بانگی بکەم، یان بە ناوی خۆیەوە بیدوێنم؟

**وەرگێڕانی: سەنگەر زراری**



### لەبارەیە چیرۆکنووسەکەوە:

**سعود ئەلسەنعووسی، نووسەر و ڕۆماننووسێکی گەنجی کوێتییە.**

**- ساڵی (2013) بە ڕۆمانی (ساق البامبو) لە نێوان (133) ڕۆماندا، خەڵاتی جیهانیی بۆ ڕۆمانی عەرەبی (بووکەر)ی وەرگرت، ڕۆمانەکە باس لە کرێکارە بیانییەکان دەکات کە لە کەنداوی عەرەبی کار دەکەن.**

**- بەهۆی ڕۆمانی (سجین المرایا) لە کوێت، خەڵاتی خولی چوارەمی پێشبڕکێی (لەیلا عوسمان) بۆ داهێنانی گەنجان لە بواری چیرۆک و ڕۆمانی پێ بەخشرا.**

**- بە چیرۆکی (بونسای و پیاوە پیرەکە) خەڵاتی یەکەمی پێشبڕکێی کورتە چیرۆکی هاوبەشی گۆڤاری ئەلعەرەبی کوەیتی و دامەزراوەی بی بی سی عەرەبی وەرگرتووە.**

# پیسکردنی ژینگەی زمان



**حەمەسەعید حەسەن**

پێنج حیزبەکەی کابینەی هەشتیان پێک هێناوە، هەر خوڵکی خەڵکیان تێک نەداوە، زمانی کوردیشیان شێواندووە. وەک نموونە هێشتا لە ڕستەی هیچ نوێنەرێکیاندا، نەمدیوە و نەمبیستووە، (بژاردە) بە دروستی بەکار هاتبێت. بژاردە: دەستەبژێر، (نوخبە)یە، کە بە ئینگلیزی (ئیلیت)ە، بەڵام بژارە، (خەیار)ە کە بە ئینگلیزی دەبێتە چۆیس. وێڕای حیزبەکان، لە هەموو میدیاکانیشەوە، بژاردە، هەر بە مانای (خەیار)ی عەرەبی بەکار دێت، هەرچەندە بژاردە: نوخبەیە و هەڵبژاردە: مونتەخەب، ئەوە (بژارە)یە کە بۆ (خەیار)ی عەرەبی و (چۆیس)ی ئینگلیزی دروستە. پاراستنی ژینگەی زمانی کوردی لە پیسبوون، یەکێکە لە ئەرکەکانی دەسەڵات، کەچی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم، ڕۆڵێکی بەرچاو لە پیسکردنی ژینگەی زمانی کوردیدا دەبینن. کە گوێ لە کوردییەکەی بەرپرسان دەگرم، خوڕ خوڕ بۆ زمانی کوردی دەگریم، هەیانە لە گوتنی ناوی پارتییەکەی خۆیشیدا بە هەڵەدا دەچێت.

لە کۆڕ و سیمینار و پرێس کۆنفرانس و مێزگردەکاندا بە کوردییەک قسە دەکرێت، کافری پێ موسڵمان دەبێت. پەرلەمانتار و وەزیر و ئەندامی سەرکردایەتی و گوتەبێژی حیزب، زمانەکەیان هێندە پەڕپووتە، توانای ئەوەیان نییە، خولەکێک بە کوردییەکی پاراو قسە بکەن، هەر دەڵێیت لە ژیانیاندا کورتەچیرۆکێکی بە کوردییەکی جوان نووسراویان نەخوێندووەتەوە. حیزبەکان زۆریان شانازی بەوەوە کرد کە پرۆژەیان هەیە، بەڵام پرۆژەی تژی لە هەڵەی زمان. دەزگەیەکی فەرمی شک نابەم، بایەخ بە زمانی کوردی بدات، کە بە ڕێکەوت، نووسراوێکیان دەبینم، هەم پێکەنینم بە کوردییەکەیان دێت، هەم بۆ ڕەوشی بە دەست نەزانانەوە شڕی، زمانی دایکم دەگریم.

لە هەمووی کارەساتبارتر ئەوەیە، ئەو ڕاگەیاندنکارانەی ڕۆژانە یان هەفتانە، لە تیڤییەکانەوە، مێزگرد و گوتوبێژ بەڕێوە دەبەن، لەوە دەچێت بە کوردی نەیانخوێندبێت، یان خوێندوویانە و ئوستادەکانیان زماننەزان بوون. چەند ئوستادێکی زانکۆی لێ دەربچێت، کە ژمارەیان لە پارچەکانی کوردستان تێپەڕ ناکات، زمانی ئەوانی دیکەیان، هێندە ڕووت و ڕەجاڵ و فەقیرە، زەکاتی پێ دەشێت. درێغ بۆ زمانە ڕەوانەکەی مەولەوی، نالی، خانی، شێخ موحەممەدی خاڵ، عەلائەدینی سەجادی، شوکور موستەفا، مەسعوود موحەممەد و مەلا عەبدولکەریمی موددەڕیس، ئاخر (زانایان)ی ئەم سەروەختە زمانی داگیرکار بە پیرۆز دەزانن، بۆیە بێباکن لە ئاستی کوردیدا و دەیشێوێنن.

بە وردی سەرنجی ئەو تابلۆیانە بدەن کە لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان هەڵواسراون، بە دەگمەن ناوی فەرمانگەیەک، یان شەقامێک، بە دروستی نووسراوە. شەقامی بارزانی نەمر، ئەو بارزانە لەوێدا، ناوی گوندێکە، نەک سەرکردەیەک! ئاخر دەبوو (بارزانیی) نەمر، بە دوو (ی) بنووسرێت. کە سەرنجی ژێرنووسی فیلم و زنجیرەدراما دەدەم، کە لە مانشێتی ڕۆژنامە و ناونیشانی ڕۆمانی وەرگێڕدراو ورد دەبمەوە، بەزەییم بە زمانی بێکەسی کوردیدا دێتەوە. قەت بووە، سەرنووسەر بێت و توانای نووسینی ستوونێکی بە کوردییەکی پوخت نەبێت! باڵاترین بەرپرس بێت و پەرەگرافێکی، بە جوانی، بە زمانی دایکی پێ نەنووسرێت.

لەمێژە نووسینی (شیعر) بووە بە گاڵتەی منداڵان، شتی وامان بە نرخی شیعر بەسەردا ساغ دەکەنەوە، فڕی بەسەر شیعرەوە نییە. چونکە پەخشانەشیعر، هیچ کام لە ڕەگەزەکانی شیعری کۆن ڕەچاو ناکات و هەر تێکستێکی سەر بەو ژانرە سەرنج بدەیت، دونیایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەمە وای کردبوو، هەر کەسێک بێبەهرە و بێئیش بووایە، بە پاساوی ئەزموونگەری و نوێکردنەوەوە، قسەی بێمانا و بێبەهای، وەک پەخشانەشیعر، یان شیعری باوەخولێ (مووددەووەر) و شیعری دەمامک پێ دەناساندین و بانگەشەی ئەوەیشی دەکرد، خاوەنی دونیابینیی تایبەتی خۆیەتی! ئیدی وای لێ هات، دونیا ڕووخابا، بەسەر شیعردا دەکەوت!

ساڵانێکە خەریکە ڕۆمانیش بە دەردی شیعر دەچێت. هەیە بەشی دوو سێ ڕستە کوردی نازانێت، دەچێت ڕۆمان دەنووسێت و نەخێر پێی شەرم نییە، بڵاویشی دەکاتەوە. ڕاستە ڕۆمان پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە و هەمیشە لە گەشەسەندندایە، بەڵام بەو مانایە نییە، هەرچیمان بەدەم درێژدادڕییەوە، گێڕایەوە، ئیدی دەکەوێتە خانەی ڕۆمانەوە. ڕۆماننووسی لێزان دەتوانێت تازەگەری لەو ژانرەدا بکات، بەڵام تازەگەری، داهێنانی شێوازی تایبەت و تەکنیکی نوێی نووسینە کە ئیشی هەموو کەسێک نییە. ئەوە ڕۆمان نییە، نە کارەکتەرەکانی دیار بن، نە گێڕەرەوە، نە ڕووداوی تێدا بێت، نە دراما، نە چنینێکی پتەو کە هەموو پێکهاتەکانی توند پێکەوە گرێ بدات.

وەک چۆن هێڵێکی سوور ئێرۆتیکا لە پۆرنۆگرافی جیا دەکاتەوە، وەک چۆن درۆ ناکەوێتە خانەی فانتازییەوە، وەک چۆن هەر چی بدرەوشێتەوە زێڕ نییە، وەک چۆن قارچک هەیە، مارانەیە، ئاوایش مەرج نییە، هەر چیمان نووسی، ئیدی بە ژانرێکی ئەدەبی هەژمار بکرێت. تازەگەری لە ڕۆماندا، نە گەمەی هەرزەکارانە، نە تێکوپێکدانی بنەماکانی ڕۆمانی کلاسیک و نە ڕەشکردنەوەی چەند سەد لاپەڕەیەک، بە پاساوی سوودوەرگرتن لە تەکنیکی مەنەلۆجی ناوەکی! باشە تۆ نە ڕووداوێک بگێڕیتەوە، نە خەیاڵ بەگەڕ بخەیت، نە کارەکتەرێک بخوڵقێنیت، نە شوێنکاتێک بەسەر بکەیتەوە، نە خوێنەر تووشی سەرسامی بکەیت، نە هیچت پێ بێت، شیاوی گوتن بێت و نە بەسەر زمانی نووسیندا زاڵ بیت، بە پشتبەستن بە چی، لافی ڕۆماننووسین لێ دەدەیت؟ تۆ ڕۆمان ناخەیتە بەر چاوی خوێنەران، تۆ ڕۆمان لەبەر چاوی خوێنەران دەخەیت!

18ی ئەیلوولی 2015
ستۆکهۆڵم

**(*) خوڵک: بە عەرەبی: مزاج و بە ئینگلیزی: موود.**



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# پێتگوتووە کێ هین ئەکا؟

لوقمەقازیمـان بفرۆشـتایە، لەم نەوتفرۆشـتنەی ئێسـتامان باشتر بوو. وڵاتان بە نەوت بوون بە سوپەر پاوەر. ئێمە حەیاو شەرەفمان چوو. حکومەتی نۆرویژ بە نەوت ئاڵوودەی دیموکراسـی و میللەتەکەشـیان ئاڵـوودەی خۆشـگوزەرانی بـوون. حکومەتـی ئێمـە خـۆی ئاڵوودەی نـەوت بـوو، میللەتیـش فالوودەی بـۆ مایەوە. دوبـەی بە نەوت بوونە خاوەنـی تـاوەری خەلیفە، ئێمە بە نەوت بووینە ساحێبی ئەبووبەکری خەلیفە. دونیا بەدوای نەوتفرۆشـدا رادەکەن، ئێمە بە دوای موشتەریدا، دۆزینـەوەی نـەوت لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا شۆڕشـێ بـوو، ئێمە سەنعاتەکەیمان ریسوا کرد.

لـە هەولێـر چایخانەیـەک هەیە پێی دەڵێـن چایخانەی قـەرداران، ئێسـتاکێ جیاوازییەکـی ئەوتـۆ لـە نێـوان ئەنجوومەنـی وەزیرانی کوردسـتان و چایخانەی قەردارانـدا نەمـاوە، ئاخـر لـە هـەردووک لا، کۆمەڵـە کەسـێکی فرەمەشـرەب، فرەڕەنـگ کۆدەبنـەوە، ئەوانـەی چایخانـە بێپـارەن، حکومەتیـش پارەسز. چایخانەی قەرداران تژییە لـە خەڵکـی بێهیـوا، حکومەتیش ئومێدسز.

حکومەتـی کوردسـتان هێنـدە خەمخـۆری خەڵکـە، ئەوەنـدە لە ژیانـی میللەتـەوە نزیکـە، دەزانێ میللـەت هەموو قـەرزارن، بۆیە بۆ ئەوەی هەسـت بـە مەینەتییەکانی خەڵـک بکات، بە ملیـاران چووەتە ژێـر بـاری قـەرزەوە، حکومەت و خەڵک هاوگیرفانن، هەمان ئەسپێ، لە باخەڵی هەردووکیاندا سـەوزەڵێ خانم دەڵێ.

کار وا بـڕوات و نرخـی نـەوت هـەر روو لـە دابەزیـن بێـت، لەملاشەوە پەرلەمانی عێراق سایتە سێکسـییەکان قەدەغە بکات، هیچ دوور نییە نرخی کارتۆنێ سـی دیی رووت، لە نرخی بەرمیلێ نەوت زیاتر بێت، ئـەو کات کارێکـی ئەوتۆمان بـە وەزارەتـێ نابێ ناوی سـامانە سروشـتییەکان بـێ، ئاخر بازاڕی وەزارەتی ئارەزووە سروشـتییەکان گەرم دەبێ.

ئەوەی هەیە وەزارەتی نەدارییە، نەک دارایی، ئاخر کە دابەشـکردنی مووچـەی سـێ مانـگ دواکەوتـوو هێدلایـن بـێ، کـە وەک مـوژدە، هەواڵی پێدانی مووچە رابگەیەنرێت، چاتـرە ناوی ئـەو وەزارەتە بکرێتە وەزارەتی شوورەیی، نەک دارایی.

سەرچاوەیەک کە نەیویست حەیا و ناموسی بچێ، ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێڕامەوە: دەڵێـن هەتیوبازێکی قسەخۆشـی سـلێمانی برادەرێکی رادەسـپێرێ کوڕێکـی لووسـکەی بـۆ پەیدا بـکات، کابرا دێتەوە پێی دەڵـێ وەرە ئێسـتا کوڕەکـە دێت بـا نیشـانت بـدەم، لـە دوورەوە گەنجێکی چوارشـانەی کەڵەگەت و ملپان هێواش هێـواش لێیان نزیک دەبێتـەوە، کابـرای هەتیوبازیـش کـە خـۆی قوتەیەکی باریکەلەیە، چاوی زەق زەق بڕیوەتـە کـوڕە و ئانیشـک بە برادەرەکەیدا دەکێشێ و پێیدەڵێ: تۆ پێت گوتووە کاممان هین دەکا؟

جا قوربـان پەرژینێکی قایم بێ و تەشـبیهات نەبێ، وەزیری دارایی و هی سـامانە سروشـتییەکانیش، پێناچـێ بە یەکتریـان گوتبێ کێ پارە بۆ ئەویدیکە پەیدا دەکا، ئاخر دەمێ ئەمیان لە تورکیایە بۆ پارەی نەوت، تاوێکیش ئەویان لە لەندەنە بۆ پارەی نەوت.



هێمن لهۆنی

# ئەمریکا و مەسەلەی سەرۆکایەتی

ئایا لـە خۆمان پرسـیوە بۆچـی ئەمریکا بێدەنـگ بـوو کاتێـک گرووپی تیرۆریسـتیی داعـش لایەک لە عێراقی داگیرکرد و لە بەغدا نزیـک بـووەوە، بـەڵام هـەر نزیکـی هەولێر بووەوە یەکسەر هێرشی ئاسمانی دەستپێکرد بـۆ پاراسـتنی هەرێمـی کوردسـتان و دواتر پرۆسەکە بۆ هەموو عێراق و سووریاش فراوان کرا؟

ئیـدارەی ئۆبامـا کـوردی پاراسـت لەبەر هۆکارێکی سـەرەکی کـە بریتییە لـەو کیانە جوانـەی لـەم ناوچـە جەنگڵسـتانە هەمانە و خاوەنـی دیموکراسـی و پێکـەوە ژیانێکی باشـین، ئەمانـەش بە پێوەری ئـەم ناوچەیە نەک بە پێوەری دیموکراسیی رۆژئاوا.

ئـەوەی وای لـە واشـنتن کـرد لـە 24 کاژێـردا بێتـە سـەرخەت بـۆ کـورد، ئـەو مۆدێلـە دیموکراسـییە بـوو کـە بـە هەموو کەموکوڕییەکانیـەوە لێـرە هەیـە و لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دەگمەنە. زۆر کەس هاوڕایە کـە نموونەیەکی جوانی پێکەوە ژیان و دیموکراسـی لە هەرێمی کوردستان هەیە و بەردەوامە و بێ کەموکووڕیی گەورەش نییە.

کورد ئەکتەرێکی نادەوڵەتییە و لۆبی نییە لە واشنتن تا بێتە فریای و نوێنەرایەتییەکەی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتانیش هەرچەندە لە گرانترین شـوێنەکانی واشـنتنە، بەڵام زۆر لاوازە. کـە هەواڵـی نزیکبوونـەوەی داعـش لـە هەولێـر بڵاوبـووەوە، لە واشـنتن دەنگ بەرزبـووەوە کـە نابـێ ڕێگـە بـدرێ تەنیـا بەشـی سـەرکەوتووی عێراق لەناوبچێ. بەبێ خەرجکردنـی پـارە وەک کوێت کە لە سـاڵی 1990 کـردی بـۆ رزگاربوونـی لـە سـوپای سـەددام، کـورد لۆبییەکـی خۆڕسـکی بـۆ دروسـت بوو بەهۆی دیموکراسـییەکەیەوە کە لە کۆنگرێسەوە بۆ میدیاکان بەشدارییان کرد.

دوو رۆژنامەنووسـی ئەمریکـی کە هاوڕێی نزیکی بـاراک ئۆبامان، رۆڵی باشـیان هەبوو لە فشارخسـتنە سـەر ئەمریکا بۆ پاراستنی کـورد، ئەوانیش تۆمـاس فریدمـان و فەرید زەکەریا بوون کە خەمیان پاراستنی نموونەی کوردسـتان بـوو. هەردووکیـان بـە خێرایی داوایان لە ئۆباما کرد کە ئەرکی ئیدارەکەیەتی کورد بپارێزێ، چونکە دۆسـتی راسـتەقینەی رۆژئـاوان. بەبڕوای فریدمان، لە عێراقدا تەنیا کورد سـوودی لەو پەنجەرە ئازادییە وەرگرت کـە ئەمریکا بـۆ ناوچەکەی کـردەوە. فەرید زەکەریـاش باسـی لە زانکـۆی ئەمریکی کرد لە سـلێمانی کە بووەتە شـوێنێکی گرنگ بۆ نەوەیەک لە عێراق کە باوەڕی بە پێکەوەژیان هەبێ.

بەهەمان شـێوە بۆ ئیسـرائیل. ئەوە تەنیا هێـزی لۆبیـی جولەکـە نییـە (ئایپـاک) کە ئاسایشـی ئیسـرائیل لە واشـنتن دەپارێزێ، بەڵکو دیموکراسیی ئیسرائیلە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا بووەتە هیوایەک و کەس ناتوانێ لەسـەری نەیەتە دەنگ و زۆر جاریش هەڵەی ئیسـرائیل دادەپۆشێ. ئەگەر بە لۆبی و پارە خەرجکردن بووایـە، دەبوو رێککەوتنی ئێران سەرنەگرێ، چونکە ئەو لۆبییە بەهێزە شەو و رۆژ دژایەتی ئەو رێککەوتنەی دەکرد.

بەڵام ئایا ئەم دیموکراسـییەی کوردسـتان بەدڵی ئەمریکایە؟ وەڵامەکەی نەخێرە، بەڵام ئەوان نرخی ئەو دیموکراسـییەی کوردسـتان دەزانـن، چونکە لـە ناوچەیەکدایە کە خەڵک لەسەر جیاوازی دەکوژرێ و سەردەبڕدرێت.

مانگـی رابـردوو لـە بینـای وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا لـە واشـنتن، لـە یەکێک لە ژوورەکانی کۆبوونـەوەی تایبەت چاومان بـە دوو بەرپرسـی بـاڵای وەزارەت کەوت بە مەرجـی ئەوەی ناویان نەهێنرێ، هەردووکیان بەرپرسـی گەورەن لـە مەلەفی دیموکراسـی و مافـی مرۆڤدا. پێشـتریش لـە خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت کاریـان کردبـوو. یەکێکیـان 30 سـتافی هەیـە و سـاڵانەش بودجەکـەی 80 ملیـۆن دۆلارە بۆ نووسـینی راپۆرت لەسـەر مافەکانـی مـرۆڤ و کەمینـە ئاینییـەکان لە جیهاندا.

گفتوگۆکانمـان لەگـەڵ ئەو دوو بەرپرسـە لەسـەر پرۆسـەی دیموکراسـی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریـکا بوو. ئایـا ئیدارەی ئۆباما ئێسـتا گرنگـی بـە سـەقامگیری دەدات یان دیموکراسـی. ئـەوان گوتیان چەند شـتێکی نەگۆڕ هەیە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بـۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت کـە باوەڕیان وایە سەرچاوەی کێشـەکانە لەم ناوچەیەی ئێمەدا و دەبنە هۆی ناسەقامگیریی درێژخایەن:

یەکـەم، شـەرعیەتی سیاسـی: زۆربـەی حکومەتەکانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت خاوەنی شـەرعیەتی سیاسی نین و لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی پاکەوە نەهاتوونەتە سەر حوکم، بۆیـە خەڵک بە شـەرعییان نازانن. لە دوایین دانیشـتنی ئۆباماشـدا لەگەڵ دۆستەکانی لە کەنداو، پێیگوتوون کە ناتوانن سـەقامگیر بن هەتا خەڵک هەست بە شەرعیەتی سیاسیتان نەکات و خۆشگوزەرانی دادی ئەوە نادات.

دووەم، گـۆڕانـی دیمۆگرافـی: زیادبوونـی ژمارەی گەنج لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکان. بەپێی داتاکانی ئەوان 60%ی پێکهاتـەی کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت گەنجن و 25%یـان بێکارن. بەڕای ئەوان ئەو گەنجانەی کاریشیان هەیە زۆربەیان کارەکەیـان راسـتەقینە نییـە و کاری بـێ بەرهەمە.

سـێیەم، کێبڕکێـی ئیقلیمـی: سـعودیە و ئێـران بوونەتـە هـۆی ناسـەقامگیریی سـەرلەبەری ئـەم ناوچەیە بەهـۆی ناکۆکیی سیاسی و مەزهەبییانەوە.

چـوارەم، نەبوونی دامـەزراوەی مەدەنی: زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەناو دەوڵەتـن و خاوەنی دامـەزراوەی مەدەنی و سیاسی نین، بۆیە گۆڕانکاری سیاسی دەبێتە هۆی ناسەقامگیری.

پێنجەم، بەشـداریی پارتە ئیسلامییەکان: بوونی پارتە ئیسلامییەکان هۆکارێکی دیکەی ناسـەقامگیرییە نەک بەهـۆی بوونیان بەڵکو بەهـۆی نەدۆزینـەوەی ڕێگەچارەیـەک بـۆ بەشدارکردنیان لە پرۆسەی سیاسی.

بـەردەوام بوویـن لـە گفتوگـۆکان و لـە میسـرەوە هاتیـن بـۆ لیبیـا و عێـراق، کـە گوتـم مـن خەڵکـی کوردسـتانم. یەکێک لە بەرپرسـەکان گوتی ئێـوەش بێبەش نین لەو کێشـانە، هاوکارمـان برێـت مەکگوێـرک لە هەولێدایە لەگەڵتان.

منیش پرسـیارم کرد کە رۆڵی ئەوان چی دەبـێ لـە هەرێمی کوردسـتان، لـە وەڵامدا گوتـی: "ئێمـە لایەنگـری سـەقامگیری و دیموکراسین".

راستە ئەمریکا داوا لە لایەنەکانی هەرێمی کوردسـتان دەکات لەگـەڵ سـەقامگیری بن و ئەولەوییـەت بدەنە شـەڕی داعـش، بەڵام سەقامگیریی درێژخایەن لای ئەمریکا بریتییە لـە دیموکراسـیی زیاتر و ئەو چـوار خاڵەی سەرەوە.

هەرێمـی کوردسـتان لـە ناوچەیەکدایـە کە هەمیشـە لـە مەترسـیدایە، بۆیـە دەبێ مامەڵـەی دامەزراوەیی بکات لەگەڵ ئەمریکا، شەخسەکان لەوێ دەڕۆن، ئەوەی دەمێنێتەوە بـۆ کورد بـۆ ئەوەی جارێکی دیکـە ئەمریکا بێتە فریامان، بریتییە لە دیموکراسیی زیاتر و دروستکردنی دامەزراوە لەبەر خاتری خۆمان، پاشان دۆستەکانمان.



هیوا حاجی

# زمانی ناسیۆنالیزم و زمانی زانست

زمـان دەکـرێ بەشـێکی گرینگـی ناسـنامەی نەتەوەیی بێـت، هۆکارێک بێت بۆ هەسـتکردنی نەتەوەیەک بـە جیاوازیی خـۆی لەگـەڵ نەتەوەکانـی دیکـەدا. لـە مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی سیاسـیی کوردسـتاندا، بەتایبەتـی لـەو بەشـەی کوردسـتان کـە بـە دەوڵەتـی عێراقـەوە لکێنـراوە، هەمیشـە داننـان بـە زمـان وەک بابەتێکـی گرینگـی دانوسـتاندن مامەڵـەی لەگەڵـدا کـراوە. تەنانـەت لەو کاتانـەدا کـە ئاسـان نەبووبێـت مافـە سیاسییەکان بهێنرێنە دی، هەوڵدراوە مافە کولتوورییەکان و لەنێویشـیاندا خوێندن و نووسـین بە زمانی دایک بچەسپێنرێ. لەو بارەشدا، سەرکەوتنێک بەدی هاتووە. ئەمە تەنانـەت بۆ خەباتی سیاسـی بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتانیش راسـتە. لـە کوێدا خەبات هەبووبێت، پێداگیری کراوە لەسـەر داننان بە زمانی نەتەوایەتی.

بۆ پـرۆژەی هاوچەرخی ناسـیۆنالیزمی کـوردی زمـان خزمەتـی ئەرکێکـی سـەرەکی کردووە، مەبەسـت هێشتنەوەی جیاوازییەکانی کوردە لەگەڵ دراوسێکانیدا. خـۆ ئەگەر زمانی لـێ بهێنیتـەدەر، کورد وەک نەتەوە هاوبەشـیی زۆری هەیە لەگەڵ دراوسـێکانیدا. بـۆ وێنـە باوەڕداربـوون بـە هەمـان دین، ئەگـەر تەنیا لە ئاسـتە کولتوورییەکەشـدا بێـت، هاوبەشـییەکی روونە. راسـتە وردە جیاوازیی زۆر هەیە لە نێـوان کورد و عـەرەب و فـارس و تورک (مەبەسـت وەک کۆمەڵـگا و کولتـوور)، بـەڵام زمان هەمیشـە وەک جیاوازیی هەرە زەق دیـارە لـە نێـوان ئـەو میللەتانـەدا. هەربۆیەشـە، بزووتنـەوەی ناسـیۆنالیزمی کـوردی هەمیشـە زمانـی وەک ئامرازێکی سـەرەکی خسـتووەتەگەڕ بۆ هێشتنەوەی جیاوازییـە نەتەوەییـەکان لەگـەڵ نەتەوە هاوسێکانیدا.

سـەرەڕای ئەوەی گوترا، لە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵی رابردوودا، ئێمە لە هەرێمی کوردسـتان رووبەڕووی جۆرێک لە دژیەکی بووینەتـەوە لـە پەیوەندی لەگـەڵ زماندا. لەلایـەک زمان وەک بەشـێکی هەسـتیاری هەستی نەتەوایەتی سەیر کراوە و پاراستن و پەرەپێدانـی بە ئـەرک دانراوە، لەلایەکی دیکەشـەوە درکمـان بـەو راسـتییە تاڵـە کردووە کە زمانی کوردی ناکرێ وەک زمانی زانسـت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. پێویستە ئـەوە روون بکەمـەوە کە مـن ناڵێم زمانی کوردی ناتوانێ ببێتە زمانی زانست، بەڵکو ئـەوەی گەرەکمانە بیڵێین، ئەو راسـتییەیە کـە تـا ئێسـتا هەژارییەکـی رەهـا بەدی دەکرێ لەڕووی کتێب و نووسـراوی زانستی بە زمانی کـوردی. رەنگە هەموو کتێبخانە و داتابێسـە ئەلیکترۆنییـەکان بگەڕێیـت چەند ناونیشانێکی کوردیت دەستنەکەوێت لـە بـواری پزیشـکی، یـان فیزیـا، یـان جیۆلۆجیـا. لە بواری زانسـتە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکانیشـدا بارودۆخەکـە زۆر باشتر نییە. بەشێوەیەکی گشتی، نووسینی زانستی لەو بوارانەدا ئێجگار دەگمەنە. لەم چەند ساڵەی رابردوودا هەندێ هەوڵ دراوە بۆ وەرگێڕان لە زمانی دیکەی وەک عەرەبی و فارسـی و تا رادەیەکیش ئینگلیزییەوە. سـەرەڕای گرنگیـی ئـەو هەوڵانـە، نابـێ دیسـان ئەو راسـتیە فەرامـۆش بکرێ کە وەرگێڕان تائێسـتا نەبووەتـە هەوڵێکی بە دامەزراوییکـراو لە کوردسـتاندا. وەرگێڕان بـۆ کـوردی، تـا ئێسـتاش وەک هەوڵـی تاکەکسی هەبووە. هەر کەسێک لە شوێنی خۆیەوە نووسـینێک یان چەند نووسـینێک وەردەگێڕێ. زۆرجـار بەبێ پێداچوونەوەی زمانەوانـی و زانسـتیی ورد، تێکسـتە وەرگێڕدراوەکە تێدەپەڕێت و چاپ دەکرێت.

هاوشان لەگەڵ ئەوەدا، کێشەی چەمک و زاراوەی زانستیمان هەیە. تەنانەت لە بواری زانسـتە کۆمەڵایەتـی و مرۆڤایەتیەکانـدا، زۆرجـار ماتەڵی چەمـک و زاراوە دەبین بۆ هێنانە سـەر کاخەز و قسـەکردن لەسـەر شـتەکان. هەمـوو ئەوانـەی ئەزموونـی وانەگوتنەوەیان هەیە لە زانکۆکان، ئاگاداری ئەو راسـتیەن کە زۆر جار قوتابیانمان داوا دەکـەن ناونیشـانی کتێـب و سـەرچاوەی کوردییان پێبدەین. بەڵام ناتوانین، چونکە یـان لـەو بوارانـەدا سـەرچاوەمان نییـە، یانیـش ناتوانیـن بـە تـەواوی متمانـە بە شـتە وەرگێڕدراوەکان بکەین. ئەمە راستە بـۆ بابەتە زانسـییەکانی دیکەش. بۆ وێنە ئەگەر کەسـێک گەرەکی بێـت خۆی فێری ئینگلیـزی بکات، هەر لـە گووگڵدا چەندین بابەتی باشـی دەسـتدەکەوێ. خـۆ ئەگەر هەندێک زیاتر زەحمەت بکێشێ و سەرێکی بازاڕ بدات، دەیان و سەدان CD و DVDی زۆر سەرنجڕاکێشی دەسـتدەکەوێت. چەند جارێـک هاتووەتە پێش، هاوڕێ بیانییەکان داوای ئامۆژگارییان لێکردووین بۆ فێربوونی زمانـی کـوردی. لەبـەر نەبوون یـان زۆر دەگمەنبوونی ماتریالی کوردی نەمانتوانیوە زۆر یارمەتییان بدەین.

وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵای هەرێمـی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هەندێ دەسـتکاریی سیاسـەتەکانی خۆی کردووە بە ئاراسـتەی بایەخـدان بە زمانی ئیگلیزی لە خوێندنی باڵادا. بۆ وێنە، داوای تاقیکردنەوەی باوەڕپێکـراوی نێودەوڵەتی وەک تۆیفـل و ئایلتس دەکەن لە کاندیدانی ماسـتەر و دکتـۆرا. بـە هەمـان شـێوە، لـەم دواییـەدا، دیسـان داوای باوەڕنامەی باوەڕپێکراوی توانسـتی زمانـی ئینگلیزی دەکەن بۆ ئەو کەسـانەی داوا دەکەن ببنە مامۆسـتا لـە زانکۆکانـدا. لـەوەش زیاتر لـە رووی پرۆگرامـەوە، هەنـدێ دەرسـی ئینگلیزییـان بۆ پرۆگرامی سـاڵی یەکەمی زانکـۆکان زیـاد کـردووە. هەمـوو ئەمانە بە ئومێـدی پەرەپێدان بە زمانی زانسـتی ئەنجامدراون.

ئەمانە ئـەوە دەردەخەن کە هەرچەندە زمانی کوردی بۆ ئێمە گرنگ و خۆشەویست بێـت، ناتوانین نکۆڵی لەو راسـتییە بکەین کە ئێمە پێویستمان بە برەودان بە زمانێکی دیکـە هەیە (لە کاتی ئێسـتادا ئینگلیزی) وەک زمانێک بۆ زانست و خوێندن.

لە راسـتیدا پێویسـتە لەسـەر ئاسـتی باڵای سیاسـیی هەرێمی کوردستان کار بۆ دارشتنی سیاسەتێکی نیشتمانی بکرێ بۆ: یەکـەم، بەزانسـتیکردنی زمانـی کوردی و دووەم، بایەخـدان بە زمانـی ئینگلیزی لە بـواری پـەروەردەدا. ئەم دوو ئاراسـتەیە پێویسـتە لەگـەڵ یەکـدا بـڕۆن. نابـێ هیچیان ببنە جێگـرەوە بۆ ئەویتریان. بەم شـێوەیە، رەنگە بتوانین لەلایەک نەک هەر پارێـزگاری لە زمانی کوردی بکەین، بەڵکو پەرەشـی پێبدەین و لەلایەکی دیکەشـەوە دەرگایەکی فراوان بکەینەوە بۆ ئاگاداربوون لە پێشـوەچوونی زانسـتی کە بە زمانێکی دیکە دەسـتمان دەکەوێت. بەم شـێوەیە، دەگونجـێ زمانـی ناسـیۆنالیزم و زمانـی زانست ئاشت بکەینەوە.



لەتیف فاتیح فەرەج

# داعش و کەرکوک

فرە خاوەنیی کەرکوک لە واری سیاسیدا ، وای کردووە کە داعش هەمیشە چاوێکی لەسەری بێت، ئەگەرچی زەبری کاریگەری پێشـمەرگە و هاوپەیمانـان، توانیویانە تا رادەیەکی زۆر داعش لە سنووری کەرکوک پەکبخـەن ، کاتێ داعش توانیی دەسـت بەسـەر موسـڵ و ئەنبـار و تکریـت و لە سـووریاش رەققـە و زۆر شـوێنی دیکەدا بگـرێ ، نیگەرانییەکـە لێرە زیادی کرد ، هەرچەنـد کەرکـوک تایبەتمەندیـی خۆی هەیـە و وەک دەڵێن پارووی داعش نییە، لەگەڵ ئەوەش خۆ داعش شـاری گەورەتر و پڕ خەڵکتری لـە کەرکوک لە بن چنگە و ئەوە سـاڵ زیاتریشـە بەڕێوەی دەبات، موسـڵ و کەرکوک لە زۆر رووەوە لەیەکتر دەچـن، هەردووکیشـیان لـە سـەردەمی بەعسـدا بەر گۆڕینی سـیما و عەرەباندن و بەعسـاندن و تەراندن کەوتوون، رەنگە جیاوازییەک ئەگەر هەبێ ئەوە بێت، موسڵ هاوسنوورە لەگەڵ سووریا، بە تایبەت ئەو جێگەیەی کە داعش حاکمە تێیدا.

راسـتە کەرکـوک هەڕەشـەی داعشـی لـێ دوورکەوتووەتـەوە ، بـەڵام تا داعش بمێنێ، پێویسـتە ئەو شارە و خەڵکەکەی باشـتر بپارێزرێن ، لەوە ناچێ داعشـیش بـەو زووانـە تووبڕ بکرێت ، شـتێک هەر دەمێنێتـەوە، ئەرکـی هـەرە لەپێشـی کەرکوکییەکانـە، بە تایبـەت کورد بگەنە رێککەوتنێکـی دروسـت، رێککەوتنێک بۆ ئەوەی بتوانن پێکـەوە، بە یەک پرۆژەوە لەسـەر پرسـی کەرکوک بوەستن، ئێستا کە پێشـمەرگە بـە جیاوازییەکی کەمەوە لەگـەڵ یەکتـر، بەڵام هەموویـان پێکەوە لەسەنگەری بەرگریدان لە کەرکوک، ئەوە پێویستە لە سیاسەتیشدا رەنگ بداتەوە.

هـەر ئـەوەی کـە داعـش لەمـاوەی رابـردوودا هیـچ وەڵامێکی ئەرێنـی لەناو کەرکوکـەوە دەسـتنەکەوتووە تـا دزە بکاتە شـارەکەوە، ئەوە نیشانەیەکی زۆر باشـە بۆ ئیش لەسـەرکردن ، ئاخر ئەوە مانـای ئەوەیـە کە سـوننەکانی کەرکوک بە سـوننە بەعسیەکانیشەوە هاوسۆزییان لەگـەڵ داعـش نییـە، وەک ئـەوەی لـە تکریـت و ئەنبـار و موسـڵ هەیانبـوو، یـان وەک ئـەوەی لە حەویجـە هەیانبوو، کەچـی دواتر گۆزەکە لە سـەری خۆیاندا شـکا، هەمـوو ئـەو حەویجەییانـەی من بینیومـن، دوای ئـەوەی داعش دەسـتی بەسەر شارۆچکەکەیاندا گرت ، پەشیمانن لەوەی لە داخی شـیعە و مالیکی ئامێزیان بۆ داعش کردەوە، ئێسـتا ئـەوان دەزانن دەرگاکردنـەوە بـەڕووی داعشـدا دەرگا کردنـەوە بـوو بـەڕووی مارەکەی شـێخ هۆمەردا ، حەویجە شـارۆچکەیەکی گرنگ و ستراتیژیی سەر بە پارێزگای کەرکوکە، ئەگەرچـی ئـەم شـارۆچکەیە هەمیشـە وەک کارتێکـی سیاسـی بـۆ عەرەباندنی کەرکـوک بەکار بـراوە، تەنانەت لە دوای سـاڵی 2003شـەوە، بەڵام مانـەوەی لە چوارچێـوەی کەرکوکدا یـان لانیکـەم مانەوەی وەک دراوسێی کەرکوک بۆ ئێستا و ئایندە کاریگەریی خۆی هەیە، ئایا چۆن مامەڵـە لەگەڵ ئەم پرسـە هەسـتیارەدا دەکرێ ، پرسـی کەرکـوک و حەویجە کە ئەگەر وردتر لێی بڕوانین پرسـی داعش و کەرکوکـە ، لەبەر ئـەوەی حەویجە ئەگەر داعشیشی تێدا نەبێ، بۆ ئێستا و ئایندەی دوورتر ئەوانەی تێدا نییە کە خۆشییان بە چارەی کورد بێت.

قسـە لەسـەر ئەوەیـە چـۆن دەکـرێ کەرکـوک مامەڵـە لەگـەڵ عەرەبـی حەویجـە بکات؟ دوو جـۆر عەرەب هەیە: کەمینەیـەک کە بڕوایـان وایە هیچ لایەک ناتوانـێ لایەکـەی دیکـە بسـڕێتەوە، زۆرینەیەکیش کـە پێیانوایە کورد زۆر لە بەڕەکەی خۆی زیاتر پێی راکێشـاوە، خۆ ئەم تێگەیشتنە داوی داعشیش گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسـەردا نایەت، مەسەلە ئەوەیە ئایا هیـچ ئامادەکارییەک هەیە بۆ ئەوەی بە شـێوازێکی باشتر مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەین؟

پرسیارەکە پێویستی بە روونکردنەوەی زیاتر نییە.



عومەر عەلی غەفوور

# ئیسلام و سیستەمی "باشتر" لە دیموکراسی

لە بەرامبەر ئەو ڕەوتە ئیسلامیەی پێیوایە دەکرێ دیموکراسی بکرێتە بنەمای دەسەڵات و سیستەمی سیاسیی وڵات بەبێ ئەوەی هیچ دژیەکییەک لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا ڕوویدات لەو ڕووەوە کە ئیسلام میکانیزمێکی دیاریکراوی بۆ حوکمڕانی دانەناوە و خۆیشی هەڵگری ڕۆحیەتێکی دیموکراسی و شوورایییە (ئەمە بۆچوونی ڕەوتە مەدەنی و ئیخوان مەشرەبەکانە)، ڕەوتێکی تری ئیسلامی هەیە (کە زیاتر سەلەفی و سەلەفی مەشرەب و جیهادیەکانن) پێیوایە موسڵمانان پێویستیان بە دیموکراسی نییە، لەبەرئەوەی خۆیان سیستەمێکی "باشتر"یان هەیە کە "عەیب و عارەکانی ئەویشی تێدا نییە". هەربۆیە دەبینین ڕێکخستنەکانی ئەو ڕەوتە ئیسلامییە لە ئەورووپا و ئەمەریکا، کە زۆربەیان لە وڵاتانی ئیسلامییەوە پەنایان بۆ بردوون و لەوێ نان و ژیان و ئازادی و کەرامەتیان پارێزراوە، داوای جێبەجێکردنی شەریعەت لە لەوێش دەکەن، گوایە ئەوان سیستەمێکی باشتر لە دیموکراسییان پێیە.

نووسەرێکی دۆستم کە هەڵگری ئەم دیدەیە، بۆی نووسیوم "برام.. ئیسلام دیدگای خۆی هەیە بۆ شێوازی حوکمڕانی و شوورا و هەڵبژاردنی حاکم.. لە ئیسلامدا هەڵبژاردن هەیە وەک چۆن لە دیموکراسیەتدا هەڵبژاردن هەیە.. بەڵام هەڵبژاردنەکەی ئێمە لەوەی دیموکراسیەت باشتر و موحتەرەمترە، چونکە ئەوەی ئێمە خەڵکی عاقڵ و خاوەن تەرح و نوخبە دەنگ دەدات، بەڵام لە دیموکراسیەتەکەی ئەواندا دەنگی گەمژەو گێل و پیرێکی تەواو بێ زاکیرە یەکسانە بەدەنگی خاوەن دکتۆرا و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس.. ئەگەر دیموکراسیەت یەکم پێ بدا ئیسلام سەدم پێ دەدا".

دیارە ئەم دەقەی سەرەوە زیاتر کاردانەوەیە بەرامبەر ئەو "دیموکراسی"یەی بڕیاریان داوە بەناوی بوونی سیستەمێکی باشترەوە ڕەتی بکەنەوە، ئەگەرنا پشتئەستوور نییە بە ئەزموون و نموونەیەکی ئیسلامی لەسەر ئاستی دەق و تیۆر و هەروەها لەسەر ئاستی پراکتیک و ئەزموونی حوکمڕانی کە نموونەیەکی باشتر و ئینسانیتر و پێشکەوتووتر و مەدەنیتر لە ئەزموونە دیموکراسیەکەی پێشکەش کردبێ، ئەمە جگە لەوەی هیچ بەڵگەیەکی لە دەقدا نییە بیسەلمێنێ لە سیستەمی ئیسلامیدا دەنگدان هەر دەبێ تایبەتی نوخبە بێ، نەک جەماوەر و تاک تاکی کۆمەڵگە کە ئەو بە "خەڵکی گەمژە و گێل و پیری بێ زاکیرە" وەسفی کردوون.

ئەمە یەکەم جاریش نییە لە بەرامبەر سیستەم و دۆزینەوە باشەکانی سەردەمدا هەندێ بیرمەند و ڕەوتی ئیسلامی هەوڵ بدەن تەئسیلی ئەو شتانە و ئیدیعای بوونی باشتر لەوانە لە دیندا بکەن، وەک ئەوەی لە سەردەمی باڵادەستیی ئیشتراکیەتدا مستەفا سوباعی باسی لە ئیشتراکیەتی ئیسلام و لە سەردەمی دۆزینەوە زانستیەکاندا ڕەوتێک باس لە ئیعجازی زانستی لە ئایەتەکانی قورئان و بگرە هەندێ حەدیسیشدا دەکەن.

بەهەرحاڵ منیش هاوڕام لەوەی عیبرەت لە ناوەڕۆکدایە و ناو هیچ گرنگ نییە، تۆ پێی مەڵێ دیموکراسی، کێشە نیە بەو مەرجەی نموونەیەکی نەک باشتر لەو، یان وەک ئەو پێشکەش بکەیت، بەڵام نەک بە دروشم و ڕیزکردنی ئایەت و حەدیس وەک تیۆر، بەڵکو بە نموونەی زیندووی مێژوویی و واقیعی. ڕاستە دیموکراسی خەوش و خاڵی زۆرە و کەسیش حاشا لەوانە ناکا، بەڵام هەمیشە بەدیلی دیموکراسی تاکڕەوی و زۆردارییە.

بیری ئازادی و دادپەروەری لە دیموکراسی و سۆشیالیزم و لە ئیسلامیش کۆنترن، ڕەنگە لەگەڵ مرۆڤ پەیدا بووبن، بەڵام هەزاران ساڵ ئەزموون و هەڵە و ڕاستکردنەوەی ویستووە تا کۆمەڵگەی بەشەری گەیشتووەتە ئاستێک لە هۆشیاری کە بتوانێ قبوڵی خواستەکانی ئازادی و دادپەروەری و مرۆڤدۆستی بکات و بۆ بەرجەستەکردن و پاراستنیان میکانیزم و سیستەم دابنێ، تا ڕێ لە چڕبوونەوەی دەسەڵات لەدەستی کەس و بنەماڵەیەکدا بگرێ، تا مرۆڤ وەک مرۆڤ بەها و ڕێز و پشکی لە ژیاندا پارێزراو بێ. تا دەسەڵات ئاشتیانە و دوور لە خوێنڕشتن و زەبر و زەنگ ئاڵوگۆڕ بکرێ، تا خەڵک چاودێر بن بەسەر دەسەڵاتەوە و خەلیفە و سەرۆک نەبنە خاوەند و داوای پەرستن و ملکەچیی ڕەها لە ڕەعیەت بکەن. ئەمە ئەمڕۆ تا ڕادەیەکی زۆر باش، لە دیموکراسیەتی لیبرالیدا ڕەنگی داوەتەوە و ئاسەوارەکەیشی وا لەوێ دیارە، باشترین بەڵگە ئەوەیە کەمترین دەروازە لە سنوورەکانیدا بکرێتەوە بە دەیان و سەدان هەزار موسڵمان سەرکێشی بەژیانی خۆیان دەکەن بەئومێدی ئەوەی لەو مەملەکەتە نیشتەجێ بین کە ئازادی و نان و کەرامەت هەیە.

بەڵام ئایا ئەمە لە ئیسلامدا هەیە یان هەبووە؟ پێموایە نەخێر. نزیکترین نموونە خیلافەتەکەی ئەبوبەکری قورەیشی بەغدادییە لە موسڵ، پێش ئەویش ئیمارەتەکەی مەلا محەممەد عومەری تاڵیبان لە ئەفغانستان کە بەر لە هەر پرۆژەیەک بۆ ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی و دادپەروەری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی، پەنا بۆ تۆقاندن و چاوترساندنی خەڵک دەبا، شوێنەوارە مێژووییەکان دەتەقێنێتەوە، خەڵک شەلاقکاری و بەردباران دەکات و دەست و سەریان پەل دەدا، لەسەر جیاوازیی ئاین و مەزهەب بەشێک لە هاووڵاتیان دەچەوسێنێتەوە، هەمان جیاکاری لەو ڕژێمانەی ئیدیعای پەیڕەویکردن لە سیستەمی ئیسلامی دەکەن دووبارە دەبێتەوە، بڕوانە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی ئێران و حکومەتی شیعەمەشرەبی عێراق لە ئەهلی سوننە و هەڵوێستی شانشینی سعودی لە شیعەکانی ئەو وڵاتە.

ئەوەیە ئەو سیستەمە "باشتر"ەی هەندێ لە برادەران بانگەشەی بۆ دەکەن؟!

ئەگەر ئەو سیستەمە نموونەیی و حازرەی باس دەکرێ هەبووایە، مشتومڕ و پڕدانە یەکتر لەنێوان ئەنسار و موهاجیرین و لەنێو موهاجیرینیشدا لەنێو بەرەی ئەبوبەکری سدیق و عەلی کوڕی ئەبوتالیب لەسەر جێگرتنەوەی پێغەمبەر (د.خ) لە سەقیفەی بەنی ساعیدە ڕووی نەدەدا و پیاوە ژیرەکان هەڵبژاردنێکی هێمانە و ژیرانەیان دەکرد و دەبڕایەوە. بەڵام ئەمە بۆ نەکرا؟ ڕاستیەکەی نەبوونی بنەما و میکانیزمی پێویست وای کرد هەر لایەکیان کۆمەڵێ پاساو بۆ هەقداریی خۆی ڕیز بکا و سەرئەنجام بەجۆرێ لە سەپاندن- بە ناڕەزایی ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ئەنسار و لە قورەیشیەکانیش عەلی- کێشەکە ببڕێتەوە و بوو بە سەرەتای ئەو ناکۆکییە قووڵەی نێوان شیعە و سوننە کە تائێستاش خوێن لە برینەکەی دەتکێ.

ئەوە قۆناغی زێڕینی ڕاشدین. پاشتر ئەوە هەر باس ناکرێ کە خیلافەت و ئیمامەت بوو بە میراتگری و بنەماڵەیی و خوێنێکی زۆر لەسەر دەسەڵات لەنێو موسڵماناندا ڕژا. بەیعەتەکەیش کە دەبوو ببێ بە گوزارشت لە ویستی ئازادانەی خەڵک، بوو بە شتێکی شکڵی و بەزۆر سەپاو.

ئەو ئاڵوگۆڕە ئاشتیانەی دەبوو لە دەسەڵاتدا ڕوو بدا، قەت بەئاشتی ڕووی نەدا و ئەو (ئەهلی حەل و عەقد)ەی دەبوو باشترین نموونەی بەرپرسیارێتیی دەسەڵاتی ئیسلامی بێنێتە کایە و خەلیفە و سوڵتانەکان بەپێی بنەما ئوسوڵییەکان دابنێ و لابدات، هەر بەناوی بێ ناوەڕۆک مایەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەسڵی دەستەواژەی (ئەهلی حەل و عەقد) خۆی دەستەواژەیەکی وەزعی و دانراوی عەقڵی بەشەرە و نە لە قورئان و نە لە حەدیسدا نییە. ئەمە جگە لەو ناکۆکیانەی لەبارەی چۆنێتی و چەندێتیی ئەندامانی ئەو دەستەیە هەن.

بۆیە چار ناچارە دەبێ سوود لە ئەزموونی بەشەری و دەسکەوتەکانی وەربگیرێ، نەک خۆ گرێ بدرێ بەو شێوە حوکمڕانیانەی لە مێژووی ئیسلامیدا هەبوون.

پێموایە بەشێکی زۆری حەساسیەتی هەندێ‌ناوەندی‌ئیسلامی‌بە (دیموکراسی) ئەوەیە لە مێژووی سیاسیی ئیسلامیدا ئەو سیستەمە ئازادە نەبووە، ئەوەی هەبووە سیستەمێکی شمولی تاکڕەو بووە و خەلیفە و سوڵتان دەسەڵاتی ڕەهایان هەبووە. خۆ ئەگەر نموونە ڕاشیدیەکە درێژەی بکێشایە و پەرەی پێ بدرایە ڕەنگە شتێکی هاوشێوەی دیموکراسی لێ دەرچووایە، بەڵام ئەو ئەزموونە هەر زوو جوانەمەرگ بوو، سیستەمێکی شمولی جێی گرتەوە و وەک (سیستەمی شەرعی) لە کۆزەینی موسڵماناندا ڕیشەی داکوتا، هەربۆیە ڕەوتە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان دیموکراسییان پێ کوفر و ناشەرعییە و خەون بە زیندووکردنەوەی ئەو سیستەمەوە دەبینن، کە ئەویش لە بنەڕەتدا هەروەک دیموکراسی سیستەمێکی وەزعیی مرۆڤکردە، بەڵام لە تایپێکی خراپ.

لە هەمووبارەکاندا ئیسلام سیستەمێکی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات نەهێناوە، ئەو سیستەمەی لە سەردەمی خەلیفە و سوڵتان و ئەمیرەکانی مێژوودا -بەتایبەت پاش ڕاشیدین- کاری پێکراوە، سیستەمێکی بەشەریی مێژوویی بووە و نەشیتوانیوە ئەو ئازادی و ئارامی و یەکسانی و دادپەروەری و مرۆڤدۆستیەی باس دەکرێ، بەدی بهێنێ، بەڵکو دەسەڵاتی شمولی و تاکڕەو بووە و بەهیچ شێوەیەک ناکرێ بە سیستەمێکی باشتر لە دیموکراسی دابنرێ.



هێمن عەبدوڵلا

hemen@rudaw.net

# پارتی و پەکەکە و کێکەکەی ڕۆژئاوا

هەفتەی ڕابردوو دوو ڕووداوی چاوەڕواننەکراو لە مەیدانی سیاسیی باشوور و ڕۆژئاوادا پرسیارساز بوون: یەکەم، هاتنی بەڕێز ساڵح موسلیم بۆ هەولێر و کۆبوونەوەی لەگەڵ بارزانی و برێت مەکگورک، دووەمیش ئامادەبوونی بەڕێز کەماڵ کەرکووکی لە کۆنگرەی پەیەدە لە ڕۆژئاوای کوردستان. ئەوەی چاودێریی ڕەوشەکەی کردبێت، ئەو دوو ڕووداوەی بەلاوە ئاسایی نییە و ئەوەی لەلا بووەتە پرسیار: تۆبڵێی بەستەڵەکی پەیوەندییەکانی پارتی و پەکەکە توابێتەوە؟

هەڵبژاردنی موسلیم و کەرکووکی بۆ سەردانی هەولێر و ڕومێلان مانادارە. هەردووکیان پێشینەی بەشدارییان هەیە لەو ڕێککەوتنانەدا کە لەنێوان هەردوو پارتدا کراون، هەردووکیشیان لە ڕۆژانی ساردوسڕیی پەیوەندییەکاندا بە کەسانی هاردلاینەر ناسراون.

ئەو دوو سەردانە بۆنی بەرهەمداربوونی ئەو هەوڵانەیان لێدێت کە ئەمریکا بۆ گۆڕینی نەخشەی سیاسی لە دیمەشق دەیدات. وەک لە قسەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکاشدا دەردەکەوێت، وڵاتانی ڕۆژئاوا قایلن بەوەی گۆڕینی ئەسەد بە پشوودرێژی و قۆناغ بە قۆناغ، هەروەها بە موبارەکەی ئێران و ئاسانکاریی ڕووسیا ڕووبدات. بەوەش قایلن شەڕی داعش بەو هێزانەی سەر زەوی بکەن کە سەلماندوویانە شەڕەکەیان پێدەکرێت، واتە پێشمەرگە و شەڕڤانان.

کەسێکی ئاگادار لە کۆبوونەوەی بارزانی و موسلیم و مەکگورک گوتی ئەمریکییەکان بە موسلیمیان گوتووە مەرجی پشتیوانیی ئەوان لە یەپەگە لەدژی داعش ئەوەیە لەگەڵ پێشمەرگە و بارزانی پێکەوە ئەو شەڕە بکەن.

پەکەکە لەمێژە هەوڵی ئەوە دەدات لەڕێگەی پەیەدەوە پەیوەندیی لەگەڵ ئەمریکا بکات و پشتیوانیی ڕۆژئاواییەکان بۆ کانتۆنەکان وەدەستبهێنێت. بۆ ئەمەش دەمێکە لە واشنتن و برۆکسەل خەریکی لۆبیکردنە. ئەگەر مەرجی سازبوونی ئەو پەیوەندییانە خۆشکردنی پەیوەندی بێت لەگەڵ بارزانی، تەنانەت بۆ ماوەیەکی کاتی و بەشێوەی تاکتیکی نەک ستراتیژی بێت، پەیەدە ئامادەیە ئەوە بکات. چونکە بەدەستهێنانی شەرعیەت و دانپێدانانی نێودەوڵەتی بۆ کانتۆنەکان گرنگترین شتە کە ئێستا پەکەکە بۆ گەرەنتیکردنی مانەوەی خۆی لە سووریای پاش ئەسەد پێویستیەتی. لە ڕۆژانی داهاتووشدا بەوادری ئەو نەرمبوونەی پەیەدە (واتە پەکەکەش لەگەڵیدا) زۆرتر دەردەکەون. بۆ پارتیش گرێی گەورەی چەندین ساڵە ئەوەیە کە پێگەیەکی جەماوەریی بەهێزی بارزانیدۆست لە ڕۆژئاوا هەیە و ئەو حیزبە بۆی قوت نادرێت کە پەکەکە بەتەنیا کێکەکەی ڕۆژئاوا بخوات.

بەرپرسانی باڵای پارتی بە بەردەوامی نەیانشاردووەتەوە کە پەیوەندییان لەگەڵ پەکەکە بەو خراپییە نییە کە لە میدیاکاندا پیشان دەدرێت. لە دوایین سەردانی شاندێکی باڵای ئەو حیزبەشدا بۆ لای هەدەپە لە ئەنقەرە قسەی سەرنجڕاکێش کران کە دەریدەخات پەیوەندی هەن.

هەڵبەت گەرموگوڕتربوونی پەیوەندییەکانی پارتی و پەکەکە بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان باشە. ئەزموونی کۆبانێ و چیای شنگالیش دەریخست ئەو دوو لایەنە بۆ ڕۆژی ڕەش زووتر لە هەمووان فریای یەکدی دەکەون. بەڵام ئەمە هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە ڕکابەریی هەردوو پارتەکە لە پارچەکانی کوردستان ڕکابەرییەکی ڕەگداکوتاوە لەسەر هەژموون و تا ئەو دوو حیزبە مابن ئەو ڕکابەرییەش لە فۆرمی جیاوازدا هەر دەمێنێت. هەردوو حیزبیش لایەنەکانی دیکەی وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە باشوور و ئەنەکەسە لە ڕۆژئاوا وەک کارتی گوشار لەدژی یەکدی هەر بەکاردەهێنن.



دانا نەوزەر

# خدر نەکەی خدر خدر

خدر نەکەی خدر خدر ناوی ئەو ماڵپەڕەی ئینتەرنێتە کە بەگوێرەی ئەلێکسا لە ریزبەندی 16 دێت لەناو ئەو ماڵپەڕانەی زۆرترین سەردانکەریان هەیە لە عێراقدا. کوردستانیش، بەپێچەوانەی بودجەوە، پشکی خۆی و زیاتریشی هەیە لە سەردانکردنی خدر نەکەی خدر خدردا. بەشێکی زۆری ئەوانەی ئەو دوو دێڕەیان خوێندووەتەوە هێشتا نازانن ئەو ماڵپەڕە کامەیە. ئاخر (خدر نەکەی خدر خدر) بۆ یەکەمجار لەلایەن لاپەڕەیەکی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە بەکارهات بۆ ناوبردنی ماڵپەڕێک کە زۆر کەس سەردانی دەکەن، بەڵام کەس وەک خۆی ناوی نابات. سەردانیکردنی ئەو سایتە لەو جۆرە شتانەیە کە زۆر کەس دەیکەن و کەم کەس باسی دەکەن، چونکە پەیوەندی بە ژیانی تایبەتییەوە هەیە. بەڵام ئەگەر بڵێیت "سایتە شینەکە" ئەوە زۆربەی گەنجان دەیناسنەوە.

ئەم سایتە شینە جەماوەری زیاترە لە هەموو حیزبەکانی عێراق پێکەوە. سیاسییەکانی عێراق دوای ماوەیەکی زۆر بیرکردنەوە، بڕیاریان دا سایتە شینەکە و سایتەکانی هاوشێوەی ئەویش بلۆک بکەن. بەدڵنیاییەوە بەشێکی زۆری ئەوانەی ئیمزایان بۆ داخستنیان کۆکردووەتەوە، خۆیان لە سەردانکەرانی ئەو ماڵپەڕانەن. دوای بلۆککردنی ئەو سایتانەش، ئەوانیش وەک خەڵکی تر لە ڕێگەی بەرنامە جیاوازەکانەوە فیلتەرەکە دەشکێنن. بێگومان ئەوان کوڕی ئەو کۆمەڵگەیەن کە بە ئاشکرا هەمووی خدری زیندەیە، بەڵام بەنهێنی هەمووی خەریکی خدرە شینەکەیە.

هەرکاژێرێک دوای بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق، هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە پابەند نابێت بەو بڕیارەوە. لەدوای ناردنی نەوت بەشێوەیەکی سەربەخۆ، ڕێنەگرتن لە گەورەترین ماڵپەڕی پۆرنۆ بووە دووەم هەنگاوی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی. دەگوترێ جێبەجێنەکردنی بڕیارەکە لە کوردستان لەبەر خاتری چاوی کاڵی گەنجان نەبووە بەڵکو بۆ بەرژەوەندیی کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت و مۆبایلە کە قازانجێکی زۆر دەکەن لەوەی خەڵک تەماشای ئەو ڤیدیۆیانە بکات. هەرکاتێک گەنجی کورد زەوقی هەستێ، پشکی کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئینتەرنێتیش لە بۆرسەدا هەڵدەستێ.

کێشەکە داخستنی ماڵپەڕەکان نییە، بەڵکو ئەو عەقڵیەتەیە کە لە پشت داخستنەکەوەیە. بەشێکی زۆری ئەو پەرلەمانتارانەی بەغدا کە ئەم بڕیارەیان داوە، لەوانەن کە بە ئاشکرا و نهێنی زیاد لە ژنێک لە ژیانیاندایە، بەڵام پێیانوایە ئەوان مافی ئەوەیان هەیە بە خەڵک بڵێن سەیری چی بکەن و سەیری چی نەکەن. هەموو دەوڵەتێک حەز دەکات کۆنترۆڵی چاو و گوێ و هەموو ئەندامەکانی دیکەی لەشی مرۆڤ بکات. ئەوان خۆیان بە ژیرەکانی کۆمەڵگە دەزانن کە دەتوانن پێمان بڵێن کەی و چۆن چێژ وەربگرین. جۆرج ئۆروێل، گەورە نووسەری بەریتانی، لە نۆڤڵی (1984) دا باسی دۆزەخێک دەکات کە تێیدا دەوڵەت دەستی بەسەر هەموو شتەکاندا گرتووە. یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی دەوڵەتیش بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ژیانی سێکسیی خەڵک. نابێت خەڵک بەبێ ئاگاداریی دەوڵەت چێژ وەربگرن. ئۆروێل نووسیویەتی: "حیزب هەوڵی دەدا حەزی سێکس لەخەڵکدا بکوژێت و ئەگەر نەشیتوانی بیکوژێت، ئەوا لایەنی کەم ناشیرینی بکات. ئەگەر بیزانیبایە ژن و پیاوێک حەزیان لە یەکترە، ڕێگەی نەدەدا پێکەوە بن. لەلای حیزب، تاکە ئامانجی پەیوەندیی سێکسی بریتییە لە دروستکردنی منداڵ نەک وەرگرتنی چێژ."

عەقڵیەتی خۆ بە پاسەوان زانینی ئەخلاقی خەڵک، تەنیا لای پەرلەمانتاران نییە، بەڵکو درێژبووەتەوە بۆ بچووکترین بەڕێوەبەریش. لە عێراقدا، هەرکەسێک چووە پشتی مێزێکەوە، پێیوایە دەتوانێ پێشمانکەوێت بەرەو بەهەشت. لە بەشێکی زۆری بەشەکانی ناوخۆیی و کافتریاکانی زانکۆ حکومییەکانی کوردستاندا کافوور دەکرێتە ناو ئاوی خواردنەوەوە، چونکە ئەوان دەیانەوێت گەنجان زەوقیان هەڵنەستێ. ئەوان خۆیان بە پاسەوانی زنجیری پانتۆڵەکانمان دەزانن.

دەگێڕنەوە کە کەسێک دەچێتە لای عەبدوڵڵا کوڕی عومەر خەلیفەی دووەمی موسوڵمانان و لێی دەپرسێ: ئایا ئەگەر مێشوولەیەک بکوژم دەبێت خوێنەکەی بدەم؟ عەبدوڵڵا لێی دەپرسێت: "تۆ خەڵکی کوێیت؟" کابراش وەڵام دەداتەوە: "عێراق". عەبدوڵڵاش دەڵێت: "ئای لە ئێوە خەڵکی عێراق. کچەزای پێغەمبەرتان کوشت و خەریکی باسی خوێنی مێشوولەن". ئەوکات عێراقییەکان دەبوو لە خوێنی حوسێن بپرسنەوە نەک خوێنی مێشوولە. ئێستاش کە یەک لەسەر سێی وڵاتەکە بەدەست داعشەوەیە، گەورەترین پرسیاری عێراقییەکان ئەوەیە کە ئایا عەلی لەسەر حەق بوو یان معاویە. لە شەڕی معاویە و عەلیشدا، خدر بووە قوربانی.



بێستون عوسمان

bestoon.othman@rudaw.net

# بای بەڕە کۆن

لەوەتەی پرسی سەرۆکایەتی بووەتە گرێکوێرە، باسوخواسی هەڵبژاردنی پێشوەخت وەک بەدیلێک هاتووەتە پێشەوە. لەوەش زیاتر، هەڵبژاردنی پێشوەخت وەک تاکە ڕێگەچارە بۆ چارەسەری سەرجەم گرفتەکان پێشان دەدرێت.

بێگومان پەنابردنەوە بۆ دەنگی گەل زۆر گرنگە و بەرەوپێشچوونێکی زۆر باشە کە پارتە کوردییەکان کاتێک گرفتیان لە نێوان دروستبوو، لەبری چەک، بگەڕێنەوە بۆ ڕای گەل. بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە بە چ ڕوویەکەوە پارتەکان دەچنەوە بەردەم گەل و داوای دەنگیان لێ دەکەن؟

پێمان دەڵێن چی؟ دەڵێن ڕاستە ئێمە ناتوانین وڵات بەڕێوەبەرین، ناتوانین بەبێ هاوکاریی دەرەکی خاک بپارێزین، ناتوانین بتانژێنین، ناتوانین تەنانەت کارەباتان بدەینێ، بەڵام ئێوە پیاوی چاک بن، دەنگمان بدەنێ!

دەڵێن، ئێمە لەکاتێکدا کە نیشتیمان لەژێر هەڕەشەی داعشدایە، خەریکین لەبەر پۆستی سەرۆکایەتی، وڵات دەگەیەنینە لێواری دابەشبوون، بەڵام ئێوە هەر دەنگمان بدەنێ!

جارێکی دیکە دێینەوە سەر بای بەڕە کۆن! وەک بڵێی کەس نە بای دیبێت نە بۆران، گۆرانی خڕکی بۆ سەرکردەکان دەچننەوە و کادرە شەڕەنگێزەکانی پارتەکان شەقامەکان لە خەڵکی دەکەنەوە دۆزەخ؟ هەموو شەوێک هەتا دوو و سێی شەو، بە هۆڕن لێدان و هاتوهاوار ژیان لە هەزاران خێزان تاڵ دەکەن؟

جار جاریش کادری پارتەکان بە سەرخۆشی دەکەونە وێزەی یەک و یەکدی کەلەپاچە دەکەن! دواتر سەرکردەکان بەیاننامە بڵاودەکەنەوە و دەڵێن ئەوە ئاژاوەگێڕی بووە؟

لە هەمووی خۆشتر، سەرلەنوێ دەست دەکەنەوە بە دارشتنەوە و هۆنینەوەی "بەڵێنەکانی هەڵبژاردن"! پێمان دەڵێن: "ڕاستە کەموکورتیمان هەبووە، بەڵام دەستکەوتی زۆریشمان هەبووە و لەمەودوا خزمەتی زیاتریش پێشکەش دەکەین"! بۆ نموونە جارێکی دیکە پەیمانمان پێ دەدەنەوە کە کارەبا دابین دەکەن و بەنزین هەرزان دەکەن.

لەمەش خۆشتر ئەوەیە کە "مووچەدان" دەبێت بە "بەڵێنی هەڵبژاردن"! سەرجەم پارتەکان یەکێک لە یەکەمین پەیمانەکانیان دابینکردنی مووچە دەبێت لەکاتی خۆیدا. پێمان دەڵێن دەنگمان بدەنێ مووچەتان دەدەینێ!

لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا یەکێتی و پارتی شتێکی گرنگیشیان پێ دەبێت، دەڵێن ئێمە کوردستانمان پاراست لە دەستی داعش، ئەی گۆڕان و ئیسلامییەکان چییان کرد؟! وەک بڵێی ئێمە نەزانین کە کوردستان بە خوێنی سەدان ڕۆڵەی ئەم نیشتیمانە و هاوکاریی فڕۆکەکانی ئەمریکا پارێزرا. ئەو پێشمەرگانە کوردستانیان پاراست کە گیرفانیان خاڵی بوو لە پارە و تفەنگەکانیان خاڵی بوو لە فیشەک، نەک سیاسییە تێرەکان! ئەو پێشمەرگانەی کە چیدی ئەوانیش بێئومێد و بێزار بوون لە بەڵێنە بێ ئەنجامەکان!

هەموو ئەمانە بە هەرحاڵ، ئەوەی کە زۆر لەمانە زیاتر جێگەی داخە، ئەوەیە کە جارێکی دیکە بەشێکی زۆری خەڵک هەڵدەخڵەتێتەوە و دەچێتەوە سەر سندووقەکان بۆ ئەوەی دووبارە شانس بداتەوە بەو کەسانەی کە 24 ساڵە شانسیان دەدەینێ و بەبێ ئەنجام.

خۆزگە پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و ئاستی هۆشیاریی دەنگدەری کورد دەگەیشتە ئاستێک کە بیتوانیایە بەدەستی خۆی بەدیل بۆ سەرکردەکانی دروست بکات، نەک چاوەڕێی ئەوە بکات، بەدیل دروست ببێت بۆ ئەوەی بڕیار بدات کە ئایا دەنگی بداتێ یان نا!

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



چنار :
## حەز دەکەم ببمە پێشمەرگە
« 10

**خاوەنی ئیمتیاز :** تۆڕی میدیایی رووداو
**سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر :** سالَح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف :** عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران :** بەختیار مستەفا ، هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

